رۆمانی

# قەدەری ژیان

نووسینی

ڕێبوار فاروق إبراهیم (ڕێبوار شێخانی)

چاپی یەکەم

٢٠٢١

ناوی کتێب: قەدەری ژیان.

نووسینی: ڕێبوار فاروق إبراهیم (ڕێبوار شێخانی).

بابەت: ڕۆمان.

هەڵەچنی: مامۆستا هەڵمەت عوسمان و هاوکار محەمەد.

دیزاین و ڕیکخستن: مامۆستا رەمەزان حەمەدمین.

بەرگ: ئەنجام ئەنوەر. .

چاپخانە: چوارچرا - سلێمانی.

ساڵی چاپ: ٢٠٢١.

تیراژ: (٥٠٠)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی () ی ساڵی (٢٠٢١) ی پێدراوە.

## ســـوپـاس و ڕێــز بۆ:

- بـەڕێزان (مامۆسـتا ڕەمـەزان حەمـەدەمین، مامۆسـتا کـاوە تـەیب، مامۆسـتا بەکر فەیسەڵ، کـاک بەرزان شیوەجانی، مامۆسـتا هەڵمەت عوسمان، مامۆسـتا هاوکار محەمەد، مامۆستا دەوەن مەولود، کـاک هاوکار ڕەنـدی خانی، کـاک ئاری سابیر).

- هـەموو ئەوانـەی هاوکـاربوون لـە ڕێکخسـتنی مەڕاسـیمی چلـەی ماتـەمینی جوانەمەرگ و بەچاپ گەیانـدن و ناسانـدی ڕۆمانی (قەدەری ژیان).

**لە بری پێشەکی:**

زادەی گۆڕانکارییەکان لە چەند ڕوویەکەوە لە مرۆڤ دەردەکەون، یەکێک لە هۆکارەکانی پاڵنەرییە بۆ ئەو کەسانەی کە دەنووسن، بیگومان گرنگیدان و کات بەخشینە بە خوێندنەوە، گرنگ نییە خوێندنەوەکان پەیوەستی بابەتە زانستییەکان بێت؛ یان مرۆییەکان، بۆنموونە ئەو کەسانەی پیشەیان یان پسپۆڕیان وایان لێ دەکات پەیوەستی خوێندنەوە بن. بەڵام پەیوەستبوونێکی دیکە بە خوێندنەوە، بە تەواوی دوورە لە پیشە و پسپۆڕی، ئەو پەیوەستبوونەیە کە لە حەز و خولیا و هۆکارێکەوە سەرچاوە دەگرێت و سەردەکێشێت بۆ عاشقبوون؛ کە عاشقبوونە بە خوێندنەوە.

ڕێبوار شێخانی؛ ڕێبوارێکی ئەم ڕێگەیە بوو، کە عاشقی خوێندنەوە بوو، ئەو هەمیشە وێڵی کۆتا پەرتووکە دەرچووەکان بوو، بەشداریکی کارای پێشانگاکانی کتێب و ئامادەبوویەکی پیشەنگی کۆڕ و سیمینارەکان بوو، بە تایبەتی ئەو مەراسیمانەی تایبەت بوون بە ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێب و بەرهەمە نوێیەکان.

ئەو عاشقەی کتێب، بەشێکی زۆری داهاتەکەی لەپاڵ خەرجی و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و خێزانەکەی بۆ کڕینی کتێب و بەرهەمە تازە بڵاوکراوەکان تەرخان دەکرد.

لە نێو جیهانی خوێندنەوەشدا گرنگی زیاتری بە بواری مێژوو بە گشتی و ڕامیاری و ئەدەب (ڕۆمان و چیرۆک) و یاداشت و بیرەوەرییەکان دەدا.

شێخانی لەگەڵ سەرقاڵی و جەنجاڵ بوونی ژیان، ئەو دەرفەتانەی لەدەست خۆی نەدەدا، کە چەند ساتێک دەرفەتی خوێندنەویان بۆ دەڕەخساند. زۆر بە کەمی بە بێ کتێبێک یان زیاتر دەبینرا، بەردەوام لە شوێنی کارەکەی دەیخوێندەوە، لە گەشتەکانی دەیخوێندەوە، لە ماڵەوە لە دوای کاتی تەرخانکراو بۆ خێزانەکەی دەیخوێندەوە، ئەو عاشقەی کتێب کاتی بۆ خوێندنەوە تایبەت نەدەکرد، بەڵکو خوێندنەوە و تایبەت دەکرد بۆ کات.

بە وریایی و ئاگاییەوە جیهان و کەشێکی تایبەتی بۆ خۆی دەڕەخساند بۆ ئەوەی لە خوێندنەوە دانەبڕێت، لە دانیشتن لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی گفتوگۆیی سەبارەت بە کۆتا کتێب دەکرد کە خوێندبوویەوە، یان سەبارەت بەو کتێبە گفتوگۆی دەکرد کە لەلای گرنگ بوو و خوێندبوویەوە، یان گفتوگۆکانی سەبارەت بە گرنگی خوێندنەوە و زانیارییەکانی بوو لە دوای خوێندنەوەی کتێبێک.

ئارەزوو و حەز و خولیای بەردەوامی بۆ خوێندنەوە، پاڵنەربوو بۆ بیرکردنەوە لەوەی خۆشی بیر لە نووسین و تۆمارکردنی دید و بۆچوونەکانی بکاتەوە، زۆرجار لە لای زۆر لە دۆست و هاوڕێکانی سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ نووسین قسەی دەکرد، لە ماوەی حەز و خولیای بۆ نووسین؛ چەندین بابەتی جیاوازی بە ڕێنووسی خۆی نووسیوە، بەشێکی زۆری لە میدیای نووسرا و سۆشیال میدیا و واڵی تایبەت بە خۆی لە فەیسبووک بڵاو کردووەتەوە.

دواجار لە گۆشەنیگای خوێندنەوەی زۆر و ئەزموون و شارەزا بوونی لە نووسین؛ بڕیاری نووسین دەدات، ڕۆمانی (قەدەری ژیان)، بەرهەمی ئەو عاشقەی کتێب و خوێندنەوە و نووسینە، شێخانی بەر لە کۆچی چاوەڕوان نەکراوی، لەلای چەند دۆست و هاوڕێی خوێنەری باسی ئەم بەرهەمە و قۆناغەکانی نووسینی و ڕووداوەکانی و کارەکتەرەکانی و چیرۆکەکانی و شوێنەکانی کردبوو، بە خۆشەویستی زۆرەوە بەڵێنی دابوو ئەم ڕۆمانە تەواو بکات و بە چاپی بگەیەنێت.

قەدەری ژیان زۆرجار شکست بە حەز و خولیاکان دەهێنێت، بەداخەوە بەو خەون و خولیا جوانانەوە سەری نایەوە و مەرگ دەرفەتی نەدا ئەم ڕۆمانە بە دەستی خۆی بەچاپ بگەیەنێت و بڵاوی بکاتەوە، تاکو ئەو کاتەی لە ژیان ماوە.

دواجار ژمارەیەک لە هاوڕێکانی، بە تایبەت ئەوانەی لە بابەتی خوێندنەوە و نووسین نزیکتربوون لێی، پاش کۆچی دوایی و مەراسیمی چلەکەی، وێڵی دەستکەوتنی دەستنووسەکەی بوون، بە سوپاسەوە خانەوادەکەی

دەستنووسەکەیان بەو هاوڕێیانە سپارد، کە بریتی بوو لە تیانووسێک، بەخەتی خۆی ڕۆمانەکەی نووسیبوو، بە ئامانجی تایپکردن و پێداچوونەوە و چاپ و بڵاوکردنەوەی، خۆشبەختانە ئەو هاوڕێیانەی کە ناویان لە دووتوێی بەرهەمەکەدا هاتووە، خۆبەخشانە ئەرکی تایپ و پێداچوونە و هەڵەچنی و دیزاینکردنیان گرتە ئەستۆ، هەر ئەو هاوڕێیانەی بە هەماهەنگی بڕیاریاندا لەسەر ئەرکی خۆیان بە هاوبەشی خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بگرنە ئەستۆ، ناکرێت بە تایبەتی سوپاسی مامۆستا رەمەزان حەمەدەمین و ماۆستا هەڵمەت عوسمان و مامۆستا هاوکار محمد نەکەین، بۆ ماندوبوون و دڵسۆزییان، لەگەل سوپاسی سەرجەم هاوکارانی تری بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمە.

ئەم بەرهەمە (قەدەری ژیان) کە نۆبەرە و کۆتا کتێبی ریبوار شێخانییە، لەلایەن ژمارە هاوڕێکانی بە هاوکاری خانەوادەکەی پێشکەشی ڕۆحی جوانەمەرگ، ڕێبوار شێخانی و سەرجەم خوێنەرانی دەکەن.

ریبوار شێخانی ( کوڕی کتێبەکان) چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەت پیرۆز بێت و گیانت ئارام بێت، بە دڵنیایی یادگاریەکی ئەبەدی تۆیە بۆ کتێبخانەی کوردی.

بەرزان عمر شیوەجانی

هاوکار رەندیخانی

٢٠٢١ - کۆیە

(١)

له گوندێکی بچکۆلانه له بناری چیایەکی بەرزی هەزار بە هەوراز و دۆڵ و درەختی جواندا، گوند نشینێک سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆی بوو. مام کوێخا پیاوێکی کەڵەگەت و باریکەلە تەمەنی لە سەرووی شەست ساڵی دەبوو، چرچ و لۆچی و خەمی ژیانی بە روخسارەوە دیاربوو، ڕیشێکی سپی و پڕی جوانی هەبوو، هەموو کات وا هەستیان دەکرد؛ کە پیاوێکی توڕەیە. بەڵام سروشتی خۆی وابوو، مام کوێخا لە بەیانییەک لە بەیانییە جوانەکانی کوێستان، لەگەڵ منداڵەکانی لە ماڵەوە لەبەر ئاگردان دانیشتبوو هەموویان بەبێ دەنگی چاویان لە ئاگری ناو سۆبە دارەکە بڕیبوو لەناکاو قوقوی کەڵەشێرێک بێدەنگی ژورەکەی شکاند، کوڕە گەورەکەی کوێخا کە ناوی (حسن) بوو سەری بەرز کردەوە گوتی: دایە ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی ئەم کەڵە شێرەیە،

ماوەیەکی زۆرە گۆشتمان نەخواردوە، دەبا لێی بنێین لەگەڵ قەلە خرمان بیکەینە خوانی نیوەڕۆ.

مام کوێخا بە توندی گوتی: دەنگت لە تێریەوە دێ بۆ نابێ بەس پڵاو ساوار بێت؛

(حسن) با بۆ نابێ؛ بەڵام ئەمڕۆ حەزم لە گۆشتی کەڵەشێرە، بەم سەرمایە گۆشتاوی کەڵەشێر خۆشە. مام کوێخا توڕەبوو وتی: ئەوە نەت خوارد. (حسن) بە ڕاکردن لەبەر دەم ئاگردانەکە ڕایکردە دەرەوە و گوتی: ئێستا کەڵەشێرەکە دەگرم و سەری دەبڕم! مام کوێخا بەدوایدا ڕای کرد بە بۆڵە و پرتە گوتی: کورە (حسن) ئەگەر ئازای دەست لەم کەڵەشێرە دەدەی، بەڵێن بێت دارکاریت دەکەم.

خێزانی مام کوێخا گوتی: پیاوەکە ئەوە بوا دەکەی، دەڵێی شەیتان سواری ملت بووە، کورەکە حەزی لە گۆشتە، مام کوێخا جوابی ژنەکەی نەدایەوە.

بەڵکو زیاتر بەدوای کوڕەکەدا ڕای دەکرد، کاتێک مام کوێخا زانی نایگاتێ، بەردێکی گەورەی هەڵگرتەوە بۆ حسنی هاوێشت؛ حسن لەکاتی ئاوڕدانەوەی بۆلای باوکی پێی لە شاخێک گیر دەبێ و خلۆر دەبێتەوە کەندەلانێک، کە مام کوێخا چاوی بەم دیمەنە کەوت بەڕاکردن چوو بۆ سەر (حسن) کە سەیری کرد دیتی (حسن) هەموو سەروو

چاوی خەڵتانی خوێنە، مام کوێخا بە هەردوو دەستی لە چۆکی خۆی دەدا.

دەی گوت چم لە خۆم کرد،ماڵی وێرانم کردیە هەراو هۆریا، هاواری بۆ خەڵکی ئاوایی کرد تا بێن بە هانایەوە یارمەتی بدەن، خەڵکی گوندەکە بە ڕاکردن هاتن بۆ لای ڕووداوەکە دیتیان (حسن) خەڵتانی خوێنە و بێ هۆش بوو. بە چوار دەستە گەیاندیانە ماڵەوە، خەڵکی گوندەکە دەستە دەستە لە ماڵی مام کوێخا کۆبونەوە، بۆ ئەوەی لە هەواڵی حسن بپرسن، پاش گەڕانەوەی حسن بۆ ماڵەوە دایکی و خوشکی دیتیان دەمووچاوی خەڵتانی خوێنە و لەسەر دەستانە، دەستیان کرد بە خۆڕنینەوەو لەخۆدان، مام کوێخا بە دەنگە گڕ و تاڵەکی بێدەنگ بن، خۆ نەمردوە، تەنها بریندارە، بەسە لەسەر خۆبن دەنگتان دەر نێ، دەنا دەرتان دەکەمە دەرێ، لەبەر ئەو سەرمایە ڕاتان دەگرم.

دایک و خوشکی حسن لە ترسی مام کوێخا بێدەنگ و بوون و فزەیان نەما. هاتن دەستیان کرد بە لەبەر کردنەوەی جلە بە خوێنەکانی (حسن) کە خەڵتانی خوێن ببوو، پاش خاوێن کردنەوەی خوێنەکەی سەری تەماشایان کرد سەری شکاوە، شوێنی برینەکەیان باش پاک کردەوە هەندێک مەرهەمی گیای دروستکراویان لەسەر برینەکەی

سەری دانا، سەریان پێچایەوە دەنگی حسن و ناڵەی حسن دەبیسترا، پاش بەخۆ هاتنەوەی چاوی کردەوە سەیرێکی دەورو بەری خۆی کرد هەموو خانەوادەکەی لەدەوری کۆبونەوە، هەندێ لە خەڵکی گوندەکەشی لە دەوری بوون. کاتێک(حسن)چاوی کردەوە مام کوێخا زۆر خۆشحاڵ بوو، زەردە خەنەی کەوتە سەر لێوان، لە خۆشیان فرمێسکی لەچاو دەهاتە خوارێ. دەورو بەرەکەشی بەم شێوەیە بوو، حسن ویستی هەڵسێتەوە، بەڵام نەیتوانی پێی لە ئەرزی بچەقێنێ لەبەر ژانی قاچەکانی، فرمێسک لە چاوەکانی (حسن)دەهاتە خوارێ. مام کوێخا گوتی: دایبنێن بەقوربانە لەوانەیە قاچی شکابێ یان لە جێ چووبێ بەدوای مام خدری بەیتار بنێرن، بابێ تەماشای بکات چارەیەکی بکات، بەڵام لەماڵ نەبوو چو بوو بۆ شار، لەوێ ببێتە پاسەوان لە یەکێ لە باڵەخانەکان تا مانگێکی تر نایەتەوە، دایکی (حسن) بە پەشۆکاوی گوتی: مام خدر لەماڵ نییە، بووەتە پاسەوان وا زوو نایەتەوە، خوا دەزانێ کەی دێتەوە، پیاوەکە دەبێ چارەیەکی بکەی ئەم کوڕە بەم ئازارەوە دەمرێت، خەریکە شێت دەبێت.

مام کوێخا گوتی چارەم نییە، دەبێ بیبەمە ئەو گوندەی دراوسێمان بەیتارێکی لێیە ناوی حمە غەریبە دەڵێن

بەیتـارێکی باشـە، بەڵام ڕۆژە ڕێـیەک دوورە، گوێـدرێژەکەم بـۆ ئامـادە بـکەن بالەسـەر پشـتی گوێـدرێژەکە دای بنـێم و بیبەستمەوە خێرا بیبەمە لای (حمە غریب) کە بەیتـارێکی بە ئەزمـون و شـارەزایە لە هەمـوو نـاوچەیەک خەڵـک دێـن بـۆ لای، حسن گوتی: بابە ئێستا کـات درەنگە شـەومان بەسـەر دێ، زۆر سـەرمایە و بـاران دەبارێـت، هەر چۆنێـک بێـت ئەمشەو خۆم ڕا دەگرم بەڵام بەیانی زوو زوو دەڕۆین. مام کوێخـا گـوتی: کـوڕم مـن لەبەر تـۆمە، دەنـا منـیش دەزانـم ئێستا کات درەنگە و شەومان بەسەر دێ، خەڵکی گوندەکە هەر کەس ڕۆیشـتەوە مـاڵی خـۆی. مـاڵی مـام کوێخـاش هەموویـان بەبـێ دەنگـی لە دەوری حسـن لەدیـار ئـاگردان کۆبـونەوە، مـام کوێخـا هەر دەهـات و دەچـوو پەکـوف، پەکوفی بوو، لەناخەوە پێی لە هەڵەی خۆی دەنا، بەڵام تـازە کار لە کار ترازاوە، نانی شیوان هات، هەندێک نانیان خوارد بەڵام (حسـن)نانی نەخـوارد تەنهـا چـایەکی خـوارد شـەو درەنـگ داهـات، هەموویـان لە دەوری سـۆپا دارەکەو حسـن چەویـان لـێ کەوت، تەنهـا حسـن لەبەر ئـازاری قـاچی خەو نەدەچـووە چاوەکـانی، جـار جـارە مـام کوێخـا تەماشـایەکی (حسـن)ی دەکـرد ئەویـش خەوی لـێ نەدەکەوت دەی گـوت: حسن کوڕم ئازارت هەیە، حسن لەبەر دڵی باوکی دەیگوت:

نا بابە گیان ئازارم نییە، بەڵام حسن تا بەیانی لەبەر ئازاری قاچی خەو نەچوە چاوەکانی، ئارامی نەبوو، پاش بانگدانی کەڵە شێرەکە، هەمووان لەخەو هەستان، دایکی حسن لەگەڵ خوشکە گەورەکەی خەریکی نانکردن بوون، بۆنی نانی گەرمی ناو ناندێنەکە بەم ناوەدا بڵاو ببووەوە بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو، پاش نانکردن خوشکی حسن هەستا بە دانانی نانی بەیانی، سفرەکەی دانا ئەوەی کە هەیان بوو لەسەر سفرەکە دایان نابوو، مام کوێخا ناوی خوای لێهێناو دەستی کرد بە نان خواردن، هەمووان لە دەوری کۆبونەوە دوای نان خواردن مام کوێخا کە هەر زوو خۆی ئامادەکردبوو گوێدرێژەکەی ئامادە کردوو حسنی سواری سەر پشتی گوێدرێژەکە کرد. خواحافیزی لە ماڵەوە کرد، بە دڵێکی غەمبار و هەناسەیەکی سارد ڕۆی و بەڕێکەوتن.

ئەو ڕۆژە زۆر سارد بوو، هەوری سپی سەری لە زەوی نابوو، ئاسمانی داپۆشی بوو، ئەوەندە سەرد بوو، لەهەر شوێنێک ئاو هەبوبا بەستا بووی، تفت هەڵدابا دە مەیی، یەک جار سارد بوو، کاتژمێرێک دەبوو بەڕێ کەوتبوون لە ڕێگادا بەفر بارین دەستی پێ کرد مام کوێخا لەپێش گوێدرێژەکە دەڕۆیشت، سەری بەبەر خۆی نابوو بیری دەکردەوە، لەسەر خواردنی کەڵەشێرێک چی بەسەر خۆی

هێنـــاوە، لەبەر خـــۆیەوە دەیگـــوت: ئەم بەڵایە چیبـــوو بەسەرمان هات. بەڵام هەر خۆی دڵی خۆی دەدایەوە دەی گوت: ئەوە کاری خودایە، بە کەس ڕەت ناکرێتەوە. لەبەر خـــۆیەوە هەر دوعـــای بـــۆ کـــوڕەکەی دەکـــرد لە خـــودا دەپاڕایەوە کە کاریان بۆ ئاسان بکات، هیوای چاکبوونەوەی بۆ کوڕەکەی دەخواست بەفرەکەش بەردەوام دەباری، تا دەهات زیادی دەکرد، لەم دەشت و چۆڵە ئەم باوک و کوڕە دەڕۆیشتن زەوی یەک پارچە سپی بوو، سەرما و سۆڵەکە زۆر بەهێز بوو، تا دەهات تینی بۆ دەهێنان، (حسن)لەسەر پشتی گوێدرێژەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، کە ئاسمان باران بوو، دونیایەکی کش و مات، دەت گوت بەنی ئادەم لەسەری نەبـــووە؟و نەژیـــاوە. هەرچەنـــد دەڕۆیشـــتن توشـــی کەس نەدەبوون، ناوە ناوە مام کوێخا دەیگوت: حسن کوڕم باشی؟ حسن ناڵەیەکی لێ دەهات و دەیگوت: باشم بابە گیان تا دەهات بەفرەکە زیادی دەکرد کەشەکە زۆر ساردی کردبوو، مام کوێخاو حسن زۆر هیلاک بوون، سەرمایەکە تەواو بێزاری کردبوون.

کات گەیشتە نیوەڕۆ و دونیا یەک پارچە سپی بوو، وەکو زیو دەبریسکایەوە، (حسن)لەبەر ئازاری خۆی لەسەر پشتی گوێدرێژەکە خۆی مات کردبوو، مام کوێخا ناوە ناوە

بە دەستی خۆی بەفری لەسەر پشتی کوڕەکەی لادەدا و لێی دەپرسی کوڕم حسن ئازارت هەیە؟ (حسن)زۆر بە خۆڕاگریەوە لەبەر دڵی باوکی دەیگوت زۆر باشم بابە گیان خەمت نەبێت. مام کوێخا گوتی کوڕم دەچینە بن ئەو ئەشکەوتە، بۆ ئەوەی لەوێ کەمێک بحەسێینەوەو نانی نیوەڕۆ بخۆین. مام کوێخا گوێدرێژەکەی ڕاکێشایە؟ناو ئەشکەوتەکە. (حسن)کە بە قاچەک غیرەتی دایە بەر خۆی لەگەڵ باوکی کە بن هەنگری گرتبوو هاتە خوارەوە چونە ناو ئەشکەوتەکە. لەناو ئەشکەوتەکە هەندێک داری وشکی کۆکراوەیی دانرابوون، کە پێشتر شوان کارەکان کۆیان کردبۆوە بۆ کاتی پێویست. مام کوێخا خێرا و دەستو برد هەندێک داری خستە سەر یەک ئاگرێکی گەورەی کردەوە لەگەڵ(حسن)ی کوڕی خۆیان گەرم کردەوەو هەندێک هاتنەوە سەر خۆ. (حسن)بەهۆی گەرمی ئاگرەکەوە هەستی کرد ئازاری کەم بوەتەوە، دیاربوو ئاگرەکەی زۆر پێ خۆش بوو، مام کوێخا ئەو تورەگەیەی کە لەماڵەوە پێویستی ڕێگایان بۆ تێکردبوو، پڕ بوو لە نان وهێلکەی کولا و پەنیر و هەنگوین و شەکر و چا، خێرا وەک کوڕێکی ئازا هێنایە بەر دەستوو دەستیان کرد بە نان خواردن(حسن)زۆری برسی بوو چونکە ئێوارە؟نانی پێ

نەخورابوو بۆیە نانێکی باشی خوارد، دوایە مام کوێخا لە قۆریەکی ڕەش چایەکی تێکردبوو چایەکەی پڕ کردبوو لە دارچین و گوڵە باخ و هێل، بۆنی خۆشی چایەکە ناو ئەشکەوتەکەی پڕ کردبوو، بەس بە بۆنی چاکە تێرت دەخوارد، هەردووکیان ئەوەندە چایان خواردەوە تاکو قۆریەکەیان بەتاڵ کرد.

بەفرەکە ئەوەندە زۆر باریبوو هەموو زەوی سپی بووبوو، سەرمایەکی زۆر بەتین و بەسۆی هەبوو، دونیایەکی کش و مات کەتەنها گوێبیستی قرچە قرچی سووتانی دارەکان دەبوون، کە بۆ خۆ گەرم کردنەوە هەڵیان کردبوو. تەنانەت جریوەی چۆلەکەش نەبوو لەم، ناوە ناوە هەردووکیان بەبێ دەنگی تەماشایی پۆلی ناو ئاگرەکەیان دەکرد، کە وەک و گوڵێکی نیسان سوور بووبونەوە.مام کوێخا بەدەم خۆ گەرم کردنەوە دەیگوت: چیم بەخۆم کرد، لەسەر سەربڕینی کەڵەشێرێک، چۆن ئەم بەڵایەم تووشی خۆم کرد، چ بەزمێکم بەسەر ئەو کوڕە داهێنا، سەری خۆشم بە قوردا کرد. مام کوێخا هەر خۆی دڵی خۆی دەدایەوە و دەیگوت: دەی دەی ئەوە قسمەتەو هەر دەبوایە وابوایە. حسن لەبەر ئازاری قاچی جار جارە نارەیەکی لێ دەهات، و بەڵام نەیدەویست بەسەر خۆی

بهێنێت و مام کوێخای باوکی هەست بە ئازاری کوڕەکەی نەکات، مام کوێخا هەر کاتێک تەماشایی حسنی کوڕی دەکرد ناو دڵی ژانی دەکرد ئەوەندەی سوڵی دەبۆوەوە، بەردەوام پەنجەی پەشیمانی دەگەست، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە و ڕووداوەکە ڕوویداوە. دوای نان و چا خواردنەوە، ماندوو بوونیان حەسایەوە، مام کوێخا گوتی: کوڕم ئەوها با بەڕێ بکەوین بەشکم بۆ ئێوارە بگەینە گوندی مام غەریب، بەڵکو ئەوە خوایە چارەیەکت بکات، مام کوێخا تەماشایەکی دەرێی کرد دیتیی بەفرەکە زۆر زیادی کردووە، خەریکە بەردەم ئەشکەوتەکەیان لێ دەگیرێت.

مام کوێخا گوتی کوڕم شەومان بەسەر دابێت بەردەمی ئەشکەوتەکەمان لێ دەگیرێت ئەو کاتە دەرچوونمان زەحمەت دەبێت، خێرا مام کوێخا تورەگەی خواردنەکەی خر کردەوە. گوێدرێژەکەی هێنا پێش بۆ ئەوەی حسن بەئاسانی بەسەر بکەوێت، حسن هێزی بەبەر خۆی دا، بەڵام نەیتوانی تەنها راستیش بێتەوە، باوکی بن هەنگڵی گرت و یارمەتی دا تا سواری سەر پشتی گوێ درێژەکەی کرد، ئینجا هەردووکیان بە تەواوی خۆیان پێچایەوە و لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە، کە سەیری دەورووو بەریان دەکرد دیتیان زەوی یەک پارچە سپی پۆشیوە، دەڵێی زیوە

دەبریسـکێنەوە مـرۆڤ ناتوانێـت پـڕ بە چـاوانی سـەیریش بکات.

بەفـرەکە ئەوەنـدە زۆر بـاریبوو ڕێگاکـانی هەمـوو بـزر کردبـوو، بەڵام بەو حاڵەشـەوە مـام کوێخـا شـارەزاییەکی باشی لە ڕێگا و بانەکاندا هەبوو، بەناوی خوا کەوتنە ڕێ بەفـریش بەردەوام دەبارێـت کڵـۆی گەورە گەورە دەبارێـت بەردەوام ڕووی لە زیاد بوون دەکرد، مام کوێخا بە ئاستەم بەرچـاوی خـۆی دەدیـت، ڕێگـایەکی زۆریـان مـابوو، بەڵام بەهەر حاڵ دەبوو بچن مام کوێخا گوێدرێژەکەی رادەکێشا، زۆر هیلاک و ماندوو بووبوو ناو ناوە دەیگوت: ئەی چیم بەسەر خۆم هێنا؛ چیم لەخۆم کرد، ئەوەندە بەفرەکە زیادی کردبوو مرۆڤ بەحاڵ پێش خۆی دەبینی. ئەوەندە ماندوو و شـەکەت بووبـون بەلاڕێ دا دەڕۆیشـت، کـات پـێش نـوێژی مەغریــب و پــێش ڕۆژئــاوا بــوونە، نە گونــدەک دیــارە نە ڕێبوارێک، تەنانەت گورگ و ڕێویش دیار نەبوون، ئاژەڵی کێوی لەو سەرما و سۆڵە خۆیان لە هێلانەکانی خۆیان مات کردبـوو، مـام کوێخـا لە پـێش گوێـدرێژەکەوە دەڕۆیشـت و ڕێگای لێ ون بوو، نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت،... کڕێوە و بەفرەکە وردە وردە کەم بۆوە خۆرئـاوا بـوو تـاریکی بـاڵی بەسەر دونیا کێشـا، بەڵام بەهـۆی زۆری بەفـرەکە کە زەوی

یەک پارچە سپی بوو تا ڕادەیەک مرۆڤ بەر پێی خۆی دەبینی، لە ناکاو مام کوێخا بەرچاوی خۆی لێ ون بوو کەوتە ناو چاڵێک، هاواری مام کوێخا (حسن) ی کوری بەهۆش خۆی هێنایەوە کە دەمێک بوو لەسەر پشتی گوێدرێژەکە خۆی مات کردبوو، (حسن) هاواری کرد گوتی باوکە چی بوو چیت بەسەر هات. مام کوێخا وەڵامی دایەوە بە نارەنار گوتی: ڕۆڵە پێدەچێت قاچم شکابێت ناتوانم بیجوڵێنم، (حسن) گوتی: باوکە وامەڵی بۆ راهی خودا، ئەوها بێت هەتا بەیانی ڕۆژ دادێت، هەردووکمان لەسەرما رەق دەبینەوە و دەمرین، کڕێوەی بەفرەکە جار جار زیادی دەکرد جار جارەش کەمی دەکرد، بەفرێکی ئەوەندە زۆر باریبوو پاش ماوەیەک بە تەواوی تاریکی کرد، بەڵام بەفرەکە لێی کردەوە ئاسمان یەک پارچە ساماڵ بوو دەتگۆت زیوە، ئەستێرە گەش و جوانەکان هەموویان بەدیار کەوتن بریسکەیان دەهات، بۆنی خۆشی خاک و بەفر ئاوێزانی یەکتر بووبون، جوانی ئاسمان مرۆڤی سەر مەست و وێران دەکرد، دواتر کزە بایەکی زۆر ساردی هەڵکرد دنیای دەبەستا.

ئینجا پۆل پۆل مەلەکان بە ئاسانی دەفڕین و جریوەی خۆشیان لێدەدا کاتێک بەسەر سەری مام کوێخادا ڕەت

دەبوون خۆشیەک بە دڵی مام کوێخادا دەهات، (حسن) یش سەر بەرز بوو سەیری ئاسمانی دەکرد. مام کوێخا بەدەم ئازاری قاچەکانی لەبەر خۆیەوە دەیگوت مەلەکان. خۆزگەم بە خۆتان کە دەتوانن بفڕن بە ئاسماندا. حسن گوتی: باوکە چی بکەین چارمان چییە، مام کوێخا گوتی: چاوەڕوانی بەزەیی خوا دەکەین، خودا بەندەی خۆی بە تەنها جێ ناهێڵێت، وردە وردە شەو درەنگی دەکرد و دونیایەکی کش و مات دەتگۆت کە کەسی تێدا نەژیاوە، شەوێکی زۆر سارد بوو لەم کاتەدا ڕێویەکی قەڵەو چەند مەترێک لەبەردەم مام کوێخادا دوور بوو دەرکەوت، بە چاوی بەزەیی سەیری دەکردن دەت گوت دەزانێت کە ئەمانە قاچیان شکاوە ناتوانن جوڵە بکەن، هەروا بێ خەم ڕاوەستا بوو، (حسن ) لەم کاتەدا تەماشایی سەر و سیمای ڕیویەکەی کرد و گوتی: ئەگەر وا نەبووام ئێستا دەمزانی چۆن بە قوربانی یەک فیشەکم دەکردی و گۆشتەکەم دەکردە ژەمێکی باش و پێستەکەشم بە دیواری دیوەخان هەڵدەواسی، ڕێویەکە وەک ئەوەی لە زمانی (حسن) تێبگات، یەک دوو جار چاوی لێک ناو کردیەوە، تەماشایەکی (حسن) ی کردو لێیدا و ڕۆی، لەبەر چاوان ون بوو مام کوێخا و حسن لەبەر ئازاری

قاچیان حەوانەوەیان نەبوو سەرمایەکە کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو.

شەو درەنگ تری کرد سەرمایەکی بەسۆ بوو، مام کوێخا بەرگەی ئەم سەرمایەی نەگرت و لە هۆش خۆی چوو، کاتێک(حسن)بانگی باوکی دەکرد هەر لەسەر پشتی گوێدرێژەکە بوو مام کوێخا هەر لە چاڵەکە بوو دەمێک بوو بێ هۆش ببوو حەسن دوسێ جار بە توندی بانگی باوکی کرد، بەڵام مام کوێخا دەنگی نەبوو، حسن لەتاو باوکی هەرچۆنێک بێت بە یەک قاچ لەسەر گوێدرێژەکە هاتە خوارەوە خۆی گەیاندە باوکی. گوێدرێژەکە لەشوێنی خۆی جوڵەی نەکرد.

(حسن)چەند جار باوکی راتەکاند، گوێی بە دڵیەوە ناو زانی کە باوکی ماوە، بەڵام بێ هۆش بووە، ئەمجا حسن بە هەموو هێزی خۆی لەم دەشتە سارد و سڕە لەناو تاریکی شەوە زەنگدا هاواری دەکرد کێ گوێی لێمە! کێ گوێی لێمە! هاوکاریمان بکەن یارمەتیمان بدەن! تکایە کێ گوێی لە دەنگمە!

(حسن)ئەوەندە کاری تێکردبوو بە لە هۆش چوونی باوکی، لە تاوان دەیگوت: گورگەکان؟ چەقەڵەکان؟تکایە یارمەتیمان بدەن؟ ئیمشەو لێرەبین دەمرین لە سەرمان،

بەڵام کەس گوێی لە هات و هاواری حسن نەبوو (حسن) تاوەکو نوزەی مابوو هاواری کرد، کاتێک ئەویش بوورایەوە، هەر لەبەر ئەم سەرما و سۆڵە گوێدرێژەکە هەر لە ڕاست خۆی هەر لەسەر قاچەکانی خۆی ڕەق بوو دەتگوت شاخی رەقە لەوێ ڕاوەستاوە، کات درەنگ و نیوەی شەوە. لەناکاو سێ ڕاوچی بە ئەسپ و چەک و فیشەک دانەوە بەو ناوەدا تێپەڕین یەک لە ڕاوچیەکان گوتی کوڕینە ئەوە چیە بوەستن دەڵێی کەسێکی بەستوە با بچین. کە چوون دەبینن دوو پیاو کە یەکێکیان پیرە و ریشێکی سپی جوانی هەیە، ئەوی تریان گەنجێکە تازە سەر و سمێل و ریشی هاتوە، ڕیشێکی رەش و پڕ و جوان، لەوێ ڕەق بوون سەرما بەستونی کاتێک یەکێک لە ئەسپ سوارەکان هاتە خوارەوە دەستی لەسەر دڵی دانان، زانی هەردوکیان ماون دڵیان لێ دەدات و هێشتا لە ژیان ماون بەیەکەوە هەرسێ ئەسپ سوارەکە مام کوێخا و حسن یان سەرخستە سەر ئەسپەکانیان و بەسیاننەوە، سەیری گوێدرێژەکە دەکەی نەماوەو تۆپیوە کەل و پەلی سەر پشتی گوێدرێژەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەڕۆن. کاتژمێرێک لە گوندەکەی خۆیان بە پیادە دورە پاش ماندوبونێکی زۆر دەگەنەوە ماڵەوە.

ئەم گوندەش پێک هاتبوو لە چەند بەرە بابێک هەموو خەڵکی گوندەکە ئامۆزاو برازا و خزمی یەک بوون، لە پیاوەتی و ئازایەتی و نان دەری وێنەیان نەبوو، کەم وێنە بوون هەر ڕێبوارێک بەوێدا گوزەری بکردایە دەبوو ئەگەر بۆ ژەمێکیش بوایە میوانداریان دەکرد و دەبوایە نمەکی گوندەکەی بکردایە و خزمەتێکی باشیان دەکرد، بەڵام ئەم گوندە لەمێژ بوو توشی دوژمن داری بووبوون لەسەر کێشەی زەوی و زار لەگەڵ ئاغایەکی زۆر دار کە خۆی بە خاوەنی هەموو زەوی و زاری گوندە دەزانی، خەڵکی گوندەکە هەموو یەک دەنگ یەک هەڵوێست بوون بەرامبەر دوژمنەکانیان خەڵکی گوندەکە ئەم سێ برایەیان زۆر خۆش دەویست و بە براگەورەی خۆیان دەزانین وەک ئەوەی بلێین ڕیش سپی گوندەکە بوون بەتایبەتی(میرزا)کە برا گەورەیان بوو ڕەزا برا ناوەجی بوو و حمید برا بچووک بووە خۆشەویستیەکی زۆریان بۆیان هەبوو، ئەم سێ برایەش ریزێکی زۆریان لە خزم و کەس و کاری خۆیان دەگرت ئەو سێ برایەش ئەو سێ ڕاوچیە بوون، کە توشی مام کوێخا و (حسن)ی کوڕی بون و هەڵیان گرتنەوەو بەرەو ماڵی خۆیان بردنەوە، کاتێک گەیشتنەوە ماڵی (جاسم)و(قاسم)کە ئامۆزای ئەو سێ برایە بوون کە

ئەوانـیش لە ڕاو بـوون کاتێـک چاویـان بە دیمەنـی سـەر ئەسپەکانیان کەوت، چوون بەرەو پیلیانەوە بە تەنگە تاوی (جاسـم)گوتی ئـامۆزا (میرزا)چـی بـووە ئەم لاشـانە کـێن (میرزا)گـوتی: هـیچ نەبـووە ئەمـانە لە چاڵێـک کەوتبـوون سـەرما ڕەقـی کردبونەوە بە فریـا یـان کەوتـین، ئەگەرهەتـا سـبەینێ لەوێ مابـان ئەوە لەسـەرمان ڕەق دەبـونەوە و دەمـردن، بەڵام ئـێمە لەگەڵ خۆمـان هێنامـاننەوە بەڵکـوو چارەیەکیان بکەین و بزانین ئەمانە کێن، جاسم گوتی: باشـە ئەمـانە بۆ لەم چـاڵە بـوون دەبێ پیـاو خـراپ لێـی نەدابـن روتیـان نەکـردبنەوەو بەنـاوی مـردن بەجێیـان هێشـتبێتن. (میرزا) گوتی باوڕ ناکەم کەس لەمـانەی دابێت چـونکە هـیچ شـوێنێکیان برینـداری پێـوە دیـار نییـە. کاتێـک گەیشـتنەوە حەوشـەی مـاڵەکە، حەوشـەیەکی گەورەبـوو حەوشـەکە هەمـــــووی بە بەردی شـــــاخ وەک فەرش ڕاخرابـــــوو حەوشـــەیەکی رازاوە جـــوان و ســـەرنج ڕاکـــێش بـــوو نافوڕەیەکی گەورە لەناوەڕاستی حەوشـەکەیان بـوو دەورو بەری حەوشەکەیان هەموو داری پرتەقاڵ و لیمۆو نـارنج و سـندی دەوری حەوشـکەی رازانـدبۆوە خانوەکەیـان دوو نهۆمی بوو، لە هەشت ژوری گەورە و مەتبەخ و مەخزەنێک پێـک هـاتوە بەهەر چـوار دەوری ژوری خـانوەکە بـن

هەیوانێکی جوان و سەرنج ڕاکێش هەبوو دیوەخانەکەیان لە هەموویان گەورەتر بوو جێگای سەت پیاوی تێدا دەبویەوە، میراز و براکانی، مام کوێخا و حسنی کوڕیان برد بۆ دیوەخانەکەو لەسەر مافوری نەرم و گەرم درێژیان کردن(ڕەزا)خێرا دەست و برد سۆپای دارەکەی ئاگردا، بە ماوەیەکی کەم پلێسە ئاگری ناو سۆپەکە سۆپاکەی سور کردەوە ژورەکەی وردە وردە بەرەو گەرم بونەوە چوو ژورەکە بەتەواوی گەرم بوو سێ برایەکەش خۆیان گەرم کردەوە. (میرزا)گوتی: (ڕەزا) وەرە لەگەڵم با ئەو جل و بەرگانەیان لەبەر بکەینەوە و جل و بەرگی وشکیان لەبەر بکەین، بەڵکو کەمێک بحەسێنەوەو خودا شیفایان بدات، بەڵکو ئەوە خودایە چاوەکانیان بکاتەوە (ڕەزا) گوتی: بەڵێ کاکە گیان هەر ئێستا دەست و بردیان لێ کردوو جل و بەرگیان لەبەر کردنەوە کە تەماشایان کرد هەردوکیان قاچیان شلە و وا هەستیان کرد شکابێت خێرا جل و بەرگی خاوێنیان لەبەر کران و (میرزا)ئەم شەو سێیە سێ شەو رۆشتوە تازە درەنگە هیچ ناکرێ بەیانی خودا یارمەتی بدات ئەوەی پێویست بێ بۆیان ئەکەین، بەدوای بەیتارێک دەگەڕێین بەشکم چارەیان بکات، تازە ئەم سێ برایە لەڕاو هاتبونەوە زۆر ماندوو هیلاک بوون، (ئەسمەر) خوشکی

(میـــرزا) گـــوتی: کـــاکە ئێســـتا نانتـــان بـــۆ ئامـــادە ئەکەم(میرزا)گوتی: نـا خوشـکم ئـێمە زۆر مانـدوین کەمێـک دەخەویـــن بەیـــانی کە هەڵســـاین نـــان دەخـــۆین ئەو کەروێشکانەی گرتومانن بۆ نانی نیوەڕۆ بۆمان ئامادە بکەن بەڵکو ئەو میوانانەش بەخۆ بێنەوە، (ئەسمەر) بەچاوان کاکە گیان ئەوەی تۆ بیلێی وادەکەم.

کەوایە با چایەکتان بدەمێ تازە چام بۆ دروست کردون بەڵکـو هەناوتـان گەرم بێتەوە میـرزا گـوتی باشـە خوشـکم ئەسـمەر خێـرا دەسـت و بـرد بیهێنە چـای بـۆ هێنـان بـۆنی چایەکە ئەم نـاوەی پڕ کردبوو پیـاو تێری لـێ نە ئەخـوارد میرزا و ڕەزا و حمید لەگەڵ جاسم و قاسمی ئامۆزای سـەر و دووسێ چای گەرمیان خواردەوەو گەرم بوونەوە، ئەوجا قاسـم گـوتی کـاک (میرزا)شـەو چەنـد سـعاتێکی مـاوە ئەگەر کارێکتان بە ئێمە نییە دەڕۆیـن کەمێـک دەخەویـن بەیـانی کە هەڵساین دێین بـۆ ئێرە هەرچیەکمـان پـێ بـاش بـوو بـۆ ئەم میوانـانە بۆیـان دەکەیـن (میرزا)گـوتی: زۆر سـوپاس ئـامۆزا گیان خواتان لەگەڵ تازە هـیچ کارێکمـان لەدەسـت نـایەت تـا ڕۆژ ئەبێــتەوە جاســم و قاســم خــوا حافیزیــان کــرد و لە دەرگـــای حەوشـــە ڕۆشـــتنە دەرەوە (میـــرزا)ش دەرگـــای حەوشەی داخست کە دەرگایەکی پتەو بوو، لە داری گوێز

دروست کرابوو تەمەنێک بوو هەبوو، بەڵام هەر بە پتەوی مابۆوە.

بە قادرمەکانی حەوشەدا دیقەتی دەرچونی قاسم و جاسمی دا چووەسەر بانی خانوەکە تاوەکو لە چاوانی بزر بوون کە سەیری دەکردن دواتر میرزا هەستێکی لە دەوروبەری خانوەکەی ڕاگرت و تەماشایەکی دەورو بەری ماڵەکەی کردو بەبێ دەنگی هاتەوە دیوەخان کە هاتەوە دیتی هەردوو براکەی خەویان لێ کەوتبوو ئەویش بەبێ دەنگی لەدیار ئاگری سۆپا دارەکە دانیشت هەر بیری لەم دوو پیاوە دەکردەوە کە وەک مردوو ڕاکشابوون، بێ هەست و خوست بوون، دەی گوت: دەبێ بەسەر هاتی ئەمانە چی بێت بۆ بەم شەوە کەوتونە ئەو چاڵە بەفرەوە دەبێ چ کێشەیەکیان هەبێت هەر لەم بیرکردنەوانە بوو تیشکی خۆر لە پەنجەرەی ژورەکە هاتە ژووری خۆر هەڵات و (میرزا)سەیرێکی دەرەوەی کرد و بە دەوری خانوەکەی خۆیان سوڕایەوە سەیری شاخ و دۆڵەکانی دەکرد کە یەک پارچە بەفرە و دەڵێی زیوە دەبریسکێتەوە، پیاو ناتوانێ پڕ بە چاوانی تەماشای ئەو بەفرە بکات کزە بایەکی زۆر ساردی دەهات و دونیا ساماڵ بوو ئاسمان دەتگوت کۆتری شینە سەرمایەکەی ئەوەندە بەستوبو،

ئەگەر ناچاری نەبێ ڕوو لە دەرەوە ناکرێ، لە هەموو ماڵە گوند نشینەکان دوکەڵی شینی سۆپای دار لەسەر بانەکان دەبینرا.

دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو، دەنگی قاڕەی مەڕ و ماڵات و بەرخ و قاڕە قاڕی بزن و کاریلە و قوقە قوقی کەڵە شێر ئاوازێکی بەسۆزی بەر گوێی مرۆڤ دەخست. کاتێک (میرزا)بەرەو نان‌دێنەکە چوو، بینی ئەسمەری خوشکی لە نان کردن بۆتەوە، لەسەر تلیانەیەک شەش حەوت کولێرەی بە پەنیری بۆ کردوین و قۆری چاکە دیتم کراوەتە سەر پۆلە ڕەژوەکانی ناو نان‌دێنەکە بۆنی خۆشی هێل و گوڵەباغی ناو چاکە مرۆڤی سەر مەست دەکرد دەمار بە دەمار ئەم بۆنە دەچوە ناو مۆخی مرۆڤەوە، بۆنێکی زۆر زۆر خۆشی هەبوو، میرزا بە ڕووخۆشی لەگەڵ خوشکی دەدوا گوتی ماندونەبی خوشکە جوانەکەم وا دیارە ئەمرۆش لەنان کردن بۆتیەوە، ئەسمەر کە تازە لەبەر نانکردن هەستابوو ڕومەتەکانی ئەوەندە سورو جوان بوو دەتگوت کوریکە، پێش کوتوە، چاوە ڕەش و جوانەکان بریسکەیان دەهات پرچی رەش کردبوو بە دوو کەزی بەهەر دوو لا شانی شۆڕ بووەوە بریسکەیان دەهات، پرچیش شۆڕ بووبەوە خوار پشتی ناو قەدی ئەسمەر

باریکەلە دەتگوت شمشاڵە چەندی بلێی کەڵەگەت مرۆڤ دڵی نەدەهات پڕ بە چاوانی سەیری ڕوخساری بکات.

ئەسمەر بە شەرمێکی کچانەوە زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی بێ ئەوەی سەر هەڵ بڕێ بەرامبەر بە کاکی (میرزا)گوتی: بەڵێ کاکە گیان لێبویتمەوە کولێرەی بە پەنیرم بۆ دروست کردون، میرزا دەک دەستت خۆشبێ خوشکێ گیان دواتر ئەسمەر ڕوی لە کاکی کرد بە شەرمەوە گوتی: کاکە دەبێ میوانەکان بەهۆش خۆیان نەهاتبنەوە(میرزا)گوتی: دەمێکە هاتومە دەرێ ئەوکات بەهۆش خۆیان نەهاتبونەوە، بەڵام سەیرم کرد دڵیان باش لێ دەدات بەهیوای ئەوەی خوای گەورە بەهۆش خۆیان بهێنێتەوە بزانین ئەمانە کێن و لەکوێوە هاتون و چ کارەن.

ئەسمەر گوتی: کاکە ئەمانە لە ڕاوچی ناچن چونکە هیچیان پێ نەبوو، (میرزا)گوتی: خوشکێ کێ نالێ پیان نەبوە لێیان سەندون(ئەسمەر ڕاستەکەی کاکە)ئیانجا ئەسمەر چو قۆریە و تکری لەسەر پۆلی ڕەژوو بوو هەڵی گرت و بەرەو دیوەخان چون، تاوەکو سفرەی بەیانی ئامادە بکات و نانی بەیانی بخۆن.

کاتێک چووە ژوورەوە چاوە ڕەش و جوانە بە بریسکەکانی ئەسمەر بەرامبەر چاوی (حسن)کە تازە

کرابۆوە بەهۆش خۆی هاتبۆوە بە نیگا کردنێک شتێک چەقا ماوەیەک هەردوکیان سەیری یەکتریان دەکرد ئەسمەر لە ناخەوە هەستی بە دڵە خورپەیەک کرد (حسن)یش هەروا چاوی کراوەتەوە ئێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت سەیری ئەسمەری دەکرد ئاخۆ ئەمە خەونە یان تۆ بڵێی ڕاستیە من لەکێم ئێرە کوێیە.

(حسن)یش گەنجێکی زۆر جوان وسەرنج ڕاکێش بوو تازە سەر و ڕیشی هاتبوو ڕیش و سمێڵێکی ڕەش وەک قەتران ڕومەتێکی جوان و پڕی هەبوو چەناگەی قوڵ بوو لەگەڵ لا ڕومەتێکی قوڵ بوو خاڵێکی ڕەش لەسروی سمێڵی هەبوو ئەوەی یەکجار حسنی بدیبوایە ئاشقی دەبوو ڕەنگی گەنمی بوو ئەسمەر (٢٠) بەهار دەبوو.

لەم کات و ساتەدا(میرزا)بەژوور کەوت گوتی خوشکێ ئەوە بۆ بە پێوەیت ئەم کتری و قۆریە چایە بەدەستەوە ڕەق بوون.

ئەسمەر هەر بێ ئاگا بوو وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبوو بێ (میرزا)کاتێک دوو هەنگاوی تر چووە پێشەوە دەبینێت(حسن)بەهۆش خۆی هاتیتەوە چاوەکانی کراوەن میرزا بە خۆشحاڵیەوە بە پەلە بۆلای چوو لە تەنیشت سەری دانیشت دووسێ جار بە برام بانگی کرد، بە کاک

بانگی کرد، گوتی ئاگات لێمە دەنگم دەبیستی دەتوانی قسە بکەی، گوێت لێمە، (حسن)وەک ئەوەی بیەوێت قسەیەک بکات لە چاوەکانی دیار بوون، بەڵام نوزەی لێوە نەهات زاری هەڵ نەپچڕی (میرزا)خێرا هەردوو براکەی بە ئاگا هێنا کە هێشتا لەخەو هەڵ نەستابون بەپەلە دەیگوت هەستن هەستن ئەم کوڕە ئەم کوڕە، چاوی کردۆتەوە بەهۆش خۆی هاتەوە، ڕەزا و حمید هەردوو برایەکەی بە پەلە لەجێگای خەوەکەیان ڕاپەڕین هاتن بۆ لای (حسن)کە سەیریان کرد چاوی کردۆتەوە دەنگە دەنگ و خۆشی لەچاویان دەباری، ڕەزا گوتی: کاکە میرزا ئەی بۆ ئەم پیاوە پیرە بەهۆش نەهاتەوە میرزا گوتی: بە ئومێدی خودا ئەویش بەهۆش خۆی دێتەوە. کاتێک ئەسمەر سفرەکەی بۆ داخستن فەرمووی لێکردن و چای بۆ تێکردن، ئەوجا ئەسمەر گوتی کاکە من دایکم دێنم با پاروەک نا بخوات، میرزا باشە(خوشکە گیان) ئینجا ئەسمەر چووە ژوری دایکی دیتی، دایکی وا دانیشتوە خەریکە چارۆگە سپیەکەی بەسەر شان و سەری خۆی دا دەدا، ئەسمەر گوتی دایە گیان بەخەبەری و هەڵساوی دایکی گوتی بەڵێ کچم دەمێکە هەڵساوم. دایکی ئەسمەر پیرێژنێکی بەتەمەن بوو نزیکەی هەشتا ساڵ تەمەنی دەبوو ناوی (پور خەجیج) بوو،

ڕوخساری پور خەجیج زۆر سپی و سۆر بوو، چاوەکانی ڕەش بوو، کەڵەگەت بوو، لە کەڵەگەتیان کە هەڵدەستایەوە سەر پێ بە کوڕی دەرۆیشت بە گۆچانە نەخش کراوەکەی بەدەستەوە دەگرت و بەپێی خۆی دەڕۆی و لەش و لارێکی زۆر سوکی هەبوو، کە هێشتا پێویستی بە کەس نەبوو تا دەستی بگرن لە ڕۆیشتن سوک و خێرا دەرۆیشت پورە خەجیج تەماشایەکی ڕوخساری ئەسمەری کرد گوتی: کچم بۆ ئاوا پەشۆکاوی نارەحەت دیاری خۆ هیچ نەبووە، ئەسمەر گوتی: نا دایە گیان هیچ نەبووە نانم بۆ کاکم و ئەوان ئامادە کردوە تۆش هەستە با بچین پاروەک نان لەگەڵ ئەوان بخۆین، پور خەجیج تەماشایەکی ئەسمەری کرد و هیچی نەگوت، باشە با بڕۆین کە گەیشتنە دیوەخان هەرسێ برایەکە یەکسەر لەبەر دایکیان هەستان و بەیانی باشیان لە دایکیان کرد دەستی دایکیان ماچ کرد و لەسەر سەری خۆیان دانا و دواتر دەستیان بە نان خواردن کرد، هیچ دەنگێک نەدەبیسترا تەنها فڕەی چاخواردنەوە نەبێ پاش ئەوەی تێریان خوارد دەست خۆشیان لە ئەسمەر خانی خوشکیان کرد، شوکرانەی بژێویان کرد، ئەسمەریش زۆر بە دەست و برد خێرا سفرەکەی کۆ کردەوە چوە دەرەوە بۆ ناو ناندێنەکە پور خەجیج ڕوی لە میرزا کرد و

گـوتی کـوڕم ئەمشــەو میوانمــان هــاتوە، گـوتی دایە گیــان ئەمشــەو لەگەڵ براکـانم لە ڕاو بـووین لەکـاتی گەڕانەوە بـۆ ماڵەوە، لەسـەر ڕێگای خۆمان چاومان بەوانە کەوت یەکیـان پیـرە و تەمەنـی هەیە یەکیـان گەنـجە لەنـاو چـاڵە بەفرێـک کەوتبـون گوێـدرێژێکیان پـێ بـوو هەر لەسـەر مـان بەپێـوە بەستبووی، بەڵام ئەم دوانەمان لەسەر پشتی ئەسپەکان دانا و هێنامانەوە بۆ ماڵەوە. هەردوکیان لە هۆش خۆیان چونە سەر بەرگیان لەبەر نەبوو هەموو گیانیان تەڕ بوو، ئێمەش خێرا جلەکانیانمان داکەند و گۆڕیمـانن جلی وشکمان لەبەر کـردن چـونکە جـل و بەرگیـان زۆر تەڕ بـوون بەسـتابونی وەک شەختە وابوون(پورە خەجیج) گوتی: دەسـتان خـۆش کـارێکی زۆر مرۆڤانەتـان کـردوە، بەراسـتی ئێوە لە بـاوکی خۆتــانن، پــورە خەجـیج دەبێـت ئەمــانە چ کــارەبوبن بەم شێوەیە بکەونە ئەم چاڵە بەفرەوە لەم کاتەدا دەنگی دەرگای حەوشە هات ڕەزا دەنگی دا کێیە منم جاسم دەرگـا بکەوە ئامۆزا (ڕەزا) چوو دەرگای حەوشەی کردەوە بینی قاسم و جاسم من بەخێر هاتنی کردن بەرەو دیوەخانەکە فەرمـووی لـێ کـردن، قاسـم و جاسـم هـاتنە ژورەوەو سـڵاویان کـرد میرزا و حمید لەبەریان هەستانەوە بەخێر هاتنیان کردن و قاسـم و جاسـم دەسـتی پـور خەجیجیـان مـاچ کـرد، جاسـم

گوتی کاک میرزا دەڵێی ئەم گەنجە چاوی کراوەتەوە، میرزا گوتی بەڵێ بەڵام قسان ناکات زۆرم دواند بەڵام بێ فایدە بوو، جاسم هەستا و چووە لای (حسن)دەستی حسنی لەناو دەستی خۆی ناو گوتی برام ئەتۆ باشی بەهۆش خۆت هاتیەوە بۆ قسەیەک ناکەیت، هەردوو چاوم کەسی من دەی بزانم یەک قسە بکە هەرچی بتەوێ بۆت دەکەین، بزانم کێشەی ئێوە چیە بۆ کەوتونەتە ناو ئەم چاڵە بەفرەو(حسن)بە بیستنی وشەی چاڵە بەفر شتێکی بیر کەوتەوە ئەویش دیمەنی بەر بوونەوەی باوکی بوو، بۆناو چاڵە بەفرەکە حسن بەڵێ دەنگی فرمێسکی چاوە ڕەشەکانی بە لا ڕومەتەکانی دەهاتە خوارێ دەکەوتە سەر بالیفەکەی قورگی پڕ بوو لە گریان هەوڵ دەدا قسان بکات زۆری هەوڵدا میرزا و ڕەزا و حمید و قاسم لە دەوری بوون جاسم دەستی لەناو دەستی بوو هەموویان سەیری حسنیان دەکرد بۆ ئەوەی یەک وشە بڵێ هەمووان لە دڵی خۆیان دوعایان بۆ دەخوێند بۆ ئەوەی زمانی ببێتەوەو قسان بکات، (حسن)یەک یەک تەماشایانی دەکرد.

کەسیانی نەدەناسی پورە خەجیج خۆی بەسەر گۆچانەکەی دانوساندبوو سەیری حسنی دەکرد و نزای بۆ دەکرد، دەی گوت: کوڕم ناوی خودا بهێنە شەیتانی بە

نەفرەت بکە ان شاءالله زمانت پاراو دەبێت (حسن)کەوتە قسە کردن بە ناڵە ناڵە گوتی: باو باو باوکم کوا باوکم من بۆ لێرەم ئێرە کوێیە کوانێ باوکم لە چاڵە بەفرەکەبوو ئەویشتان دەرهێنا، کە حسن کەوتە قسەکردن هەموویان دڵیان زۆر خۆش بوو دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و دوعایان دەخوێند کاک میرزا جاسمی لادا و خۆی چوو دەستی حسنی گرت چوە لای سەری دانیشت گوتی باوکیشت باشە وا لێرە خەوتوە حسن فرمێسکی بە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە بە لێوە لەرزەوە گوتی باوکم ماوە، تخوا ڕاستم پێ بلێن ئەو ماوە نەمردوە میرزا گوتی: نا نا ئەوەتا باوکت لە پشت سەری تۆ خەوتوە، ئەما دەنگی هەناسەی نابیستی(حسن) بە حاڵ دەیویست خۆی راست کاتەوە بەڵام نەی توانی گوتی : پشتم ڕاست کەنەوە ڕەزا خێرا چوە پشتی راستی کردەوە (حسن)نوزەیەکی لێ هات تومەسە ئازاری زۆر هەبووە، میرزا گوتی: پاڵکەوە ئازارت هەیە جێیەکت دیشێت (حسن)گوتی من قاچم شکاوە ناتوانم هەستم. حسن دوبارە ئێوە کێن من بۆ لێرەم چیمان بەسەر هاتوە بۆ لێرەم، میرزا گوتی: براله تو ناوت چیە گوتی ناوم (حسن)گوتی کاک حسن ئەتوو لەگەڵ باوکت لە چاڵە بەفرێک کەوتبون بێ هۆش بوون لەگەڵ براکانم ڕەزا و

حمید دەستی بۆ درێژ کردن لە ڕاو بووین کە چاومان بە ئێوە کەوت ئێوەمان لەسەر پشتی ئەسپەکانمان هێناوە بۆ ماڵەوە (حسن)ئاخێکی قوڵی هەڵ کێشا گوتی ئەدی گوێدرێژەکەمان میرزا گوتی گوێدرێژەکەتان خۆتان خۆش هەر لەوێ لەسەرمان ڕەق بوبۆوە، حسن سەری خۆی داخست و هیچی تری نەوت.

مام کوێخا چاوەکانی کردەوە چاوی لە چاوی میرزا کرد و گوتی: ئێرە کوێیە من بۆ لێرەم چیم بەسەر هاتوە کوا (حسن)ی کوڕم مام کوێخا دەستی بە گریان کرد فرمێسکی بەسەر ڕومەتە پڕ ڕیشە سپیەکەی دە هاتە خوارەوە.

حسن لە پشتی سەری باوکی بەچەند مەترێک لەو دوربوو بە قوڕگی پڕ گریانەوە وەڵامی باوکی دایەوە گوتی باوکە گیان من لێرەم!من باشم!مام کوێخا زیاتر لە پڕمەی گریانی دا وەک ئەوەی هەست بە تاوان بکات، دەگریا حسنیش دەستی بە گریان کردوو فرمێسک بە ڕێژنە بە ڕوومەتی گەش و جوانی دەهاتە خوارێ سەری ڕومەتی سۆر کردبۆوە.

ئەوانەی لەوێ بوون گەرویان گیرابوو قسەیان بۆ نەدەکرا پور خەجیج لە هەموویان زیاتر بێ حاڵ بوو بە دەنگ دەگریا لەم کاتەدا ئەسمەر هاتە ژورێ کە تاخمە

چـایەکی جـوانی لەسـەر سـینییەکـی زەردی نەخـش کـراوی پیارە باریک لەسـەر بن پیـارە سۆر و شـین بـۆ ئامـادەبوان هێنا بۆنی چایەکە پڕژابـوو لە پەلکە گـوڵە بـاخ و هێل و دار چین بۆنی چایەکە ئەوەندە خۆش بوو سـەرنجی ئامادەبوانی ڕاکێشـا ئەسـمەر چـاوی بە حـاڵی دایکـی کەوت کە دەگـری خێـرا سـینییە چـایەکەی دانـا و بەرەو پیلـی داکـی ڕۆیشـت دەسـتی لە ملـی دایکـی کـرد و گـوتی دایە گیـان بـۆ دەگـری جێیەکـت دێشـێ، ئەسـمەر ئاگـای لە بەسـەر هـاتی نـاو دیوەخـانەکە نەبـوو، ئەو لەنـاو نانـدێنەکە خەریکـی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بوو بۆ میوانەکان، کاتێک ئەسمەر رووی وەرگێـرا بـۆ لای حسـن و مـام کوێخـا کە بەهـۆش خۆیـان هـاتونەتەوە و سـور هەڵگەڕاون لەبەر گریـان، مـام کوێخا هەستی بە تاوان دەکرد.

حسن سوی لە بـاوکی دەبۆوە کە دەگریێ بۆیە ئەویش خـۆی بـۆ نـاگیرێ میـرزا هـاتە دەنـگ و گـوتی مـامە گیـان بەسـیکە مـامە گیـان تـۆ لە مـاڵی بـرازای خـۆتی ئەم هەمـوو گریـانەی بۆ چیە ئەوە قەزاو قەدەرە خـوا هێنـاویەتی دەبێ شوکرانە بگری، مام کوێخا ئینجا سـەرێکی لەقاند بۆ میـرزا بە مانای ئەوەی راست دەکەی میرزا دەڵێم بڵێ بزانم نـاوت چیە لە کوێ هـاتون مـام کوێخـا نـاو لەپێکی بە لاچاوەکـان

داهێنا و فرمێسکەکانی سڕیەوە گوتی ناو مام کوێخام پێ دەرێن خەڵکی ئەو گوندەی ڕۆژهەڵاتم بە گریان وەڵامی میرزای دەدایەوە مام کوێخا گوتی کوڕم میرزا گوتی بەڵێ مام کوێخا ئەمرکە مام کوێخا بە گریانەوە حسنم بۆ بێنە لام با تێر بۆنی بکەم من لاقم شکاوە ناتوانم هەستم ڕەزا و جاسم (حسن)یان ڕاست کردەوە هەڵیان گرت و بردیانە بەردەم مام کوێخا باوک و کوڕ یەکتریان لە ئامێز گرت و ئینجا بە دەنگ هەردوکیان دەگریان ئامادەبوان لەگەڵ ئەوان دەستیان بە گریان کرد بەتایبەتی پور خەجیج ئەسمەر بەحاڵە زۆر پەرێشان بوو گریانەکەی وا نەبوو میرزا مام کوێخا و حسنی هێور کردەوەو دەستی کردنە ملی گوتی ناوی خوا بێنن ئێستا ئێوە زۆر باشن سەرسەلامەت بن ئەوەی تر هەمووی ئاسانە ئێستا دەنێرم بەدوای بەیتارا ئەگەر لەبن هەوری ئاسمان بێت بۆتان پەیدا ئەکەم دەبێ قاچتان چاک بکاتەوەو بەپێی خۆتان بڕۆن.

هەر لەم قسانەدا بوون یەک دوو میوانی تریش لە دەرگای حەوشە هاتنە ژورەوە کە دیتبویان ئەمشەو میرزا و براکانی دوو لاشەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوەو میرزا و براکانی لەبەریان هەستان و بەخێر هاتنیان کردن.

وەختــی نــانی نیــوەڕۆ هــات میــرزا گــوتی خوشــکم نــان ئامــادەیە ئەســمەر بەڵــێ کــاکە گیــان ئامــادەیە ئێســتا دێــم سفرەتان بۆ ڕادەخەم. میرزا دەست خۆش خوشکۆرە خوا لە ئێمەت نەستێنێ، لە دوای نانی نیوەڕۆ مام کوێخا و کاک حســن نانیــان کە خــوار بەڵکــو بەدوای بەیتــاردا بنێــرین ئەسمەر گوتی بەچاوان کاکە گیان هەر ئێستا ئەسمەر خۆی هەڵکردبــوو وەک مــامز تونــد و تــۆڵ بــوو بە یەک و دوەک سفرەی لە دیوەخان ڕاخست و خواردنی دانا ڕەزا و حمید یارمەتیــان دا چــونکە میــرزا نەی هێشــت جاســم و قاســم بڕۆنەوە و میوانەکانیشی ئیزن نەدا.

سێ چوار سینی خواردنیان لەدوای یەک هێنا سفرەیان ڕازانــدەوە هەرچــی دڵ داوای دەکــرد لەســەر ئەم ســفرەیە حــازر بــوو لە گۆشــتی بەرخ و گۆشــتی ئەو کەروێشــکانەی شــەو ڕاویــان کردبــوو ئەســمەر ئەوانەشــی لێنــابوو لەگەڵ برنجــی کــوردی و ســاوەر و قەلەخــەرمــان و پــڵاوی گەنــمە کوتــا و چەنــدین جــۆری جیــاوازی شــلەی دروســت کردبــوو وەک شلەی قەیسی و فاسۆلیا و باینجان و لەتکە و چەندین جــۆر ســەوزە لەســەر ســفرەکە هەبــوو لەگەڵ نــانی گەنــم تەڕەســاس و تورشــیات زیــاتر ســفرەکەیان ڕازانــدبۆوە هەموویان ئیشتیای نان خواردنیان دەکرد بۆنی چێشتەکان

ئەم دیوەخانەی پڕ کردبوو بەراستی سفرەکە ئەوەندە جوان و ڕازاوە بوو پیاو بریسیشی نەبوایە حەزی دەکرد بیخوات.

میرزا فەرمووی لێکردن هەموویان هاتنە سەر سفرەی نانخواردن، دایە خەجیج لەسەری دیوەخانێ لە جێگای باوکیان دانیشتبوو، سەر و سینی خواردن جوان ڕازابۆوە بۆ مام کوێخا و کاک حسن، هەموویان بە بێ دەنگی ناوی خودایان هێناو دەستیانکرد بە نان خواردن، بێ دەنگی باڵای بەسەر دیوەخانەکەدا کێشابوو کەس دەنگی نەدەکرد تەنها دەنگی کەوچک و فەخوری دەهات دوای ئەوە تێر و پڕیان خوارد و شوکرانە بژێری خوایان کرد و دەست خۆشیان لە ئەسمەر کرد بەڵام ئەو لەوێ نەبوو ئەو بۆ نان خواردن لە ناندێنەکە نانی دەخوار پێی شەرم بوو لەبەر چاوی میوانەکان نان بخوات مام کوێخا و حسن ئەوانیش نانێکی باشیان خوارد چونکە لە دوێنێ نیوڕانێوە پەلکی زادیان نەچوبووە سەر زاریان حمید و ڕەزا سفرەکەیان کۆ کردەوەو بۆ نان دێنەکە چوون. ئەسمەر دەستان خۆشبێ براکانم ئەزێتتان خوارد ڕەزا و حمید دەستی تۆ خۆش بێت خوشکێ بەڕاستی خواردنەکانت یەک لە یەکێ بەلەزەت تر و بەتام تر بوون، دەتگوت دەستی بنیادەمی پێ نەکەوتوە ڕەزا خوشکێ چا ئامادەیە ئەسمەر بەڵێ برام ئامادەیە

ئێستا بۆتان دێنم ڕەزا نا خوشکێ تۆ نانی خۆت بخۆ ئەزێت مەکێشە خۆمان تێدەکەین ڕەزا تاخمە چایەکی تێکرد و لەسەر سینییەک داینا و بردیە دیوەخانەکە بۆنی چا دێم کراوەکە پڕژابوو لە گوڵە باخ و دارچینی و هێل ئەم ژوورەی تەنی بوو هەموویان سەروو چایان خواردەوە و مام کوێخا و حسن کەمێک هاتنەوە سەرەخۆ.

پاش نان خواردن میرزا هاتە دەنگ و گوتی براینە دەبێ ئێمە چارەیەک لە مام کوێخا و حسن بکەین، چونکە شکان ئازاری زۆری هەیە، ڕەزا و جاسم گوتیان ئێمە دەچین لە گوندی خوارەوە مام حمە غریب دێنین، دەڵێن بەیتارێکی بە ئەزموون و شارەزایە ڕەزا گوتی کاکە میرزا ئەگەر ئەمر بفەرمووی هەر ئێستا ئێمە دەڕۆین. میرزا گوتی: زۆر باشە براینە چەندی زوو بڕۆن باشترە، بەڵام زۆر ئاگاداری خۆتان بن بەتەک یەکەوە مەڕۆن دە بۆ پازدە هەنگاو لێک دووربن، ڕەزا بەسەر چاو کاکە (جاسم بەسەر چاو کاکە)هەردووکیان دەستی دایە خەجیجیان ماچکرد، ڕەزا ڕوی لە مام کوێخا و حسن کرد و گوتی: خەمتان نەبێ هەر ئێستا دەچم بەدوای بەیتاردا دەبێ زوو چاک ببنەوە ئەوجا هەردوکمان زۆران بازی دەکەین بزانم تاقەتی گەنجیەتیت مایە مام کوێخا، ئامادەبوان دایانە قاقای پێکەنین ئەوجا

ڕەزا و جاسم سواری ئەسپی زین کراویان بوون، هەردوکیان بە چەک و تفنەگیان لە خۆیان بەستاو خەنجەریان لەبەر پشتی بوو لێیاندا ڕۆشتن و خوا عافیزیان لە ئامادەبوان کرد دایە خەجیج لەگەڵ ئامادەبوان بە لەرزە لەرزە هەتا بەر دەرگای حەوشە لەدوویان چوو دوعای سەلامەتی بۆ دەکردن دونیا زۆر سارد بوو دەشت و دەر یەک پارچە بەفر بوو بەفرێکی زۆر باری بوو بەڵام لێی کردبۆوە دونیا ساماڵ بوو جاسم و ڕەزا تا لە ئاوای دەرچوون زۆر بە وشیاریەوە دەڕۆشتن بەهۆی دوژمندارییەک کە لە ڕابردوو بنەماڵەکەیان توشی ببوون.

(٢)

مــالّی میــرزا لەگەڵ مــالّی ئاغــایەکی زۆر دار و لەخــوا نەترس و خوێن ڕێژ دوژمندار بوون. دوژمنداریەکەش مالّی ئاغایەکە دەستیان پێ کردبوو، سەرەتا مالّی ئاغا لە کاتی جووتکردنی مام ڕەشید لەسەر زەوی باب و باپیرانی خۆی بە گا جووتەکانی خۆی جووتی دەکرد خەریکی جووت کردنی خۆی بوو مالّی ئاغا تاقیبی مالّی مام ڕەشیدیان کردبــوو زانیبوویــان خەریکــی جــووت کــردنە لەســەر زەویەکەی خــۆی، ئاغــا و برایەکــی و پیاوەکــانی زۆر بە نامەردانە پلانیان داڕشتبوو چۆن چۆنی مام ڕەشید بکوژن، ئەوەبوو ئاغا گوتبووی من لە دواوە بە نیشانەی تفەنگ لەسەری دەدەم دەی کوژم، کە چوون مام ڕەشید لەسەر جووتکردن بوو ئاگای لە هیچ نەبوو ئاغا و پیاوەکانی لۆی دادەنیشن و ئاغا ڕووی تفەنگەکەی لە مام ڕەشید دەکات و گــولەیەکی لەســەر دڵــی دەدات، مــام ڕەشــید دەکەوێ و

دەمرێ، ئاغـا بە یەکێک لە پیاوەکـانی دەڵـێ بـڕۆ سـەیریکە بزانە مردوە، ئەگەر نەمردبوو گولەیەکی تر بنێ سەریەوە و تـەواوی بکـە، پیـاوەکە بەڵـێ گەورەم هەر ئێسـتا، پیـاوەکەی ئاغا دەچێتە سەر مام ڕەشید کە سەیری دەکات مام ڕەشید لاشەیەکی بێ گیانە و ڕوحـی تێدا نەمـاوە، دەگەڕێتەوە لای ئاغا و دەڵێ گەورەم تەواو مردووە ئاغـا دەڵـێ باشـتر خێرا بڕۆین، ئەم ناوە بەجێ بێڵین بـا کەس نەمـان بینـێ، وەختـی نیـوڕۆیە میـرزا بە ئەسـپەکەی نـان و دۆ بـۆ بـاوکی دەبـات کاتێک دەچێت چ دەبینێت دەبینێت باوکی لە خـوێنی خـۆی گەوزایە، گا جوتەکـان لە شـوێنی خۆیـان ڕاوەسـتاون میـرزا سەرەتا تاسا توشـی شـۆک بـوو حەپەسـا گریـان لە قـورگی گیر بوو هیچی پێ نەدەگۆترا پاش کەمێک بە هەمـوو لایەک هاواری دەکرد و دەگریا داوای یارمەتی دەکـات بەڵام کەس گوێی لە هاوار و قیژانی میرزا نابێت زۆر لەسـەر تەرمەکەی بـاوکی دەگریـێ هەردوو چـاوی دەبێتە گۆمی خـوێن میـرزا تەرمەکەی بـاوکی خسـتە سـەر پشـتی ئەسـپەکەی بەرەو ڕووی ئاوای دەڕۆشتەوە کاتێک خەڵکی ئـاوایی ئەم دیمەن و کارەساتە دەبینن بە ژن و منداڵەوە بە گەورە و بچوکەوە بە ڕاکردن بەرەو پیلی میرزا دەڕۆن کە دەبینن مـام ڕەشـید کوژراوە ژنەکـان بەسـەر سـەری خۆیـان دا دەدەن دەیکەنە

شین و وا وەیلا و گریان لە دوری تەرمەکەی مام ڕەشید دەتگۆت ڕۆشی حەشرە تەرمەکەی مام ڕەشیدیان بردەوە ماڵەوە (ملا علی)کە مەلای گوندەکەیەدەستی بەرز کردبۆوە لەبەر خۆیەوە دەی گوت خوایە ئەم ناهەقیە قبوڵ نەکەی خوایە تاوان باران سزا بدەی ملا علی لاحولە وەلا قوت الە باللە علی عضیم هەموویان لە دەوری مەلا علی کۆبوونەوە هەر یەکەو قسەیەکی دەکرد یەکێ دەیگوت دەبێ کێ ئەم کارەی کردبێ خۆ مام ڕەشید دوژمن دار نەبوو یەکێ دەڵێ تۆ بڵێی دز و جەردە نەبووبن یەکی تر دەڵێ نا بابە شتی وا نییە دزی چی و حاڵی چی ئەگەر کاری دزان بوایە ئەوا گاجوتەکانیان دەبرد یەکی تر دەیگوت کاری ئاغایە و لەسەر زەویەکانە، کە گەیشتنە ماڵەوە پور خەجیج بە هەردوو دەستی لە چاوی خۆی دەدا و پرچی دەڕنییەوە شین و گریان و واوەیلای دەکرد ئەسمەر بە بینینی جەنازەکەی باوکی بێ هۆش کەوتبوو ئەوکات ئەسمەر تەمەنی بچووک بوە جەنازەی مام ڕەشیدیان لە حەوشەی خۆیان لەسەر دۆشەکێک دانا هەموو ئامادەبوان تازیە بار بوون بۆ ئەم کارەساتە خەڵکەکە دەگریان و کچەکان شینیان دەکرد و دەگریان قیژە قیژ و هاوارێک بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرە گریانێکی بە کوڵ خەڵکەکە دەگریان هەر لە

پیری پیران تا منداڵی بەر شیران دەگریان هەموو خەڵکی گوندەکە لە ماڵی مام ڕەشید لە حەوشەکە کۆبوبونەوە چاوەڕێ دەمی مەلایان دەکرد. ملا علی دەیگوت لا حولەوەلا قوتە الله بالله علی عضیم حمید و ڕەزا لە شانی میرزای برای ڕاوەستا بوون دەگریان لە چاوی خۆیان دەدا بابەڕۆیان بوو لەناکاو دەنگی لورەی دایە خەجیج هەمووانی بە ئاگا هێناوە بە دەنگی بەرز وەک شێر دەینەڕاند و پەنجەی هەر دەشەقاند تا ئێستا کەس ئەم جۆرە دەنگەی پور خەجیجیان نەبیستبوو دەنگێکی بەسام بوو ئەینەڕاند و گوتی گوێ بگرن کوڕەکان لەگەڵ قسە کردنی دایە خەجیج چاوەکانی وەک گۆمی خوێنی لێ هاتبوو هەموو پیاوێک نەی دەوێرا تەماشای ناو چاوی دایە خەجیج بکات میرزا حمید ڕەزا گوێ بگرن چیتان پێ دەڵێم هەرسێ کوڕەکەی تەماشای دایکیان دەکرد و ملکەچی دایکیان بوون پور خەجیج گوتی هەتا چل ڕۆژی تر تۆڵەی بابی خۆتان نەکەنەوە شیری خۆمتان لێ حەرام دەکەم حاشاتان لێ دەکەم ئێوە کوڕی من نین میرزا و ڕەزا و حمید بەڵێنیان دایە دایکیان تۆڵەی باوکیان بکەنەوە ئەگەر تاوانبار لەبن هەوری ئاسمان بێت لە هەر شورە و قەڵایەک بێت دەی کوژنەوە تۆڵەی باوکمان دەکەینەوە نایەڵین خوێنی وشک

بێت میرزا نەڕاندی وەک شێر چاوەکانی وەک گۆمی خوێنە سور هەڵ گەڕابوو وتی دایە گیان بەڵێن بێت نابێ خوێنی باوکم وشک بێت تۆڵەی دەکەمەوە ئاگر لە ماڵەکەی بەر دەدەم کارێکی وای پێ دەکەم تا دونیا ماوە بە چیرۆک بیگێڕنەوە، پور خەجیج گومانم لە کەسێک هەیە با تەواو دڵنیا ببمەوە ئەوجا پێتان دەڵێم. ملا علی دەنگی لە خەڵکی گوندەکە کرد و گوتی ئادەی خزمینە با ئەم ئەمانەتە بە خاک بسپێرین ئاوا زیاتر با ڕای نەگرین دار جەنازەکە لەوێ حازر بوو خزمەکان مام ڕەشیدیان خستە ناو دار جەنازەکە بەرەو مزگەوتیان برد لەوێ خێرا دەست و برد شوشتیان و نوێژیان لەسەر کرد خزمەکان دار جەنازەکەیان بەسەر شان بردە گۆڕستان لە دێ بە خاکیان سپارد ئەوە بوو لە دوای چەند ڕۆژێک لەدوای پرسەی باوکی، میرزا چووە شاری دوای گەڕان و سوڕان چەک فرۆشێکی دۆزیەوە بە نهێنی سێ چەک و فیشەک دان و فیشەکێکی زۆری کڕی بە نهێنی بە سواری ئەسپەکەی گەڕایەوە گوندەکەی خۆی.

میرزا لەگەڵ دایە خەجیج و براکانی دەدوا گفتوگۆی زۆریان لەنێوان خۆیان کردو بریاریاندا هەر چۆنێک بێت دەبێ بزانرێ کێ ئەو کارە نامەردانەی بەرامبەر بە باوکیان

کردوە بزانن دوژمنەکەیان کێیە دوای تەواو بوونی پرسەی باوکیان پاش دە پازدە ڕۆژێک دەبوو شەوێک درەنگانی شەو کاتی خەوتنان یەکێک لە درگای دا بە دزیەوە دەی گوت بیکەوە کاک میرزا بیکەوە ئەوە منم میرزا گوتی ئەتو کێی دەنگت هەڵبڕە بزانین دۆستی یان دوژمن دیسان بە چرپە چرپ کردن گوتی بیکەوە من یاسینە ڕەشم یاسینە ڕەش خەڵکی گوندەکەی دراوسێی ماڵی کاک میرزا بوو پیاوێکی تەمەن سەرو چل و پێنج ساڵان بوو پیاوێکی ڕاست گۆ بوو دڵ پاک بوو پیاوێکی زۆر وشیار بوو خەڵکی زۆر سیقەیان بە یاسینە ڕەش دەکرد ئامانەتی خۆیان لا هەڵ دەگرت میرزا دەرگای حەوشەی کردەوە ڕازە و حمید لە دواوەی کاکیان ڕاوەستا بوون دەستیان لەناو پەلا پیتکەی تفەنگەکەیان بوو ئەسمەر و دایە خەجیج لەبن هەیوانەکە چاوەڕێ بوون بزانن کێیە، بەڵام ئەوان لە تاریکیدا نەیان دەناسیەوە، میرزا بەخێرهاتنی یاسینە ڕەشی کرد دەستی گوشی حمید و ڕەزاش بەخێرهاتنیان لێکرد، میرزا گوتی برا خێرە بەم نیوە شەوە هاتووی چی بووە بەدەم ڕۆیشتنەوە چونە ناو دیوەخانەکە فانۆسەکەیان پێکردوو میرزا فەرمووی دانیشتنی لێ کرد مام یاسین دەستی دایە خەجیجی ماچ کرد و خستیە سەر سەری

ئەسـمەر بەخێـر هـاتنی کـاک یاسـینی کـرد و کـاک یاسـین وەڵامـی دایەوە دەسـتی لەسـەر هەردوو چـۆکی خـۆیـا بـوو لەسـەر چیچکـان دانیشـتبوو ئەسـمەر دووسـێ کـۆڵکە دار بەڕوی خستە ناو سۆپاکە ئاگر زیادی کرد و ژورەکە بووە تەنـدوری سـور کـراوە. کـاک یاسـین کەمێـک خـۆی گەرم کردەوە دەمامکەکەی لەسەر خۆی لادا چاوێکی بە هەمووان دا گێڕا هەمووان بێ دەنگ بوون تەماشای ناو دەمی یاسینە ڕەشیان دەکرد مـام یاسین چاوێکی لە میرزا کرد و گـوتی کـاک میـرزا ئەمـن نهێنییـەک دەزانـم دەربـارەی دەربـارەی میرزا ئێ دەربارەی کێ دەربارەی باوکم میرزا بە توندی گـوتی یاسـین قسـە بـکە خێـرا، یاسـین بە دڵە ڕاوکێـوە دەستەکانی لێک دەئاڵاند چۆکەکانی دەجوڵاند لەجێی خۆی یاسـین وتـی بەڵـێ بەڵـێ دەربـارەی باوکـت مـام ڕەشـیدی ڕەحمەتی. یاسین نوتقی لێ بڕا قورگی گیرا لە پڕ لە گریانی دا، یاسین نەی دەتوانی ئەو دیمەنە نا مرۆڤانە لەبەر چاوی خۆی لا ببات، لەناو دڵی خۆی بهێڵێتەوە، گریـانی بەردەوام بوو میرزا بۆ خـاتری خـوا مـام یاسین دم تەقی قسـە بکە شـەقم بـرد، پـور خەجـیج گـوتی میـرزا کـوڕم لەسـەر خـۆ پیـاوەکە بۆخـۆی بـێ حـاڵە ئەوجـا پـور خەجـیج دەسـتێکی میهرەبانـانە و دایکـانەی بەسـەر سـەری یاسـنیان داهێنـا و

گوتی قسـه بکه کوڕم چی دەزانی پێمـان بڵێ تـازە شـتەکە ڕوی داوە بەڵام نـامەوێ بەسەسـەریەوە بچێ و بچمە ژێـر گڵ دەمەوێ بزانم دوژمنمـان کێیە و ئایا ئەوەی بیری لـێ دەکەمەوە هەوە، یاســـین دایە خەجـــیج دایە خەجـــیج لە گەرمەی گریان یاسـین لەجێی خۆی دەجوڵاوە هەر دەسـتا پشــتەوە دادەنیشــت زۆر شــلەژابوو یاســین دایە خەجـیج دیمەنەکە زۆر ترسناک بوو هـیچم لەدەست نەدەهـات هـیچ چەکیشم پێ نەبوو تەنانەت خەنجەریشم پێ نەبوو حمید و ڕەزا دە قسـە بـکە چـاوەکەم دڵمـان تەقـی یاسـین کەمێـک هـاتەوە سـەر خۆی زاڵ بـوو گەروی پـاک کـردەوە هەوڵـی دەدا نەجـوڵێ دەسـتی بە قسـان کـرد گـوتی ئەو ڕۆژەی کە مام ڕەشید کوژرا ئەمن لە زەویەکانی خۆم جووتم دەکرد خەریکی کـاری خۆم بووم لەناکاو گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو لە دوو لاوە دەبیسترا چونکە دونیا ئەوەندە کش و مات بوو تەنانەت چۆلەکەش لەم ناوە نەبوون کاتێک بینیم چـوار پیـاو دەڕۆیشـتن بـۆ خـوارەوەی دامـێن گونـدەکەمان مـن ئەوانم لێ دیار بوو شـوێنی مـن بەرز بوو ئەوان منیان لـێ دیـار نەبـوو ئەوان لەنـاو دۆڵەکە دۆڵاو دۆڵ دەڕۆیشـتن بە نەرمە غــاردان هەر چــوار پیــاوەکەش چەکیــان پــێ بــوو خەنجەریان بەستابوو کە ئەم دیمەنەم بینی ترسـام ترسـێک

له دڵم نیشت گوتم دەبێ ئەمانە کێ بن نیازی چیان هەبێت جووتەکانم لەجێی خۆی بەجێ هێشت بە دزیەوە لەبن ئەو شاخ بۆ ئەوشاخ لە دوویان بووم ئەوان غاریان دەدا منیش بۆ ئەوەی لێم ون نەبن بە دوایاندا غارم دەدا. ئەوەندەم زانی بوو کە گوێم لە دەنگی پێیان بوو غاریان دەدا دواتر دیتم ئەو چوار کەسە لەسەر تاشە شاخێک ڕاوەستان دواتر خۆیان مات کرد تفەنگیان ڕاست کردەوەو سواریان کرد یەکیان گوتی ڕاوەستن ئەمن خۆم دەی کوژم دڵم تەپە تەپی بوو هەر ئەوەندە لە سینگم نە دەهاتە دەرەوە دەم گوت دەبێ کێ بکوژن چونکە من ئەوەی بەرامبەرم لێ دیار نییە کە کێیە نەشم دەوێرا خۆم ئاشکرا بکەم چونکە دڵنیا بووم لەوەی منیشیان دەکوشت ئەوەی سێرەی گرتبوو تەقەی کرد پێ ئەچوو پیاوێکی باڵا دەست بێت ئەمن هەر چاوم لەسەر ئەو بوو کاتێک دەنگی تەقەکە بیسترا ئەوەی تەقەکەی کرد ڕاست بۆوە گوتی لێم دا بە پیاوەکانی گوت بڕۆن بزانن چۆنم تۆپاند ئەگەرنەکوژرابوو فیشەکێک بنێ بە نێوچەوانییەوە مێشکی بپرژێنە پیاوەکیان بە غاردان چووە سەر کوژراوەکە گەڕاوە بە غاردان وتی گەورەم کوژراوە، نەماوە، پیاوە بکوژەکەش گوتی دابەش ئەوجا با بۆخۆی هەر لەو زەویانە جووت بکات ئەتوو وات لێهات

ئاغای بە پیاو نازانی، بە خێرای بەڕێگای خۆیاندا گەڕانەوە دڵم کەوتە کوت کوت دەم گوت ئێستا لە سینگم دە درێت من خۆم گویم لە دەنگی دڵی خۆم بوو ئەوەندە نزیک کەوتنەوە هەر بەبەر دەمی مندا ڕەت بوون منیش خۆم لە پشت شاخێک مات کردبوو کاتێک ڕەت بوون سەرم بەرز کردەوە دیتم ئەوەی تەقەی کرد باپر ئاغایە برای مارف ئاغا ئەوەی خۆی بە خاوەنی هەموو زەوی و زاری دەشتێ دەزانێ، کاتێک ئەوان لەبەر چاوان ون بوون منیش بە غاردان چوومە سەر کوژراوەکە تەماشا دەکەم مام ڕەشیدە لە خوێنی خۆی گەوزیە.

میرزا و ڕەزا و حمید لەجێی خۆیان ڕاست بوونەوە میرزا نەڕاندی گوتی شەرتبێ لە شەرتی خوای دەبێ خوێن جۆگەلە ببەستێ باپر ئاغا وەکو سەگ دەتۆپێنم دایە خەجیج گوتی ئەوانەی گومانم لەسەر بوو ئەوانە بوون چونکە یەک دوو جار مارف ئاغا بەدوای باوکتی ناردبوو باوکیشت جارێکیان چووە ماڵی مارف ئاغا لەشار بوون کە باوکت چووبوو گوتبووی فەرموو مارف ئاغا خێربوو بە دوای منت دا ناردبوو مارف ئاغا زۆر بە قێزەوە گوتبووی بۆ لەبەر ئێوە خێر ماوە بێ ئەوەی ڕێز لە باوکت بگرێ لەبەر دەم سەر و ریشی باوکتا قاچی لەسار قاچ دانابوو لەسەر

کورسـیەک دانیشـتبوو جـگەرەیەک بە لا لێـویەوە بـوو گوتبووی ئێوە بەکەیفی خۆتـان سـاڵانە ئەم هەمـوو زەویە دەکـێڵن و دەچێـنن و دەیخـۆن وا دەزانـن خـاوەنی نییـە باوکیشـت لەسـەر هەڵسـو کەوتەکەی تـوڕە بووبـوو هەستابۆوە گوتبووی خاوەنی هەیە و ئێمەین.

مـارف ئاغا توڕە بووبوو ئەویش هەستابۆوە سـەر پێ گوتبوی نەخێر ئێوە نین کە مـافی رەش و روت بخۆن ئەو زەویانە باوکی من بە (٦٠) دینـار لە بـاوکتی کڕی بـوو مـام ڕەشید گوتبووی نەخێر باوکی من زەوی نەفرۆشتوە شتی وا نییـە بـاوکم لەسـەر دەسـتی خـۆم بـووە تـا مـرد وەسـێتی کـرد گـوتی ئەو زەویـانە هـی بـاب و باپیرانمـانە بە مانـدوو بوون و ئارەقەی خۆمان کڕیومـانە نەکەی لە دەسـتی بدەی و بیفرۆشـی دەنـا لە برسـان دەمـرن ئەوە وەسـێتی بـاوکم بووە بۆ مـن تـۆش باسـی کڕینی دەکەیت بەڵام گـوێ بگـرە مارف ئاغا ئەوەیان دەزانـم کە باوکت ویستویەتی بە زۆرە ملێ لەڕێی پیاوەکانییەوە ئەم زەویە لە بـاوکم بستێنێ بەڵام بـاوکم ڕازی نەبـووە، مـارف ئاغـا نەیزانـی ئـێمە شـایەتمان هەیە مـام ڕەشـید گوتبـووی شـایەدی پێـوە کەسـتانە لەبەر ئەوە بە شـایەد ناشـێ مـارف ئاغـا هەرەشـەی لە باوکـت کردبـوو گوتبـووی ئەوەتـان بەسـەرەوە نەچـێ باوکیشـت

گوتبووی هەرچی لە دەستان دێ بێ منەت بن بەڵام مەرد بن بەرەو ڕوو نەک لە پشتەوە خەنجەرم لێ بدەن چونکە ئەوە کاری پیاوان نییە وەرن مەردبن ڕوو بە ڕوو ڕاست بۆوە ماڵی مارف ئاغای بەجێ هێشت جارەکی تر تەقەیان لێ کردبوو بەڵام بەبەر نەکەوتبوو ئەوەتا ئەمجارەیان کوشتیان، میرزا گوتی کاک یاسین یانی ئەتوو بەچاوی خۆت بکوژی باوکمت دیت، یاسین بەڵێ کاک میرزا بەچاوی خۆم دیتم ئەویش باپیر ئاغایە بۆیە بەم نیوە شەوە هاتوومە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی کەس گومانم لێ نەکات بۆ خۆت دەزانی ئەوانە لە هەموو شوێنێک پیاو و جاسوسی خۆیان هەیە ئەوانە زاڵمن زاڵم پیاو کوژ و لەخوا نەترسن.

میرزا گوتی: دایەگیان گوێم لێ بگرە بەیانی زوو دەچمە شاری هەتا باپیر ئاغای نەکوژم نایەمەوە ماڵەوە ڕەزا و حمید گوتیان ئێمەش دێین، میرزا گوتی: ئێوە نایەن لە ماڵەوە دەبن خەریکی کاری خۆتان دەبن میوانی خۆتان خزمەت بکەن ئاگاتان لە دایکم و ئەسمەر بێ خوا پشت و پەنا بێ بەیانی دەچمە شاری، لەوێ دەچمە ماڵی غەفوری، وەک برا باوەڕم پێیەتی و زۆرم خۆش دەوێت، کوڕێکی پیاوانەیە ئازایە دەزانم غەفور کار ئاسانی باشم بۆ دەکات و هاوکارم دەبێت، دایە حەلیمی داکی شێرە ژنێکە بۆخۆی

کە بەیانی ڕۆشتم لای کەس باسی ئەم مەسەلە ناکەن و هیچتان نەبیستوە ئەوەی پرسیاری منی کرد دیار نییە بڵێن برادەرێکی کۆنی لە شار نەخۆشکەوتوە، چۆە سەردانی بکات، تەنها قاسم و جاسمی ئامۆزام با بزانن کە چومە بۆ کوشتنی باپیر ئاغا، یاسین گوتی ئەوجا من دەڕۆم بۆیە بەم شەوە هاتوومە ئێرە، بە ئێوەم گوت دڵم و ویژدانم ئازاری دەدام ئەم نا حەقیە بشارمەوە، گوتم نەوەک ماڵی کاک میرزا یەکێکی تر بە گومان بکوژن. میرزا گوتی یاسین برا تا ماوم لە چاکەت دەر ناچم بەڕاستی پیاوەتیەکی گەورەت لەگەڵ ئێمە کرد یاسین أستغفرالله کاک میرزا ئەرکی سەر شانمە ئەوجا یاسین دەمامکەکەی سەر و دەموچاوی پێچایەوە میرزا تا بەردەم دەرگای حەوشە سەرەتا میرزا تەماشایەکی دەورو بەری ماڵەکەی خۆی کرد و کەس دیار نەبوو ئەوجا یاسینی بەڕێ کرد، گوتی کاک یاسین خودات لەگەڵ بێت.

دنیا تاریک و ڕونە بەرە بەیان ئەستێرە هێشتا بە ئاسمانەوە دیارە دە بریسکێتەوە ناز لەگەڵ یەکتر دەکەن جریوە جریو دێت، دونیا کش و ماتە دوکەڵی سۆپای ماڵەکانی گوندەکە کەوتنی بەفری سپی سەر تاپای زەوی داپۆشیبوو دیمەنی سەرنج ڕاکێشی هەبوو هەموو لق و

گەڵای دارەکان شۆڕ بوبونەوە بەرەو زەوی لەبەر قورسی و بارینی بەفر بۆ سەر لق و پۆپەکان قوقە قوقی کەڵە شێر و باعە باعی بەرخەکان قاڕە قاڕی کار و بزن ئاوازێکی ناوازە بوو و دونیا بەرەو روناکی دەهات میرزا گوتی دایە دەمەوێ پێشی خۆر هەڵات بەڕێ بکەوم بچمە شار نامەوێ کەس بم بینێ دایکی پور خەجیج گوتی باشە کوڕم نان بخۆ و بڕۆ پور خەجیج گوتی ئەسمەر ئەسمەر بەڵێ دایە گیان دە هەستە نان و چایەک بۆ براکەت حازر بکە با نان بخوات ئەسمەر بە چاوان دایە گیان هەر ئێستا ئەسمەر وەک هەورە بروسکە هەر زوو نانی بۆ کاکی ئامادە کرد سفرەی ڕاخست پەنیر و ژاژی و هەنگوین و هێلکەی کوڵاوی لەسەر سفرەکە دانا چای دێم کراو بۆنی چا دێم کراوەکە هەموو ماڵەکەی داگیر کردبوو ئەسمەر گوتی دایە گیان ئامادەیە کاکە ڕەزا ئێوەش بفەرموون هەمووان هاتن لە دەوری سفرەکە کۆ بوونەوە دەستیان کرد بە نان خواردن ئەم بەیانییە ماڵی کاک میرزا زوو نانیان خوارد و دونیا زیاتر بەرەو ڕوناکی هات میرزا خۆی کۆ کردەوە حمید و ڕەزای برای بۆ زین کردبوو ڕیشەی ئەسپەکەیان بە دەستەوە گرتبوو میرزا چەک و تاقم و فیشەک دانی لەخۆی بەستاو کورەبایەکی گەورەی لەسەر لەبەر کرد ئەسپەکە تا

سـەر چۆکـان لە بەسـت و گـورینگە بـۆ ڕازابـۆوە بەمـلا و بەملادا شۆڕ بوو بـوونەوە، سـواری ئەسـپە سـپیەکەی بـوو، کە دەت گـــوت بەفـــری ســـپیە میـــرزا ئەســـپەکەی زۆر خۆشەویست چەند ساڵێک لەمەو پێش مام ڕەشیدی باوکی بۆ میرزای کڕی بـوو، ئەوجـا لەسـەر پشـتی ئەسپەکە هـاتە خـوارەوە برایەکـانی مـاچ کـرد و خوشـکەکەی مـاچ کـرد و دەسـتی دایە خەجیجـی مـاچ کـرد و خسـتیە سـەر سـەری دایکیشـــی بە ڕەحـــمەوە دوعـــای بـــۆ دەکـــرد لای خـــودا تـــا بیپارێزێـــت دونیـــا هەر تـــاریکە هێشـــتا خەڵکـــی گونـــدەکە نەهاتونەتە دەرێ بۆ کاری ڕۆژانە میرزا بەڕێ کەوت تـا لە چـاوان ون بـوو لە دواوە تەماشـایان دەکـرد حمیـد و ڕەزا فرمێسک بە چاویـان دەهـاتە خـوارێ بەڵام نەیـان دەهێشـت دایکیان بی بینێت دایە خەجیجیش بە هەمان شێوە بوو.

میرزا بەتەواوی لەبەر چاوان وون بوو، ماوەیەک بوو لە گونـدەکەی خۆیـان دوور کەوتبووبـۆوە لە ڕێگـادا دوور بە دوور کەســـــێکی بینـــــی بەڵام لەبەر دووریەکەی کەس نەیدەناسییەوە تا لێی نزیک بوونەوە دیتیان (خارندە) شێتە، (خارنـــدە) شـــێت پیـــاوێکی کـــورتە بـــنەو خـــرپن بـــوو ڕوومەتەکـانی سـوور سـوور بـوو ڕیشـێکی جوانی مـاش و برنجـی هەبـوو جـل و بەرگەکـانی دەیـان نوشـتە و دوعـای

پێوەبــوو کڵاوێکــی لەســـەر بــوو زۆر چڵکــن بــوو دەیــان نوشتەی بە دەوری درابوو،

(خارندە) شێت لە ڕێگادا بە ڕاست و چەپیدا دەڕۆیشت و لەبەرخـــۆیەوە جنێـــوی دەدا و قســـەی دەکـــرد دەســـتی دەوەشـاند پشـتی (خارنـدە) قەمبـوور بـوو، لاقێکـی دەشـەلی پیاوێک بوو لەناو خەڵکی خۆشەویست بوو، زەڕی بۆ کەس نەبوو بەڵام هەر؟لەخۆیەوە پێشنیار و قسـەی دەکرد دواتـر قسەکانی ( خارندە)شێت دەهـاتنەجێ و زۆر جار خەڵکی لە دەوری کۆدەبوونەوە و پرسیاری سەیر سەیریان لێ دەکرد ئەویش تەماشایەکی ئاسمانی دەکرد و هەرچی بە مێشکیدا هاتبـا وەڵامـی دەدانەوە، خەڵکـی گونـدەکانی دەور و بەر تـا ڕادەیەک باوەڕیـان بە قسـەکانی (خارنـد) دەکـرد و دەیـان گـوت ( خارنـد ) شـێخ و وەلـی خـودایە و بە پیـاو چاکیـان دادەنا، کاتێک میرزا لێی نزیک بۆوە گوتیان (خارند) گوێ گەورە چی دەکەی بەو بەیانییە لەم شارە دەسوڕێیتەوە بەم سەرمایە ؟

( خارنـد) گـوتی بەدوای نـانی خۆمـدا دەگەڕێـم، دواتـر (خارنـد) تەماشـایەکی ( میـرزا) ی کـرد و گـوتی: دەچـی دوژمنـی خـۆت دەکـوژی و دێیـتەوە و چەنـد ڕۆژێکـت پێدەچێت. (میرزا) ڕاستەوخۆ حەپەسا تەماشایەکی ( خارنـد)

ی کرد و گوتی: چۆن دەزانی من دەچم بۆ ئەوێ دوژمنی خۆم بکوژم؟!

( خارند ) گوتی: لەمن مەپرسە کو دەزانی، دەزانم دەزانم ( خارند ) گوتی: بەس میرزا خەفەت مەخۆ وەک بەرخی بەر دایکی دەکەوێتە بەر دەستت و تۆڵەی مام ڕەشید دەکەیتەوە.

میرزا دێتەوە کن دایە خەجیجەی ( خارند ) لێیدا ڕۆیشت لەبەر چاوان بزربوو، میرزا هەر بیری دەکردەوە چۆن باپیر ئاغا بکوژێت ؟ کەی بیکوژێت؟ بەڕۆژ بیکوژێت یان بەشەو بیکوژێت؟ لە بازاڕ دابێ دەبێت ماڵەکەی بدۆزمەوە؟ دەبێ زۆرم پێ بچێ هەتا دەیدۆزمەوە؟! دەبێ غەفوری هاوڕێم وەک جاران مابێ؟ بە وەفا بێ؟ دڵسۆز بێ ؟ دەبێ یارمەتیدەرم بێ؟

دەبێ بزانێ ئەگەر من نیازی کوشتنی ئاغایەکم هەیە لە ماڵی خۆی ڕامگرێ؟! بە درێژای ڕێگا هەر بیری دەکردەوە، ئەوجا تەرمی باوکی دەهاتە بەر چاو کە لەناو خاکە کێڵدراوەکەدا لەسەر پشت خەڵتانی خوێن ببوو، چاوەکانی مام ڕەشیدی باوکی هەر بە کراوەی مابوونەوە هەموو کات میرزا ئەودیمەنەی باوکی دەهاتەوە بەرچاو، فرمێسک بە ڕێز لە چاوەکانی بەلای ڕاست و چەپی ڕوومەتیدا دەهاتنە

خوارێ ڕوومەتەکانی بە تەواوی تەڕ ببوون، میرزا دەستە سڕەکەی لە گیرفانی دەرهێناو چاوەکانی سڕییەوە، ڕۆژ تەواو بڵند ببوو لای نیوەڕۆ نزیک بۆوە میرزا چاوی دەگێڕا لە بەتانییەک تا کەمێک بحەسێتەوە و پاروە نانێک بخوات، چاوی بە دار تویێکی گەورە کەوت میرزا گوتی: دەبێ لای ئەم دارە ئاو و کانی لێ نەبێت یان هەر گۆمە ئاوێک یان جۆگەلەیەکی لێ نەبێت ؟! وردە وردە ڕۆیشت تا نزیک دار توووەکە بۆوە کە سەیری کرد کانییەک لەبن دار توووکە هەیە،

ئاوی کانییەکە ببووە جۆگەلەیەکی جوان ناو جۆگەکە پڕبوو لەبەردی ڕەنگا و ڕەنگ و جوان، ئاوی کانییەکە و جۆگەلەکە ئەوەندە ڕوون بوو دەتگوت چاوی قرژاڵە ئەوەندە ساف و بێگەرد بوو دەتگوت ئەم ئاوە سەرچاوەی ئاوی بەهەشتە، هەر کە گەیشتە لای دار تووەکە لە ئەسپەکەی دابەزی و ئەسپەکەی لە خوار دار تووەکە بەستاوە و چەک و فیشەک دانەکەی لە خۆی کردەوە و پێڵاوەکانی داکەند جەمەدانییەکەی لەسەری هێنایە خوارێ و خۆی تەنیا کرد ئینجا چووە سەر سەرچاوەی ئاوی کانییەکە و تێر ئاوی لێ خواردەوە و دەست و دەم و چاوی شوشت و لاقەکانی لە ئاوی کانییەکە دا شوشت

ئەوجا بە تەواوی حەسایەوە و هاتەوە سەرخۆ. میرزا دانە ڕۆژێک بە ڕێگاوەبوو چەندان هەوراز و نشێوی بڕیبوو ئەوەندەی بیر دەکردەوە ئاگای لە هەوراز و نشێو نەبوو کە پێیدارەت ببوو، هەروای دەزانی لە تەختایی ڕێگادا ڕۆیشتووە، ئینجا چووە لای ئەسپەکەی و ئەسپەکەی لە جۆگەکەدا ئاودا و کەمێک ئالیکی داپێی و خۆشی ئەو تورەگەیەی هێنا خوارێ کە لەسەر پشتی ئەسپەکە بوو ئەسمەری خوشکی وەک تێچووی ڕێگا بۆی ئامادە کردبوو، تورەگەکەی کردەوە لەسەر جۆگەکە لای دار تووەکە دانیشت دەستی بە نان خواردن کرد تێر و پڕی نان خوارد و شوکرانە بژێری خودای کرد و تورەگەکەی پێچایەوە و هەستایەوە سەر پێ و چووە لای ئەسپەکەی و تورەگەکەی هەڵگرتەوە و ئەسپەکەش بەهەر چوار دەوری خۆی دەسوڕا و دەگەڕا و دەمی لە گیا گەش و سەوز و جوانەکەی دەم جۆگە ئاوەکە نابوو و دەیخوارد و زۆر بە ئیشتیهاوە ملی لە خواردنی ئەم گیایە نابوو دوایە چووە سەرچاوەی ئاوەکە و تێر و پڕی ئاو خواردەوە لەم بەینەدا میرزا لەبن دار تووکە پاڵکەوتبوو و تەماشای دار تووەکە و گەشە سەندنەکانی دەکرد بیری لێ دەکردەوە.

پاش پشودانێکی زۆر میرزا هەستاو خۆی کۆکردەوە و جامانەکەی خستە سەری و پشتێنەکەی بەست و فیشەکدان و مەخزەنەکەی لەخۆی بەستاو خەنجەرەکەی لەبەر پشتی ناو چەکەکەی خستە شانی و چووە لای ئەسپەکەی سواری سەر پشتی بوو و بەڕێکەوت.

میرزا دووبارە بیر و هۆشی ڕۆیی و کەوتە ناو بیرکردنەوەیەکی قوڵ، میرزا هەقی بوو بیربکاتەوە چونکە دەچوو بۆ کوشتنی ئاغایەکی زاڵم و خوێن ڕێژ و لەخوا نەترس هەر چوار دەوری بە پیاوی خراپ و جەردە و پیاوکوژ گیراوە شەو و ڕۆژ پاسەوانی دەکەن ئەو ئەغایە زاڵم و زۆردارە ئەوەندە زۆڵ بوو بەهیچ شێوەیەک خەڵکی هەژاری گوندنشینی بە بەنیئادەم نەدەزانی وەک و ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی گوندەکە دەکرد و بەڵام بەو حاڵەش میرزا باکی بە ئەوان نەبوو دەیگوت ئەگەر هەزار پیاوی وەک خۆی لە دەوری بێ دەبێ وەک سەگ بیتۆپێنم و تۆڵەی باوکم بکەمەوە، با ئەو زاڵمە بزانێ کە خوێن ڕشتنی خەڵکی هەژار و نەدار کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بیریدەکردەوە و دەیگوت: دەبێت ئەم کۆشک و تەلارەی بەسەردا بروخێنم و قەیسەریان لێ بکەمە کونە مشک. میرزا کوڕێکی زۆر جوان و قۆز بوو بەژن و باڵا کەڵەگەت

و نـــاو شـــان پـــانبوو چـــاوێکی ڕەش و گەورە و ســـەرنج ڕاکێشی هەبوو دەستەکانی هەمووی تووک بوو ڕەشێکی قەترانـــی، ڕیشـــێکی پـــان و گەورەی بەردابـــۆوە کە بە چاوەکـانی لە خەڵکـی ڕادەمـا خەڵکـی سـڵیان لێـدەکردەوە پیـاوێکی بە سـام و هەیـبەت بـوو دەسـتەکانی گەورە و بەهێزبوون کەس نەبوو لە زۆرانبازی و شەڕکردن شـان لە شانی بدات لە گوندەکەی خۆیان هەموو ڕێزیان لێ دەگرت و بە بـرا گەورە یـان دادەنـا و میـرزا زۆر ڕێزی لە خەڵکـی گونـدەکە و لە خـزم و کەسـەکانی خـۆی دەگـرت، میـرزا کەسێکی کەمـدوو و لەسـەرخۆ بـوو، بەڵام کاتێـک کەسـێک هەڵەیەکـی بکـردایە وەک هەڵـۆ چـاو تیـژ بـوو و جەربەزە و ئازا بوو خەڵکی گوندەکە زۆریان خۆشدەویست میرزاش لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ برایەکانی لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بـوون و هەر کارێـک کە بە ئەویـان ڕاسـپاردوە ئەگەر بە زیـانی خـۆی تەوا ببـوایە دەیکـرد و پیـاوەتی و کەسـایەتی خۆی دەسـەلماند چـونکە کەسـایەتی و پەیمانـدان لەلای ئەو هەموو شتێ بوو..

میـرزا هێشـتا لە بەهـاری تەمەنـی بـوو ژیـانی خێزانداری پێـک نەهێنـابوو، کـوردەواری گـۆتەنی ئەو ڕەبەن بـوو لای ئێوارە میرزا لەشار نزیک بۆوە شـارێک پێکهـاتبوو لە چەنـد

گەڕەکێک کە خانوەکان هەموویان لە بەرد و گەچ درووست کرابوون شێوازی درووست کردنی خانوەکان ڕێک بوو کۆڵانەکانیان وەک هی گوند نەبوون شار کۆڵانەکانی هەندێکیان ئەوەندە تەسک بوو ئەگەر دوو پیاوی چوار شانە ڕاوەستا بوونایە دەبوایە یەکیان ڕاوەستایە تا ئەوی دی ڕەت دەبوو، بەڵام هەندێک کۆڵان پان و بەرین بوون کەر و عارەبانەش دەیتوانی بە کۆڵانەکەدا بگەڕێ، ڕووناکی لە شار بەدیار دەکەوت و هەموو ماڵەکانی شار گڵۆپە زەرد و سوورەکانیان داگیرساندبوو لە دوورەوە کە سەیرت دەکرد دەتگوت ئەوە بەلەمە چارۆگەدارەکانن ڕووناکیەکانیان داگیرساندووە لە دەریادا، شەپۆلە ڕووناکەکەی ماڵەکان دوونیای ڕووناک کردبۆوە بریسکەیان دەهات دیمەنێکی زۆر جوان و کپ و بێدەنگی بە شار بەخشی بوو، میرزا کە لەدوور ڕا تەماشای ڕووناکی ناو شاری دەکرد هەستی بە ئارامی دەکرد، میرزا دەیویست کەمێکی تر خۆی تاخیر بکات بۆ ئەوەی زیاتر تاریک بێ و درەنگتر بێ چونکە چوونی میرزا بەم حاڵەوە کە خۆی بە چەک و تاخم و فیشەکدان بەستبوو خۆی لە خۆیدا کارێکی نایاسایی بوو بۆیە دەیویست درەنگتر دابێ، بەم شێوەی ئێستابەم کاتە نەچێتە ناو شار پاش تاوێک دنیا

بەتەواوی تاریک بوو و هەموو خەڵک لە ماڵی خۆیەتی پاسەوانەکان تاک تاک دەبینران دەنگی گڤەی با دەبیسترا، ئەوەندە چۆڵبوو ناو شار دەتگوت بنیادەمی تیانییە بێدەنگی باڵی بەسەر شار و شەقامەکاندا کێشابوو تەنانەت دەنگی جریوەی باڵندەکانی ناودارەکانی سەر شەقامیش نابیسترێ وەک ئەوەی هەمووان لە پشوودا بن.

میرزا زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆ لە کۆڵانەکان نزیک دەبۆوە و لەسەر پشتی ئەسپەکەوە بۆلای ڕاست و چەپی خۆی دەڕوانی و بە کۆڵانەکاندا ڕەت دەبوو و باش شارەزای ناو شار بوو ماڵی غەفووری هاوڕێی شارەزابوو دەیزانی ماڵەکەیان لە کوێییە و لەکام کوچەی ئەم شارەدایە، چووە سەری کۆڵانی ماڵی غەفوور نزیک بۆوە و لە دەرگای ماڵی غەفووری هاورێیدا و ئێستا دڵنیا بۆوە لەوەی کە ئەوە ماڵی غەفووری هاوڕێیەتی، میرزا بۆ دەور و بەری خۆی دەڕوانی بزانێ کەس نایبینێ ئینجا لە دەرگای ماڵی غەفووری دا و دەنگێک لە ژوورەوە هات ( کێیە لە دەرگا دەدات ؟!) میرزا دەنگەکەی ناسیەوە، میرزا گوتی: بیکەوە کاک غەفوور منم میرزا، غەفوور بە ناسینەوەی دەنگی میرزا بەپەلە هات دەرگاکەی کردەوە باوەشێکی بە میرزادا کرد و توند گوشی و ئەم لاو ئەولای یەکدیان ماچ کرد و

غفور گوتی: کوڕه میرزا ئەوه ئەتوو لە کوێ بووی هاتی و بزر بووی، فەرموو فەرموو برام یاخوا بەخێربێی چاوم ڕۆشن بۆوه یاخوا بەخێربێی ئاوەدانت کردەوه ئەسپەکەی لە میرزا وەرگرتوو و بردیە تەوێڵە چونکە ئەو کات خەڵکی شار وەک خەڵکی گوند دەژیان و لە زۆربەی کارەکانیان وەک یەک بوون، خەڵکی شاریش ئەسپ و کەر و مەڕ و مالاتیان ڕادەگرت، کەم ماڵ هەبوو ئەسپ و ماین و گوێدرێژیان نەبێ چونکە گرنگ بوو بۆ ژیانی ڕۆژانەیان، بۆیە لە شاریش خەڵکی تەوێڵەیان لە ماڵەکانیان هەبوو غەفوور بەپەلە لە تەوێڵە هاتە دەر و چووە لای میرزا..

یاخوا بەخێربێی کاک میرزا ئەوه چی تۆی بەم شەوه هێناوه بۆ ئێره خۆ هیچ نەبووه، میرزا بێ دەنگ بوو و هیچ قسەیەکی نەکرد لەگەڵ غەفوور چوونە دیوەخانەکە غفور گوتی: میرزا برام ئەو چەک و بەزم و ڕەزمە چییە خۆ خوا نەخواستە دوژمن دارنی؟ یان یاخی بووی لە حوکمەت هەڵدەگەڕێیتەوه ؟! میرزا سەری داخست و یەک وشەی نەگوت بێ دەنگ مات و غەمبار تاقەتی وەڵام دانەوەی نەبوو غفور: میرزا برام تۆ نانت نەخواردووه ئێستا نانت بۆ ئامادە دەکەن لەم کاتەدا دایکی غەفور و خوشکەکەی هاتنە ژوورەوه و بەخێرهاتنی میوانەکەیان کرد بە تایبەت پور

حەلـیم وەک کـوڕی خـۆی چـوو دەسـتی لە ملـی کـرد و میرزای ماچ کرد و میرزاش دەستی دایە حەلیمی مـاچ کـرد و خستیە سەرسەری و بێری خانیش زۆر بە گەرمی بەخێر هـاتنی لـێ کـردوو دواتـر دایە حەلـیم گـوتی: ئەدی کـوڕم ئەحواڵت دایک و باوکت باشن إن شاالله، میرزاش سوپاسی دایە حەلیمی کرد و گوتی باش دەبن إن شا الله پور حەلیم: بەخێربێی کوڕم سەرچاوم، کوڕم ئەمن دەچمە ژوورەکەی خۆم و دەچم شەو نوێژان دەکەم میرزاش گوتی: بڕۆ دایە گیان خوا قبوڵی بکات، دایە حەلیم ژوورەکەی بەجێهێشت و بێری خـانیش هەنـدی یەک و دوو سـێنی پـڕ خـواردنی بـۆ کاک میرزا ڕازاندەوە و هەرچی هەبوو لەسـەر سینییەکەی دانابوو و سینیان لەبەر دەم کاک میـرزا دانا و فەرموویـان لێکـرد تـا دەسـت بە نـان خـواردن بکـات، بە شـەرمێکی کچـانەوە گـوتی کـاک میـرزا بـم بـوورە لە کەمـوو کورتیەکانمـان، میـرزا گـوتی دەسـتت خۆشـبێ بێـری خـان ماندووم کردی، میرزا دەستی بە نان خواردن کرد تا تێر و پـڕی خـوارد دەسـتی کێسـایەوە و شـوکرانە بژێـری خـوای کـرد و بێری خـان هـاتە ژوورەوە و سـینییەکەی لادا میـرزا گـوتی: دەسـتەکانت خۆش بێت، ( بێری خـان ) خـواردنێکی گەلێک چاک بـوو، بێری خـان و غەفوور: نۆشـی گیانت بێ

برا ئەوجا بێری خان سەرو چایەکی بۆ هێنان بۆنی چایەکە دیوەخانەکەی پڕ کردبوو، بۆنی میسک و گوڵەباغ و دارچین پیاوی سەر مەست دەکرد هەردووکیان بە ئیشتیهاوە چایەکەیان فڕ دەکرد و چاکەیان خواردەوە.

غفور: برام میرزا ئەم تاقم و فیشەک دانە لەخۆت ناکەیتەوە ؟ ! با بۆت هەڵگرم. میرزا تاقم و فیشەک دانەکەی لەخۆی کردەوە و دایە دەستی غفوری.

غفور چەک و تاقمەکەی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە و شاردیەوە و پاش ماوەیەک غەفوور هاتە ژوورەوە، ئەوجا لەگەڵ میرزا کەوتنە قسەکردن میرزا گوتی: غفور برام ئەو دەرگایەی باش پێوەدە با کەس نەیەتە ژوورەوە هەندێک قسەم هەن..

غفور گوتی: خەمت نەبێت ئیتر کەس نایەتە ژوورەوە تا بانگیان نەکەم، میرزا بە ئاسوودەی دەستی بە قسان کرد و غەم بە ڕووخسارییەوە دیاربوو بەسەرهاتی باوکی بە وردی گێرایەوە کە چۆن باپیر ئاغا لەسەر زەوی و زاری خۆیان بە ناهەق باوکی کوشتووە لەکاتی جوتکردندا کاتێک میرزا نانی نیوەڕۆی بۆ باوکی بردووە دیویەتی چۆن باوکی لەناو خاک و خۆڵ لە خوێنی خۆی گەوزیوە چاوەکانی باوکی هەر بە کراوەیی مابوونەوە وەک ئەوەی

بییەوێت بڵێت میرزا کوڕم بە ناهەق کوژرام لەسەر ماڵ و ئاوی خۆم دەبێ تۆڵەم بکەیتەوە، چاوەکانی مام ڕەشید سکالایان لێدەباری بەرەمبەر بە باپیر ئاغای زاڵم و زۆر دار. کاتێ میرزا قسەکانی دەگێڕایەوە فرمێسک بە چاوەکانی دا دەهاتنە خوارەوە و دەستی بۆ گیرفانی برد و دەستە سڕەکەی هێنادەرێ و چاوەکانی پێ دەسڕییەوە، غفور بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی مام ڕەشیدی باوکی میرزا کاریگەر بوو و خەم و خەفەت بە ڕووخساریەوە دیار بوو، ڕووخساری سوور هەڵگەڕاو مووەکانی دەستی گرژبوون و دەمارەکانی ئەستوربوون و چاوەکانی سوور هەڵگەڕان و فرمێسک بە چاوەکانی داهاتنە خوارەوە و قورگی گیرا بوو بەحاڵ قسەی بۆ دەکرا ماڵی غفور لە شار دەژیان ئاگایان لە بەسەرهاتی باوکی میرزا نەبوو بەڵام ئەوان کۆنە هاوسێ بوون لە مێژ ساڵ بوو یەکتریان دەناسی بەڵام لەمێژبوو یەکتریان نەدیبوو، هاوڕێیەتی میرزا و غفور لەوەوە دەستی پێکردبوو، کە کاتی خۆی باوکی غفور وەستای مسگەری و خمچی بوو، هەموو شتێکی لە مس درووست دەکرد و قوماشی لە خم دەگرت و لە گوندەکان دەگەڕا بۆ بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵی، ڕەحیمی باوکی غفور پیاوێکی دەوڵەمەند و پوڵدار بوو لەچاو خەڵکی تر

چونکە وەستا ڕەحیم لەشار خاوەنی خانووی قوڕ بوو ماڵ و حاڵێکی باشی هەبوو و منداڵەکانی ناردبووە بەر خوێندن،

کە هاوین دادەهات باوکی غەفور، غفوری کوڕی لەگەڵ خۆی دەگێڕا و هەموو ساڵێک دەهاتنە ماڵی میرزا و لەماڵی مام ڕەشید دەحەسانەوە بە مانگ و دوو مانگ چونکە مام ڕەشید و وەستا ڕەحیم زۆر یەکتریان خۆشدەویست ناموس نەبێ چیتریان لێک چاو نەبوو، بۆیە وەستا ڕەحیم ماڵی مام ڕەشیدی بە ماڵی خۆیان دادەنا و وەک ئەوەی لە ماڵی خۆیان بێ وا هەڵسووکەوتی دەکرد، ئەوە بووە هۆی ئەوەی میرزا و غفوریش ئەو هاوڕێی یەتیەیان لە باوکیان بۆ مابۆوە و ئەوانیش بوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتری غفور گوتی: میرزا برام ئێستا تۆ بەتەمای چییت؟! بەتەمای تۆڵە کردنەوە هاتوویتە شاری و دەتەوێ باپیر ئاغا بکوژی ؟!

میرزاش سەری بەرزکردەوە و تەماشایەکی ناو چاوی غفوری کرد و زۆر بە ڕقەوە گوتی: بەڵێ دەمەوێ ئەم سەگە بتۆپێنم چونکە بە ناهەق و لە هیچ و خۆڕای باوکی منی کوشتووە. غەفور سەری داخست و گوتی: ئەو پیاوە باپیر ئاغا شەو وڕۆژ دەوری بە پاسەوانە بێ ویژدانەکانی گیراوە و پاسەوانی دەکەن چۆلەکە ناتوانێ بەسەر ماڵیاندا

بفڕێـــت بەری دەدەنەوە پیـــاوێکی دیـــارە خـــاوەن هێـــز ودەســـەڵاتە تەنـــانەت حکـــومەتیش لایەنگیـــری ئەو دەکـــات ئەگەر ناحەقیەکیش بکات.

میرزا گوتی: غەفوور چییە؟ دەمترسێنی وادەزانی خـوا دروسـتی نەکـردیە ئەویـش وەک ئـێمە گۆشـت وخـوێنە و دەمرێ و ئەو زاڵمەش دەبێت بەدەستی من بمرێت!.

دواتر وەک خۆت دەڵێی حکومەتیش لەگەڵ ئەوە کەوایە سکاڵای خۆم بۆ لای کێ ببەم کەس وەڵامان ناداتەوە، خۆم بە دەسـتی خـۆم تـۆڵەی باوکمـانی لـێ دەکەمەوە، دەبێت لە خـوێنی خـۆی بگەوزێـنم ئەگەر هەزار پیـاو لەچـواردەوری بێت...!

غفـوور: نـا کـاک میـرزا بـرام مەبەسـتم ئەوە نیـیە تـۆ بترسـێنم دەزانـم تـۆ کەسـێکی ترسـنۆک نیـت بەڵام ئەوە ڕوونکردنەوە بوو بۆ تۆ.

میـرزا گـوتی: مـن ئەمـانە هەمـووی دەزانـم بەڵام تـۆڵەی خوێن خوێنە دەبێت بکوژ بکوژرێتەوە..!!

غفـوور: ڕاسـتە کـاک میـرزا دەبێـت بکـوژ بکـوژرێتەوە، دەتەوێت چی بکەین و لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

میرزاسەیرێکی ناوچاوی غەفوری کرد و گـوتی پێویسـیم بە هاوکاری تۆ هەیە یارمەتیم دەدەیت؟

غەفوور بێ دوودڵی گوتی: ئەوە قسەیە برام؟ ئەی چۆن هاوکاریت ناکەم ئەوەی کوژراوە باوکی تۆیە بەڵام مامی منیشە دواتر مام ڕەشید بە ناهەق کوژراوە چونکە بەڕەحمەت بێ لەگەڵ باوکم زۆر یەکتریان خۆش دەویست.

میرزا گوێی لێ بوو غفوور گوتی ڕەحمەتی بۆ باوکی نارد!

میرزا سەری بەرزکردەوە و تەماشایەکی غفووری کرد و گوتی:

بۆ وەستا ڕەحیم وەفاتی کردووە؟

غفوور: بەڵێ بەر ڕەحمەتی خوا کەوتووە و کۆچی دوایی کردووە.

میرزا زۆری سوو لێ بۆوە و گوتی خوا لێی خۆش بێت انشاءالله جێگای بەهەشتە بەڕاستی بەداخەوە بۆ وەستا ڕەحیم پیاوێکی چاک و ئیماندار بوو و زۆر هاوکاری خەڵکی هەژاری دەکرد، پیاوێکی حەق و سەر ڕاست بوو خوا لێی خۆشبێت و تەمەن درێژی بۆ ئێوە جێ هێشتبێت......

غفوور: سپاس برام لەگەڵ ئێوەش

غفوور ڕووی لە میرزا کرد و گوتی: کاکە من ئێستا چی بکەم؟ چۆن یارمەتیت بدەم؟ هەرچی دەتەوێت بیڵێ دەیخەمە سەر سەرم

میرزا گوتی: غفوور برام دەمەوێت ماڵی باپیر ئاغام بۆ بدۆزیتەوە بزانە لەکوێ یە و بزانە چەند کەس لەگەڵی دەبن؟ پاسەوانەکانی ماڵەوەیانی بای چەندن؟ دوایی دەمەوێت بزانم باپیر ئاغا لەگەڵ کێ دادەنیشێت و هاتوچۆی کێ دەکات و زیاتر لە کێ دەچێتە پێشەوە کاتێک دەچێتە دەرەوە؟ چەند کەسی لەگەڵە و سیقە ومتمانەی بەکام لە پاسەوانانەکانی لەهەموان زیاتر باوەڕی پێدەکات دەمەوێت ئەوەیان بناسم بزانم هیچم بۆ دەکرێت جاری ئەوەندە بەسە. غفوور گوتی: بەسەرچاو کاک میرزا لە هەمووی پرسیارت بۆ دەکەم یەک یەک چاودێریان دەکەم، شەو زۆر درەنگی کرد لە نیوەشەو لای دابوو جگە لە غفوور و میرزا ئەوانی تر هەمووی خەوتبوون، میرزا و غفوور سەرێکی حەوشەکەیان دا و ئاسمانێکی ساماڵ و جوان و ڕووناک بوو ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە و دیارکەوتبوون مانگ بەدەرەوە بوو و پاک وبێگەرد خۆی نیشان دەدا و هەوایەکی زۆر پاک و سازگاری هەبوو مرۆڤ هەرچەندی سەیری دەکرد پڕ بە سییەکان هەوای

هەڵـدەمژی شــەوێکی کـش ومــات دەنگــی جریــوە جریــوی چـۆڵەکەش نابیســترێت پــاش کەمێـک بێـدەنگ بــوون غفــور گـوتی: میـرزا بـرام تـۆ بچـوەرە ژووری ســەرێ تـایبەت بە میوان هەموو شتێکی لێیە بڕۆ بخەوە منیش دەچم دەخەوم بەیـانی ئەگەر خـوا تەمەنـی دایـن تەکبیرێـک لەو مەســەلەیە دەکەین، میرزا: زۆر باشە برام

غفور بە پلیکانەکاندا چووە سەرەوە و میرزاش بەدوایدا، غفـور ڕێنمـایی کـرد بـۆ ژوورەکە و شــەو و شـادی کـرد و چــــووە خــــوارەوە، میــــرزا چــــاوێکی بە ژوورەکەدا گێــــڕا ژوورەکە زۆر جـوان و ســەرنجراکێش بـوو دوو تەخـتەی خەوتــن لە ژوورەکەدا بــوو لەگەڵ دۆڵابێکــی دوو دەرگــای شتومەک لەسـەر تەختەی نووسـتنەکە دۆشـەکی ئەسـتوری چندراو دانرابوو لەگەڵ ( سەرین ) بـالیفی جوان و ڕازاوەی بەدەست چندرا و لە دامێنی دۆشەکەکان لێفەی ئەسـتوور و پاک و بۆن خۆش هەبوون،

دیواری ژوورەکە هەمووی بە جاجم و مافور نەخشێندرا بــوو و مــافوری ئەســتوور و جـوان لە زەویەکە ڕاخرابـوو ڕیشدار بوو تەیرێک و گیاندارێک لەگەڵ ڕاوچی لەسـەر ئەم مــــافورە نەخشەســــازی بــــۆ کرابــــوو، هەر حەزت دەکــــرد تەماشـای دار و دیـواری ژوورەکە بکەیـت و دیمەنێکی زۆر

جوان و سەرنج ڕاکێشی هەبوو هەر کە دەهاتیتە ژوورەکە دڵت دەکرایەوە بەڵام حەوشەی ماڵەکە پەنجەرەیەکی گەورەی تێدابوو دەیڕوانییە حەوشەی ماڵەکە ، کە دەرگات دەکردەوە بن هەیوانێکی گەورە و جوانی هەبوو لەبن هەیوانەکە چەندین گۆزە گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ هەبوون، هەر لەبن هەیوانەکە گۆزەیەکی جوانی ئاو خواردنەوە هەبوو کە سینییەکی فافۆنی لەسەر دانرابوو و پەرداخێکی ستیلی جوانی لەسەر داندرابوو دەورووبەری کوپەکە بە پەلکی سەوز و گیای جوان ڕازابۆوە لەگەڵ جۆرە گوڵێک پێی دەوترێ ( غەزەرۆک )

ئینجا میرزا خۆی داکەند و کراس و بێجامەی خاوەن ماڵی کە لەناو دۆڵابەکەدابوو لەبەر کردوو چووەسەر جێگا کە هەردووچاوەکانی لێکنا، یەکسەر خەوی لێکەوت، چوونکە بەڕۆژ زۆر ماندوو ببوو، ڕۆژە ڕێگایەک لەسەر پشتی ئەسپەکەی ببوو، شەویش درەنگ نووست، چوونکە لەگەل غەفوور هەر گفتووگۆیان بوو، هەموو ئەوقسانەیان کرد کە چەندین ساڵبوو یەکتریان نەدیبوو، لەسەروو هەموشیانەوە کوژرانی مام ڕەشیدی باوکی میرزا..!!

## (٣)

ڕەزا چەند هەنگاوێک لە پشتی جاسم بوو، ئەسپەکەی ئەوەندە سپی بوو دەتگوت لە بەفر دروست کراو، بە نوقتەیەکیش خاڵێکی تێدا نەبوو ئەسپێکی زۆر بەهێز بوو، ڕەزا سەرێکی دەوروبەری خۆی کرد لە کاتی ڕۆیشتندا جاسمیش بە دوایەوە بە هەمان شێوە لەسەر پشتی ئەسپێک بوو ئەویش زۆر بەهەستەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی دونیا بۆنی خاکێکی زۆر خۆشی لێ دەهات هەر ئارەزووت دەکرد بۆنی تەڕی ئەم خاکە بکەیت.

ڕەزا: جاسم

جاسم: بەڵێ کاک ڕەزا

ڕەزا: هەست بەبۆنە ئەم خاکە دەکەی ئەوەندە بۆنی خۆشە بۆنێکە وەک بڵێی بەحرو ئاو ئاوێتەی یەکتر بوون بە بۆنە خۆشەکەی پیاو سەرسام دەکات

جاسم: بەرێ راست دەکەی کاک رەزا. جاسم بە درێژایی دانە رۆژێک رۆیشتوون، لای نیوەرۆیە خۆر لە ئاسمان بەرز بۆتەوە ئسمانەکەی ئەوەندە شین و جوان و بریسکەدارە دەڵێی زیوە کەم کەم بەفرەکان لەسەر زەوی دەتوانەوە و جۆگەڵەی باریک باریکی ئاو دروست ببوو و ڕۆنی ئاوی ناو جۆگەڵەکە دەتگوتچاوی قرژاڵە بەم سەرمایەش مرۆڤ هەر حەزیدەکرد کەمێکی لێ بخواتەوە،

لای نیوەرۆیە رەزا پێش ئەوەی چوبێتە ناو گوندەکە توشی کابرایەکی رێبوار هات و رەزا: ماندوو نەبی کاکی رێبوار

کابرای رێبوار: خۆتان ماندوو نەبن براکانم

رەزا: پێدەچی تۆ خەڵکی ئەم دێیە بی..

کاکی رێبوار: بەڵێ من خەڵکی ئەم دێیەم

رەزا: باشە دەکرێ پێمان بڵێی ماڵی مام حمە غەریب کامەیە ؟

کاکی رێبوار بە زەردەخەنەوە گوتی: بە مرجێک نیشانتان دەدەم...

رەزا: فەرموو برام مەرجەکە چییە ؟

کاکی رێبوار: دەبێ نیوەرۆ میوانی برای خۆتان بن ئەو کات نیشانتان دەدەم دەڵێم ماڵی حمە غریب کامەیە

رەزا و جاسـم گوتیـان باشـه بەڵام دەبـین بە ئەرک بەسەرتانەوە

کـاکی ڕێبـوار: قسـەی وا مەکەن بـرام مـن لە بەیانییـەوە چاوەڕێم میوانێکی وەک ئێوەم بە نسیب بێت یاخوا بەخێر بێن ماڵمـان ئاوەدان دەبێتەوە مـاڵ بە میوانەوە جوانە خـوا بەرەکەتـی دەخـاتێ کـابرای ڕێبـوار لە خۆشـی میوانەکـان دەمـی بەیەک نە دەکەوتەوە و لە جـێ خـۆی نـاحەجمێ دەسـتی بە سـینگی دەدا و دەیگـوت: فەرمـوون فەرمـوون گەورەتـان کـردم لە خزمەتتانـدام کـاکی ڕێبـوار بە خۆشـحاڵییەوە لە پێشـیان دەرۆیشـت پرسـاری لـێ کـردن دەیگوت کوڕی چوارده ساڵییه لە ڕۆیشتندا کاکی ڕێبوار تەمنی سەرو حەفتا ساڵیە بەڵامپیاوێکی کەتەیی باڵا بەرز و دەست پەنجە گەورە و جووتە برۆیەکی ڕەش و ئەستوری هەبوو ریش و سمێڵێکی سپی وەک خوری هەبوو و جوت چـاوێکی ڕەش ڕەش برۆیەکـانی هەدووک بریسـکەیان لـێ دەهـات ڕەزا و جاسـم سـەیری یەکتریـان دەکـرد و پـێ دەکەنـین وردە وردە زەردەخەنەیـان بـۆیەک دەکـرد کـاکی ڕێبـوار نـاوە نـاو ئـاورێکی دەدایەوە و زەردە خەنەیەکـی دەخسـتە سـەر لێـوان و دەیگـوت یـاخوا بەخێـربێن کـاتێ گەیشـنەوە مـاڵەوە لەبەر دەرگـای حەوشـە کـابرا دوو

ئەسـەکەی لـێ وەرگـرتن و بـانگی کـورەکەی کـرد ە گـوتی کـوڕم خێـرا وەرە میوانمـان هەیە کـورەکە یەکسـەر بەرەو باوکی هات و بەخێرهاتنی رەزا و جاسمی کرد بە رویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ کردن

کاکی رێبوار بە پەلە بە گوێی کورەکەی چرپاند کە بروا ئەسپەکان دا بمەزرێنێ و ئاو و ئالیکیان بداتێ

کورەکە: بەسەرچاو بابە هەر ئێستا

رەزا و جاسم و خاوەن ماڵ چونە دیوەخانەکە دانیشتن و خـاوەن مـاڵ دووبـارە بەخێـر هـاتنی کـردن و گـوتی گەورەتـان کـردین و یـاخوا بەخێر بێن سـەر چاوم، رەزا و جاسـم وەڵامیـان دایەوە: خـوا لێتـان رازی بێـت و چـاوت خۆش بێت کورەکە هاتە ژوورێ مەسینەیەکی ئاوی گەرم و تەشـت و خـاولی و سـابونی بـۆن خۆشـی هێنـا لە بەردەم رەزا و جاسـم دانـا و یەک بە یەک دەسـت و چاویـان شوشت و بۆنی خۆشی سابوونەکە بە هورەکەدا بڵاو بۆوە و ژوورەکەی پڕ کـرد ئینجـا کـورێکی تـر لەو بچـوکتر هـاتە ژورەوەو بەخێرهـاتنی کردن و سفرەیەکی جوانی گەورەی راخسـت لەگەڵ بـراکەی تـری بە یەک و دوو سـفرەیان رازانـدەوە و نەتـدەزانی سـەیری بـکەی گۆشـتی کەروێشـک گۆشتی کەڵەشێر بە ئاوی خۆی پڵاو ساوار و قەرەخەرمان

و ساوەر بە هەرشتە تەڕەساس و جۆرە سەوزەوات و لەسەر سفرەکە شەربەتی سرکەی خۆمانە، لە هەنار دروست کرابوو، خاوەن ماڵ فەرمووی لە میوانەکان کرد و زۆر خۆشحاڵ دیاربوو، هەر لە جێگەی خۆی دەجولا و ئەو هەممو جوڵانە لە خۆشی هاتنی میوانەکان بوو.

ئینجا ڕەزا و جاسم هاتنە پێش و ناوی خودایان لێ هێنا و دەستیان کرد بە نان خواردن، ڕەزا گوتی: یاخوا دەستان خۆش بێت و دەستی کابانی ماڵ نەڕزێ دەڵێی دەتانزانی ئەمڕۆ میوانتان دێت ئەو هەموو خواردنە ئامادەکراوە، ئینجا خاوەن ماڵ گوتی: دوێنێ شەو لە ڕاو بووم دوو کەروێشکی گەورەم ڕاوکردووە بە خێزانەکەم وت بۆ بەیانی میوانمان دێت بۆمان ئامادە بکە، پیرێژنەکەم گوتی بەچاوان و بەیانی لەگەڵ کەڵەشێرەکە بۆتان ئامادە دەکەم، وتی انشاءالله میوانمان دێت، منیش گوتم انشاءلله، بۆیە لە بەیانییەوە هاتومەتە دەرەوە گوتم میوانێک ببینم و بیهێنمەوە ماڵەوە، وەکاتێک چاوم بە ئێوە کەوت لە خۆشیان دەمم بۆ لێک نەدەکراوە و زۆر خۆشحاڵ بووم، پێش ئەوەی ئێوە ببینم دڵم زۆر تەنگ بوو، گوتم تازە درەنگی کرد ئیتر کەس نایەت بۆیە کە چاوم بە ئێوە کەوت گەشامەوە،

کوره یاخوا بەخێر بێن خزمینە.

ڕەزا وجاسم: خوا بەرەکەتدارتان بکات انشاءالله تۆ لە چاکەی خۆتە قەت نانی کەم ناخۆی انشاءالله.

خاوەن ماڵ: انشاءالله

خاوەن ماڵ فەرمووی لێ کردین وەرنە پێش هەموو دەستیان بە نانخواردن کرد و بەبێ دەنگی نانیان دەخوارد و تەنها دەنگی کەوچک و قاپەکان دەهات، لەگەڵ فڕەفڕی چەلاوی کەڵەشێرەکە، بێ دەنگی باڵی بەسەر دیوەخانەکەدا کێشابوو و ڕەزا وجاسم زۆریان برسی بوو، چونکە دانە ڕۆژێک لەسەر پشتی ئەسپا بوون تێر وپڕیان خوارد و دەستیان کێشایەوە و لەسەر خوانەکە شوکرانە بژێری خوایان دەکرد و ڕەزا گوتی: خوا بەرەکەت بخاتە ماڵتانەوە مامە گیان و جاسمیش هەروەها وتی خوا بەرەکەت بخاتە ماڵتانەوە خاوەن ماڵ گوتی: نۆشی گیانتان بێت یاخوا بەخێربێن.

کوڕەکان سفرەکەیان کۆکردەوە و لە ژورەکە بردیانە دەرەوە، دواتر لەسەر سینی زەردی لە نەخش دروستکراو تاقمە چایان هێنا ژورەوە بۆنی خۆشی هەموو دیوەخانەکەی پڕ کرد، دوای چاخواردنەوە ڕەزا گوتی:

مامەگیان مەرجەکەی تۆمـان جێ بەجێ کرد و تۆش مـاڵی مام حەمە غەریبمان پێ بڵێ.

دونیـا زۆر سـارد بـوو هەور سـەری لە زەوی نـابوو و زۆر تاریک بوو بروسکە دەیگرماند و هەمـوان لەبەر دەمـی ئـاگردانەکەدا دانیشـتبوون بـاران نـمە نـمە دەسـتی پێ کـرد، چۆلەکەکان بۆ هێلانەکانی خۆیان دەگەڕانەوە و مەلەکان لە ئاسـمان بـوون و جریـوە جریویـان لە ئاسـمان دەبیسـترا بەهۆی زۆری هەورەوە و تاریکی ئاسمان نەدەبینران تەنها دەنگیـان دەبیسـترا، بـارانەکە زیـادی کـرد و دەتگـوت ئـاوی هەموو دەریا وزەریاکان چۆتە ئاسمان و سەرەولێژ دێتەوە خوار بارانێک بـوو شـێوەی نەبـوو، خـاوەن مـاڵ خێـرا خێـرا دار وشـتی دەهێنـا و لەسـۆپا داریـنەکەی دەکـرد و سـۆپا داریـنەکە گەرمـی بەهەمـوو لایەکـدا بڵاوکـردەوە بەهـۆی ڕەشەبای توندەوە دووکەڵەکە لە هەموو سـەربانی گونـدەکە دەبینـرا، بـارانەکە زۆر زیـادی کـرد و جـۆگەڵەی بەخـوورِ دروست ببوو، دەچووە خوارەوە دەرژانە نـاو ڕوبارەکـان و ئاوی ڕوبارەکـان زیادی دەکرد، ڕوبارەکـانیش دەڕژانە نـاو زێیەکان و ئاوی زێیەکان زۆر زیادی دەکرد و دەچووە نـاو دەریـــا، دەنگـــی خۆشـــی لێـــزمەی بـــاران و تەپ تەپەی سـەربانەکان خـوڕە خـوڕی سـولاوکەی ماڵەکـان دەنگێکـی

خۆشـی دروسـت کردبـوو، هەروەک مۆسـیقا حەزت دەکـرد گوێی لێ بگریت، لە زۆربەی سـەربانی گوندەکان پیاوەکـان باگوردانیـان دەگێـڕا بـۆ ئەوەی ماڵەکانیـان دڵـۆپە نەکـات. گورگەکـان، ڕێویەکـان، چەقەڵەکـان تەنـانەت ورچەکـانیش هەموویـــان خۆیـــان لە کولانەکانیـــان نـــابوو و نەدەهـــاتنە دەرەوە، ناوە ناوە دەنگی هەورە بروسـکە گوێی بەنیـادەمی کەڕ دەکرد، ئەوانەی لە دییوەخانەکە بوون هەموویان لاقیان ڕاکێشـــابوو و هەســـتیان لە بـــاران و بروســـکە ڕاگرتبـــوو ورتەیـان لەدەم نەدەهـاتە دەر چـاوەڕوانی ئەوەبـوون کەی بارانەکە لێی بکاتەوە یان کەم ببێتەوە.

لەوکاتەدا کوڕە بچوکی ماڵ هاتە ژورەوە و تکریی پڕ لە شیری کوڵاوی هێنـاژورەوە و بۆنی شـیری کـوڵاو یەکجـار خۆشبوو، بە دەستێک سینیەکی پڕ لە پەرداغی بەدەسـتەوە بـوو و ئامـادەبوان بە بینینـی ئەم تکـریە شـیرە کـوڵاوەوە خۆیان کۆکردەوە و لاقی خۆیان هەڵکێشا و کـوڕەکە سـەرو پەرداغێک شیری پێدان و هەندێک هەنگوینی بۆ لە شـیرەکە کـردن و هەنگوینەکە لە شـیرەکە تـوایەوە و بـۆن وتـامێکی زۆر خۆشـی بە شـیرە کـوڵاوەکە بەخشـی و هەر تـامەزرۆ بـوون شـیرەکەیان بخـۆن. دوای شـیرخواردنەکە ڕەزا هـاتە دەنگ و گوتی:

پێویستە بەیتارەکە ببینین و لەگەڵ خۆمان بیبەین و بگەڕێینەوە، لەبەرئەوەی دوو نەخۆشی پەریشانمان هەیە، خانەخوێیەکە بەدوای بەیتاری گوندەکەی نارد، کاتێک بهیتارەکە هات، ڕەزا ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، لەبەر ئەو پیاوەتی و گەورەییەی لەگەڵ مام کوێخایان کردبوو، بەیتارەکە بڕیاریدا ڕاستەوخۆ و بێ دواکەوتن لەگەڵیان بکەوێتە ڕێ، بەوشێوەیە ڕەزا و جاسم خۆیان کۆکردەوە و ماڵئاواییان لە خانەوخێیەکەیان کرد، لەگەڵ بەیتارەکە کەوتنەڕێ.

(٤)

کاتێک رۆژ هەڵات و زەوی ڕوناک بۆوە تاریکی نەما و رووناکی لە پەنجەرەی ژوورەکەی میرزای دەدا و میرازا کەوتە جولە لە خەو هەلسا و چاوێکی بە دەور و بەرەکەیدا گێرا و هەستا جلەکانی لە بەر کرد و کەوتە جولە هەر لە سەر پلیکانەکاندا یەک دووجار بانگی کاک غەفووری کرد، غەفوور هاتە دەنگ بەلێ کاک میرزا هەستای لە خەو ئەوە هاتم، غەفوور بە سەر پلیکانەکاندا سەرکەوت بەیانی باشی لە میرزا کرد و دەستی گرت و گووتی: برام باش خەوتی خۆ جێگەکەت خراپ نەبوو میرزا گووتی نا زۆر باش بوو تا ئێستا خەوتبووم، غەفوور گووتی کاک میرزا نان ئامادەیە فەرموو با بچین نان بخۆین، میرزا گووتی پاش نان خواردن دەچینە دەرەوە کاک غەفور، غەفور باشە دەچین، هەردووکیان بە پلیکانەکان هاتنە خوارێ چوون بۆ

ژووری نان خواردن، دایکی غەفور لە گەڵ خوشکی غەفور لە وێ بوون میرزا بەیانی باشی لێ کردن ئەوانیش بە روویەکی خۆش وەلامیان دایەوە سفرەی نان خواردن رازابۆوە لە پەنیری کوردی، گوێز، هەنگوین، هەنگوینی کوێستانەکان لە کەشک و رۆن، سفرەیەکی جوان، خوشکی غەفور ئەستوکی گەرمی دروست کردبوو هەموان بە بێ دەنگی نانیان دەخوارد بێ دەنگی بالی بە سەر ژورەکە کێشابوو تەنها دەنگی کەوچک و ژێر پیالە و پیالە دەهات غەفوور و میرزا تێر و پریان نان خوارد شوکرانە بژێریان کرد و سووپاسی خوایان کرد، پاشان هەردووکیان جووت چوونە ژورەکەیان و بە دوای ئەوان دایکیان هات هەردووکیان لە بەری هەستانەوە بە رێزەوە تا ئەو دانیشت، دایکی غەفور ژنێکی تا بلێی لە سەر خۆیە رووخۆش و دەم بە پێکەنینە، وتی: میرزا کورم بۆ نیوەرۆ حەز بە چیدەکەی تا ئامادەی بکەین میرزا سوور هەرگەراو وتی: دایە گیان پێویست بە ئەزێت ناکات هەر لە بەرد نەرم تر بێت من دەیخۆم، دایکی غەفور وتی کەواتە بە دلی خۆم خواردنێکی خۆش ئامادە دەکەم. غەفور ووتی: دایکە ئێمە کەمێک دەچینە دەرەوە پێش نیوەرۆ دینەوە، دایکی غەفور وتی بە خێر چن خوا ئاگادارتان بێت ئاگاداری خۆتان بن،

غەفور و میرزا لە دەرگای حەوشە هاتنە دەرەوە و بەرەو ناو شار بەرێ کەوتن لە ڕێگا دوو بە دوو قسەیان دەکرد و باسی باپیر ئاغا و مارف ئاغایان دەکرد لەوسەری بازارەکە تا ئەوسەری بازارەکە پیاسەیان دەکرد تا هەردووکیان ماندوو بوون چوونە چای خانەیەک غەفوور داوای دوو چای کرد شاگردی چاخانەکە دووچای بۆ هینان و لە بەردەمیانی دا ناو وتی: نۆشی گینتان یێت، غەفور وتی دەست خۆش براله،

میرزا روی لە غەفور کرد و ووتی برام خۆ تۆ باپیر ئاغات دەناسی، غەفوریش ووتی کەس هەیە لەم شارە ئەم دوو سەگە نە ناسێت، رۆژ تا ئێوارە لە م شارە دەسورێتەوە ئەمە بە دلی نەبێت دارکاری دەکات و پیاوەکانی وەک سەگی هار تێی بەر دەبن، غەفور وتی: بۆ دێتە ناو بازاریش دەسورێتەوە !؟ میرزا وتی: ئەی چۆن بۆ لە ماڵ دادەکەسێ !؟ بەردەوام لەم چای خانە بۆ ئەو چای خانە دەگەرێ بچێتە هەر چای خانەیەک هەر کەسێک لە بەری هەلنەستێ بە ئیشارەتێک پیاوەکانی دارکاری دەکەن و دەری دەکەنە دەرێ لە بەرچاوی خەلک سوکی دەکەن و دەری دەکەنە دەرەوە تەنانەت بۆ کەسی غەریبیش وانە

ئەوە هیچ ئەو کەسانەی کە دەیان ناسن دەبێ بە ملکەچی لە بەری هەستنەوە

میرازا وتی بۆ دیارە لەم شارە دا یاسا نییە کەس بە کەس نییە غەفوری برام !؟ غەفور وتی ئەوانە کەسانی دەولەمەندن دەست رۆیشتوی ئەم میلەتەن ئەوانە پیاوی دەلەت بە پارە رازی دەکەن ئەگەر بچیتە لای دادوەریش سکالا بکەیت، هەر ئەوان لە سەر حەقن، هەموویان یەکن هەزار و یەک شت دەهینەوە بۆ ئەوەی ناحەق بکەن حەق.

میرزا وتتی غەفوری برام ئەی بۆ خەلک قبوولی دەکەن !!؟ ئەی ئەوانیش مرۆڤ نین ؟ خۆ لە دار و ئاسن دروست نەبوون با هەر ئاغا و پارە دار و دەولەمەند بێت ئەمانەش گۆشت خوێنن گۆشت و خوێنن بە نووکی خەنجەر ورگیان دێیە گۆر، غەفور وتی میرزا گیان خەلک دەستی بە کلاوی خۆی گرتوە با نەی بات میرزا وتی لۆ ناحەقی کەس نابی دەست بە کلاوی خۆی بگرێت لەم قسانە بوون باۆیر ئاغا و پیاوەکانی بە بەردەم چاخانەکان دا هاتن غەفور وتی: میرزا ! میرزا !ئەمە باپیر ئاغا و پیاوەکانییەتی بەپەلە غەفور پارەی چاکانی داو لە چاخانەکە هاتنە دەروە دوا بە دوای ئەوان دەرۆیشتن غەفور وتی: ئەوەی دەشەلێت ئەوە

چاوەکشی کوێرە میرزا وتی: بریا هەردوو چاوی کوێر بوایە میرزا ووتی: غەفور مالی باپیر ئاغا پێ دەزانی !؟

غەفور وتی: جا کێ هەیە لە م شارە مالی ئەو پێ نەزانێت ئەو خانوەکی گەورەی لە ناوەراستی شار هەیە، وەک بەفری سپی وایە خانوەکە لە بەردە شاخی سپی دروست کراوە کۆشکێکی گەورە و رازاوەی هەیە، هەرچواردەوری بە دیواری بەرزە و تەلبەند کراوە، هەرچوار دەوری حەدیقەیە و جورەها داری میوەی لێیە باپیر ئاغا سێ ژنی هەیە بەلام مندالی نابێت ئەوانەی دەچنە مالی باپیر ئاغا سەریان دەسورمێ دەلێن نازانیت سەیری چی بکەیت هەرچی دلت بیخوازێ لەوێ هەیە دەلێین خانوەکەی لە ژورەوە سێ دیوەخانی هەیە دیوەخانێکیان لە هەمویان گەورەترە تایبەتە بە میوان لەم قسانە بوون دوا بە دوای باپیر ئاغا و پیاوەکانی دەرۆشتن شار قەلەبالغ بوو هەستیان بەوە نەدەکرد کە بە دوایاوەن کاتێک کە نزیک بوونەوە لە مالی باپیر ئاغا دەت وت کێوە لە بەرزیان غەفور دەستی لۆ مالێ باپیر ئاغا درێژ کرد وتی میرزا برام ئەوە مالی باپیر ئاغایە میرزا کە سەری بلند کرد هەموو بەردەرگای مالیان پاسەوان بوو لە جەربەزەو پیاو کوژ دەچوون باپیر ئاغا گەیشتەوە بەردەم مالی خۆیان چوە

حەوشەکەو ون بوو، غەفور وتتی: میرزا برام شتەکت پێ دەلێم بە قسەم بکە میرزا گووتی بەسەر چاو غەفوور وتی کاتەک بە بەردەم پاسەوانەکان رۆیشتین سەلامیان لێ بکە میرزا وتی بۆ غەفور وتی تۆ سلاویان لێ بکە گەشتنە بەردەم مالی باپیر ئاغا و سلاویان لە پاسەوانەکان کرد پاش چەن هەنگاوێک کە لێیان دور کەوتنەوە غەفور وتی ئەوانە هەر کەسێک بە بەردەمیان دا بڕوات سلاویان لێ نەکات هەر بۆ خۆشی تەقەی لێ دەکەن زۆر جار خەلکیان بریندار کردوە هەر بۆ خۆشی کەسێک نییە لێایان بپێچێتەوە بلێ ئەو هەموو زرم و هۆرە چییە ؟ چونکە هەمووان دەزانن بەردەم مالی باپیر ئاغایە حوکمەت و دەسەڵات دارانیش چاوپۆشیان لێ دەکەن بەلێ تەقە دەکەن تەقە لە ژن لە سەگ لە پشیلە لە هەموو شت دەکەن تەنانەت تەقە لە ئاسمانش و خوداش دەکەن ئەمانە زۆر بێ ناموسن زۆر میرزا وتی: غەفوری برام ئاوا بۆیان ناچێتە سەر رۆژێک دێت ئەم خاک خۆلەیان لە تورەگە دەکەم و ئەم کۆشکەیان بەسەر دا دەروخێنم تۆ هێشتا تورەی خەلکت نەبینیوە برام غەفور رۆژێک دێت ئەم میللەتە نووستوە و داماوە بەرق و تورەی دێتە سەر ئەم ئاغاو دار دەستەکەی تەفر و توونایان دەکەنن هەزاران لەوانە بە

دەسەلات تر و دەست رۆیشتوو تر لە بەر رقی تورەی جەماوەر لەناوچوون و تەفرو توونا بوون مێژووش زۆر بە پیسی باسیان دەکات ئەوانە ناویان دەچێتە زبلدانی مێژوو نەوە لە دوای نەوە بە پیسی باسیان دەکات غەفور وتی: راستە برام هەتا رۆژی خۆیان دێت لەم قسانە بوون بەرەو مالەوە چوونەوە کاتی نیوەرۆ لە دەرگای حەوشەیان دا خوشکی غەفور دەرگای لێیان کردەوە و بەخێر هاتنەوەیانی لێیان کرد ئەوانیش سلاویان لێ کرد غەفوور وتی: خوشکم بۆنی شیوەکی زۆر خۆش دێت لەم مالە خوشکی غەفور ووتی راستە کاکە شیوێکی خۆشمان لێناوە لە گەل دایکم انشاللە ب دلتان دەبێت غەفوور وتی: خوشکم شیوێک ئەتوو لێی نێت دەبێ چ شیوێک بێت خاستەن دەست پەنجەی دایکمی تێدا بێت غەفوور و میرزا هاتنە ژوورەوەو دەستی دایکیان ماچ کرد و بەخێر هاتنەوەیانی کرد.

لە ژووی نان خواردنەکە دانیشتین و خوشکی غەفور سفرەکەی رازاندبۆوە نەت دەزانی سەیری چی بکەی شیوەکە کەفتەی کوردەواری بوو کولەکەی زەرد و تەماتەی خۆمانە بە گۆشتی بەرخ بۆنێکی تایبەتی هەبوو هەر بە بۆنەکەی تێرت دەخوارد. دایە حەلیم دایکی غەفور هات و لەلای سەرەوە دانیشت و غەفور و میرزا لە

خـوارەوە دانیشـتن و بێـری خوشـکی غەفـوریش لە خـوار ئەوانە دانیشــت، دایە حەلــیم وتــی کــورم بســمیلا بــکەن بفەرمون میرزا و غەفور هاتنە سەر سفرەی نان خواردنەکە و دەســتیان بە نــان خــواردن کــرد شــیوەکە ئەوەنە بەتــام بەلەزەت بــوو هەمــوان بە بێـدەنگی نانیـان دەخـوارد تەنیـا دەنگـی قـاپ و کەوچـک دەهـات پـاش ئەوەی تێـر و پریـان خوارد دەستیان کێشایەوە و شـوکرانە بژێری خوایان کرد میــرزا و غەفــوور وتیــان: دەســتان خــۆش بێــت، میــرزا و غەفــوور دایە حەلــیم چــوون بــۆ دیــوە خــانەکە و بێــری خوشــکی غەفــوور چــای بــۆ هێنــان بــۆنی چــایەکە لە دیوەخانەکە بلاو بوو بۆوە سـەر و چایەکیـان خـوارد میـرزا ووتـی: کـاک غەفـور مـن دەچـم بۆ سـەرەوە کەمێک پشـوو دەدەم غەفوور وتی: فەرموو کاک میرزا فەرموو برام میرزا بەســەر پلیکانەکــان ســەرکەوت چــوە ژورەکەی ســەرەوە لەسەر تەختە دارەکە پال کەوت دایە حەلیم لە غەفور نزیـک بـۆوە پێـی ووت غەفـور کـورم پرسـیارێت لـێ دەکەم بەس دلـت لـێم نەیەشـێت غەفـوور وتـی: اسـتغفیرالله دایە گیـان بپرسـە دایە حەلـیم کـورم ئەو کـورە دەلـێم مێـرزا دەبێـت چ کێشـەیەکی هەبێت دوێنێ شـەو کە هات چەک و فیشـەکی پێ بوو خۆ بەگەر حوکمەت نەکەوتیە !؟.

غەفوور زەردەخەنەیەکی کرد وتی با دایە گیان شتی وا نییە، دایە حەلیم وتی ئەی کەوایە چییە؟ غەفوور وتی دایە گیان چیرۆکی کاک میرزا دور و درێژە دایە حەلیم وتی: دەکرێ بزانم چییە !؟ غەفور وتی: بەلێ دایە گیان غەفور وتی: دایە گیان خۆ تۆش باپیر ئاغا دەناسی، دایە حەلیم وتی: جا کێ هەیە ئەم زالمە نەناسێت، ماوەیەک پێش ئێستا باپیر ئاغا و پیاوەکانی تا گوندەکەی نزیک مالی میرزا دەچن، چاودێری مام رەشیدی باوکی میرزا دەکەن کە ئەو رۆژە خەریکی جۆت کردن بوە، ئەوانیش یانی باپیر ئاغا و پیاوەکانی بۆی دادەنیشن و مام رەشیدیش ئاگای لە هیچ نییە خەریکی جۆت کردنە تا گا جوتەکانی باپیر ئاغاش لولەی تفەنگەکەیان روو لە مام رەشید دەکات سێرەی لێ دەگرێت و گولەیەک دەنێ بە سەری دلیەوە دەی کوژێت

باپیر ئاغاش یەکێک لە پیاوەکانی دەنێرێتە سەرەوە تا بزانێت مردوە یان نا

دایە حەلیم سنگی خۆی کوتا ووتی هەی چاوم کۆرە بی مالم وێران بوو لۆ مام رەشیدی تخوا کورم ئەوە بە راستە ؟!!

غەفوور وتی: ئەی دایە خۆ گالتەت لە گەل ناکەم دایە حەلیم فرمێسکی بە چاو داهاتە خوارەوەو دەستی بە نوزە

نوز کرد له بەر خۆشیەوە دەی گووت ئەی رەحمەتت لێ بێ مام رەشید بە راستی پیاوی چاک بوویت.

چەن جار لە گەڵ وەستا رەحیمی باوکت دەچووینە مالیان تا بلێی میوان دۆست و خانەدان بوون خەجیج خانی خیزانی ئەوە هەر وەسف ناکرێ لە چاکی

غەفوور وتتی: راستە دایە گیان ناو بانگی مام رەشید رۆشتوە لە ئازایەتی پیاوەتی حەیف ئەم نامەردانە لە دواوە ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە و کوشتوویانە

دایە حەلیم فرمێسکی بە چاوانی دەهاتە خوارێ و دەیگووت جا کورم میرزا لۆ تۆلە کردنەوە هاتیتەوە ؟!غەفوور بەلی دایە گیان لۆ تۆلە کردنەوە هاتیتەوە ، دایە حەلیم هەستایە سەر پێی و گۆچانەی لە زەوی کوتا و وتی هەی ئافەرم کوری خۆم سەلماندی کە کوری باوکی خۆیەتی

کورم غەفور گوێ بگرە هەرچی ویستی یارمەتی بدە مەبەستم بۆ تۆلە کردنەوەی باوکی لە پارە کە چەک هەتا بۆ کوشتنی ئەو نامەردەش مەبەستم باپیر ئاغایە و یارمەتی بدە چونکە پیاوەتی هەموو رۆژێک ناکرێ چونکە غەفوور وەک براتە، غەفوور وتی: بەلێ دایە وەک برای منە، ئەگەر سەری خۆمی لە سەر دانێم یارمەتی دەدەم دایە

حەلـیم دەسـتی بە سـەر غەفـوور دا هێـناو وتـی ئـافەرین کـوری خـۆم ئـافەرین هەر ئەمشـەو کە هـات زانـیم نیـازی شتێکی هەیە کورم غەفوور میرزا کورێکێ گران و سـەنگینە من بنیادەم بینم دەی ناسم دەزانم چۆنە ئەو دەچێت تۆڵەی بـاوکی خـۆی دەکـاتەوە راناوەسـتی تـا هەلێکـی بـۆ هەل دەکەوێ بـاپیر ئاغـاش دەکـوژێ، غەفـور وتـی ئـێمەش بە تەمـای ئەوەیـن ئەو هەلەمـان بۆ هەڵکەوێت و ئەو مەلعـونە بکوژین خۆشمان دەرباز کەین کەس هەستمان پێ نەکات، میـرزا لەسـەر تەختە دارەکەی راسـت بۆوەو هـات بـۆ لای دەرگـای ژورەکەی بـۆلات بـن دیـوارەکە و تەماشـایەکی حەوشەکەی کرد و چوو بۆ لای کوپە ئاوەکە جامێک ئاوی خوارد و جامێکی بە دەم و چاوی داکرد بە پلیکانەکان هـاتە خوارەوە، چووە دیوەخانەکەو غەفور لە بەری هەستایەوە و دایە حەلیم بە دەنگێکی زۆر دایکانە و بە سۆزانە وتی کورم میرزا وەرە تەنیشت من دانشە، هاتە لای دایە حەلیم و دایە حلیم دەستێکی بەسـەر پشتی دا هێناو تەماشایەکی دەم و چاوی میـرزای کـرد بێ ئەوەی هـیچ بلێ فرمێسـک بەسـەر رووی دایە حەلیم دا هاتە خوارەوە گریانێکی بێدەنگ میـرزا ئـاورێکی لە دایە حەلـیم دایەوە بینـی کە سـەر خـۆ دەگریـت

تەماشەیەکی غەفووری کرد غەفوریش سەرێکی بۆ میرزا لەقاند و کەس دەنگی نەبوو

بێری بە سینییەک چا هات و سەر و چای لە بەردەم میرزا و غەفوور دا نا بێری خان هەستی کرد کە دایکی دەگری و وتی دایە گیان ئەوە بۆ دەگری!؟ دەستێکی بەسەر رومەتەکانی دا هێناو چاوەکانی سری دایە حەلیم دەنگی نەبوو تەنیا نوزە نوزی دەهات، کاکە تۆبلێی چی بوبێت دایکم دەگری !؟غەفوریش بە قورگی پر لە گریانەوە بە حال وتی مام رەشیدی باوکی کاک میرزا ماوەیەک پێش ئێستا باپیر ئاغا و پیاوەکانی کوشتویانەو دایکم بۆ ئەو دەگری بێری خانش دلی پر بوو دەستی بە گریان کرد و لە دیوەخانەکە چوە دەرەوە میرزاش دلی زۆر گیراو بە تایبەت کەبینی دایە حەلیم وا بە سۆز و میهرەبانییەوە دەگری ئەویش خۆی پێ نەگیراو و لە پرمەی گریانی داو و دەت وت ئێستا باوکیان کوشتوە، غەفوور هەستایە سەر پێی دەستی لە ملی میرزا کرد و دلی دایەوە و وتی وامەکە براکەم خۆت دەکوژی ئاخر ئاوا نابێت دایە حەلیم کە بینی میرزا بەو حالەوە ئاوا دەگری بە دەستە لەرزۆکەکانی سڕییەوە و کەمێک ئارام بۆوە و لەسەرخۆ گووتی کوڕم میرزا مەگری گریان بۆ پیاو نابێت، نابێت بگری دەبێت

تۆڵەی باوکت بکەیەوە ئەو نا باپیرە بکوژی و کۆتایی پێ بهێنی کوشتنێکی وا کە خەڵک دەماو دەم وەک چیرۆک بیگێڕنەوە دایە حەلیم لە کاتی قسەکردن دا ئەوەندە تووڕە بوو کە دەستەکانی دەوەشاند و دەیگوت تۆڵەی خوێن خوێنە! نابێت لەجیاتی خوێنی مرۆڤ زەوی یان پارە وەربگیرێ خۆ مرۆڤ ئاژەڵ نییە تا مامەڵەی پێوە بکرێ ئەگەر وامانکرد بەردەوام دەمانکوژن و بەزەوی و موڵک ڕازیمان دەکەن بەڵام نابێت هەرگیز نابێت بۆ ئەوەی زاڵم و ستەمکاران هەر ڕۆژە و دەستیان نەچێتە خوێنی ئەم و ئەو ئەگەر هاتوو ئێمەش ئەوان بکوژینەوە ئەوان ناوێرن لەسەر ئەم کارە بەردەوام بن، میرزا گووتی: دایە حەلیم بەڵێنم بە دایکم داوە تا نەیکوژم نەچمەوە گوندەکە، دایە حەلیم: بەڵێ کوڕم بەڵێن بەڵێنی پیاوە و دەبێت جێ بەجێی بکەی، دایە حەلیم بەنووکی گۆچانەکەی گوتی: غەفوور کوڕم وەرە لەبەردەمم دانیشە بزانە چیت پێ دەڵێم جوان گوێم بۆ شل بکە بزانە چیت پێدەڵێم غەفوور یەک دوو هەنگاو هاتە بەردەمی دایکی و وەک منداڵێکی ساوا تەماشای ناو چاو و دەمی دایکی دەکرد بزانە چی پێدەڵێ.

دایە حەلیم بەتووڕەییەوە پەنجەی ڕادەوەشاند دەیگووت: گوێبگرە کوڕم ئەوە میرزایە وەک برای تۆ وایە لە براش

زیاترە کە ئەو هانای بۆ تۆ هێناوە وەک مەردان وەک ئەو کوڕەی کە دەتناسم دەبێت پشتی میرزا بگری هاوکاری بکەی بۆ کوشتنی باپیر ئاغا جا چۆن و چ دەکەی بکە دەنا گەردەنت ئازا ناکەم و شیری خۆمت پێ حەرام دەکەم غەفوور گوتی: بەچاوان دایکە تۆ چی بفەرمووی درێخی ناکەم دایە حەلیم هەستایە سەرپێ و لە تووڕەییان سوور هەڵگەڕا بوو نووکی گۆچانەکەی لەزەوی چەقاند و گووتی: هەستە هەرئێستا بڕۆنە دەرەوە، بڕۆن چاودێریەکی تەواوی ئەو سەگە بکەن، لەم شارەدا هەرچی کونج و کۆڵان هەیە بە دوای بگەڕێن هەرچی چایخانەی شار هەیە هەرچی بەر دەرگای مزگەوتی ئەم شارە هەیە و لێی بپرسن کە ئەم سەگە زۆر دەچێتە کوێ؟ لێی مەترسن چونکە ئەویش وەک ئێوەیە وەک ئێوە مرۆڤە بەڵام ئەو مرۆڤێکی بێ دەسەڵات وترسنۆک و داوێن پیس و حەرام خۆرە ئەم جۆرە مرۆڤانە گوێ بە هیچ نادەن لە دواوە تەقە لە دۆست و دوژمن دەکەن چونکە ئەوانە پیاو نین ترسنۆکن ترسنۆک!! ئێوە دەبێ ڕوو بەڕوو قسەی لەگەڵ بکەن وەکو مەرد دەبێ بەرۆکی بگرن ئینجا بیکوژن، میرزا وتی: دایە حەلیم بەڵێنت پێ دەدەم توند بەرۆکی دەگرم و بەقسەی دێنم ئینجا کۆتایی پێ دێنم و بۆ ئەو دونیای دەنێرم، غەفورو و میرزا

له حەوشـــه چـــوونه درەوەو دورکەوتـــنەوە نزیکـــی بـــازار بـوونەوە، غەفـور پیـاوێکی سـور و سـپی و پیـاوێکی مـوو زەردە بوو بەژنێکی مام ناوەندی هەیە نە زۆر بەرز نە زۆر کـورت لەنـاو گەڕەک و شـارەکەی خۆیـدا ئەوەی دەیناسـی حیسـابی بـۆ دەکـرد کـوڕێکی بە خیـرەت و جـوامێر بـوو نـاهەقی لە کەس قبـوڵ نەدەکـرد ئەسـڵەن بیزانیبـا کەسـێ ستەم لە کەسێکی تر دەکا کێشەکەی دەکردە کێشـەی خۆی بە گـژ ئەو پیـاوە دا دەچـوو کە نـاهەقی دەکـرد و غەفـور دارکاری دەکرد، غەفور تا بڵێی کوڕێکی ئازا و جەسور بوو لە ڕۆیشت کەم کەس هەبوو بیگاتێ لە ڕۆیشتنا توشـی هەر کەسـێ بـوایە سـڵاوی لـێ دەکـرد و ڕێـزی لـێ دەگـرت و ئەوانیش دەستیان بۆ بە سینگەوە دەنـا، هەردووکیـان نزیـک بـوونەوە لە چـایە خـانەکە کە پـێش نیـوەڕۆ لەوێ بـوون و لایان دا غەفور دوو چای بانـگ کـرد شـاگردی چاخـانەکەش بەخێـرای و دەسـت و بـرد دوو چـای بـۆ هێنـان و بەخێـر هـاتنی کـردن و وتـی: بەخێـر بـێن کـاک غەفـور، غەفـوریش وتـی: خۆشـبی بـرام مانـدوو نەبی، میـرزا و غەفـور لە چـایە خانەکە دانیشتن و خەریکی دەمە تەقێ بوون لەناکاو لەبەر دەمی چایە خانەکە بووە ژاو یەکێ دەی وت بەخێربێی قوربـان یەکـێ دەی وت بەخێـر بێـی گەورەم یەکـێ لەو لاوە

دەستی بە سینگیەوە نابوو دەی وت بەخێربێی قوربان و یەکێکی سەر و ریش سپی تا ئەژنۆ چەمایەوە وتی: بەخێر بێی کا باپیر، باپیر ئاغاش بە سەری لموزی وەڵامی دەدانەوە هەمووان لەبەری هەڵسابوونەوە چای خانەکە گەورە بوو دەیان وێنەی هونەر مەند و هونەر و شانۆ کار و شۆڕش گێران هەڵوا سرا بوو، میرزا و غەفور لە سەری ئەوسەری چای خانەکە دانیشتبوون کە غەور نقورچەیەکی لە میرزا دا ئەویش هەستایەوە سەر پێ باپیر ئاغا بەبێ ئەوەی سەلام لەوانەی سەرەوە بکات زۆر بە غروری و بێ باکانە دانیشت شاگردی چای خانەکە یەکسەر چایەکی لەبەر دەم داناو وتی: بەخێر بێی گەورەم باپیر ئاغا هەر جوابیشی نەدایەوە و تەماشاشی نەکرد و شاگردەکە ڕۆشت ئەوانەی لەگەڵ باپیر ئاغا بوون لە دەرەوەی چایخانەکە ڕاوەستا بوون تەماشای دەورو بەری خۆیان دەکرد، میرزا بە بنی چاوی سەیری یەک بە یەکیانی دەکردوو ئەمجا چاوی وەر گێرایە سەر باپیر ئاغا کە ئەوەیە باوکی کوشتوە، میرزا لێوی خۆی دەگەزی تا خوێن لە لێوی هات و خوێنی خۆی قوت داوە و ددانی خۆی بە چیرەوە دەبرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەگەر ئێستا دەمانچەکم پێ دەبوو چۆن بە فیشەکێک مێشکیم دە پرژاند،

میرزا لەبەر خۆیەوە هەر بیری دەکردەوە و سەیری دەکرد و دەیگوت باشە بۆ زەوی و زار بۆ پارە و پول چۆن دەستیان دەچێتە خوێنی خەڵک چۆن دەتوانن ئەم پیاوە پیرە بکوژن و ژنان بێوەژن بکەن و منداڵان بێ باوک و هەتیوو بکەن و خوێنی خەڵک بە ناهەق بڕێژن باشە ئەمانە بۆ تێر ناخۆن بۆ دەبێ ئەوانە خاوەنی هەزار دۆنم زەوی بن و خەڵک خاوەنی دۆنمێک نە بێت باشە بۆ دەبێ ئەمانە خاوەنی پارە و پول و سەرمایەکی بێ شوومار بن ئەبێ خودا ئەمانەی بە جودا خەڵق کردبێ؟! ئەی چۆن ڕەوایە خەڵکیش بە ساڵ پولێک نەبینێ و ئاواتە خواز بن چوار پێنج قورِش لە باغەڵی خۆیان ببینن! باشە خودایە ئەمانە بۆ دەبێ خاوەنی تەلار و کۆشکی بەرز بن خەڵکیش خێمەیەک نەبێ لە بنی بحەسێتەوە!خۆ ئەگەر ئەوانە خاوەنی سەدان کۆشک و تەلار بن هەر دەتوانن لە یەکێکیان دا بژین ئەگەر لە هەر کۆشکێک بژین دەتوانن لە یەک ژور بمی نێنەوە باشە دەبێ ئەمانە مرۆڤ بن؟ مرۆڤێکی پێگەیشتوو تەواو یان عەقلیان وەک عەقلی گورگە چونکە گورگیش کە پەلاماری مێگەل دەدات بە سەدان سەر مەڕ مردار دەکاتەوە ئەوەندە بە تەماح و چاو چنۆکە خۆ تەنها دەتوانێ

کەمێک لە لاشەی مەڕێک بخوات ئەوانی دی چی! هەر هەمووی لەسەر ئەو زەویە کەوتوون یان تۆ بڵێی ئەمانە بەراز نەبن چونکە بەراز ڕوو لە هەر ناوچەیەکی کشت و کاڵی بکات وێرانی دەکەن و هەمووی دەسوتێنن تەنها بۆ کەمێک خواردن لە شینایەک، کەچی هەمووی وێران دەکەن و هیچی بەسەر هیچەوە نایەلن، ئا ئا ئەمانە هەر بەراستی گورگ و بەرازن مرۆڤ نین ئەقلی مرۆڤیان هەبێت چۆن دەتوانن خەڵک برسی و ڕووت بکەنەوە بۆ تەماحی و چاو چنۆکی خۆیان میرزا لەم بیرکردنەوانە دابوو غەفور پارەی چایەکانی لەسەر مێزەکە داناو وتی میرزا با بڕۆین میرزا لە کاتی هەستانی سەیرێکی باپیر ئاغای کرد و باپیر ئاغاش سەیری کردەوە نەی ناسیەوە چونکە ئەمانە یەک یان دوو یان سێ تاوانیان نەکردوە بە سەدەها کەسیان بە ناهەق کوشتوە ستەم و زوڵمیان بەرامبەر هەزاران کەس کردووە هەزاران خەڵکیان بە ناهەق برسی کردووە هەر ڕۆژی سەودایان جۆرێکە کەس لە گفت و لفتیان تێ ناگات ئەوانە دوژمنی خۆیان ناناسن ئەوەندەیان زوڵم کردووە هەموو کات لە خۆیان دەترسن دەیان پیاوی نەفس نزم بەدوای خۆیان دا دەگێڕن بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەڵام ڕۆژێک دا دێت یەکێک لەم خەڵکە بتەقێتەوە وەک ئەوە وایە دەنکێک

شقارته له خه‌رمانێکی وشک به‌ر بده‌ی گه‌نجێک خۆی بکاته قوربــانی و ئه‌م کاره‌ســاته نه‌گریســه قبــوڵ نه‌کــات به فیشه‌کێک کۆتاییان پێ بێنێت ئه‌گه‌ر به گیانی خۆشی بێت خۆ نـاوی ده‌چێته مێژوو وه‌ک پاڵه‌وان له هه‌موو چین و سه‌رده‌مێک ناوی له‌سه‌ر ئه‌و زمان بۆ ئه‌و زمان ده‌گه‌ڕێت تا دونیا ماوه ناوی به نه‌مری ده‌مێنێته‌وه ئه‌وکات ئه‌و چاو چنۆک و بێ ویـژدان و خـوێن مـژانه ناویـان له مێـژووی ڕه‌ش تۆمار ده‌کرێت تا دونیا مـاوه به‌ر تف و نه‌فره‌تـی ئه‌م خه‌ڵـکه سـته‌م دیـده‌یه ده‌که‌ون، میـرزا و غه‌فـوور له چـای خانه‌که ده‌رچوون و له‌ناو بازاڕ پیاسـه‌یان ده‌کرد ته‌ماشـای باڵه‌خانه‌ی شار و ئه‌م خه‌ڵکه بێ یوایه‌یـان ده‌کرد ته‌ماشـای ئه‌و پیـره مێـرد و پیرێژنانه‌یـان ده‌کـرد که به دیـار چه‌نـد پـارچه‌یه‌کی کـۆنه‌وه دانیشـتوون له بـازاڕی که‌ونه فرۆشـدا ســه‌یری ئه‌و پیـاوه ڕیـش سـپیانه‌یان ده‌کـرد که هه‌ر یه‌ک خۆی به کـارێکه‌وه سـه‌رقاڵ کـردووه هه‌نـدێکیان فرۆشـتنی گوچـان و هه‌نـدێکیان فرۆشـتنی ته‌زبیح له‌ناکاو میرزا وتـی کاکه غه‌فور من کـارێکم به‌تـۆ هه‌یه غه‌فور بلێ میرزا.میـرزا گــوتی: ده‌مه‌وێ چه‌که‌که‌م بفرۆشــم و ده‌مــانچه‌یه‌ک بکــڕم چونکه کوشتنی به ده‌مـانچه ئاسـانتره خۆ ئێمه نـاتوانین به چه‌که‌وه له‌م شاره بسوڕێینه‌وه غه‌فور: کاکه میرزا پێویست

به چەک فرۆشتن ناکات من دەمانچەم هەیە دەت دەمێ میرزا لە خۆشیان گەشایەوە و هاتەوە بەر دەمی و پشتاو پشت دەڕۆیشت و قسەی دەکرد و دەی گوت بەڕاست غەفور دەمانچەت هەیە؟غەفور بەڵێ میرزا هەمە هی باوکمە وەستا ڕەحیمی ڕەحمەتی میرزا: ڕەحمەتی خوای لێبێت، غەفور: ئەمانەتی باوکمە بۆ من بەجێی هێشتوە ئێمە بارو دۆخمان باشە باوکم لە دوای خۆی ڕیزێک دوکانی بۆ بەجێ هێشتووم منیش بە کرێم داون بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکم و خوشکم بەخۆشی پێی بژێیین باوکم بە ڕەحمەت بێ دەی گوت: ئێمە پول دارین دەبێ دەمانچەیەکمان هەبێت، دزێک یان جەردەیەک بێتە سەرمان نابێ وا بە ئاسانی خۆمان بەدەستەوە بدەین، کاتی خۆی هاتینە گوندەکەی ئێوەش باوکم دەمانچەی پێ بوو، میرزا: دەنا ئێمە قەت دەمانچەمان پێ نەدیتووە، ڕاستە باوکم بە ڕەحمەت بێ دەی وت چەک بە تایبەتی دەمانچە نابێ دیار بێت دەبێت شاراوە بێت نابێ کەس بزانێ پێتە و باوکم دەی وت دەمانچە بۆ خۆ بادان نییە بە قەدی پیاوەوە ئەوە بۆ کاتی تەنگانەیە بۆ سەلامەتی خۆت هەڵی دەگری وەک ئەوەی ئێستا من پێمە و تۆ نەت بینیوە!!میرزا: زەردە خەنەیەکی کرد و وتی قسەکانی باوکت هەمووی ڕاستە دونیا بەرەو

تاریک بوون دەهات و دوکانەکان دا دەخران و خەڵکی بەرەو ماڵ دەڕۆشتنەوە چرای بەر دەرکەی ماڵەکان هەڵ کران و میرزا بە دیتنی باپیر ئاغا لە باڵە خانەکەی دڵی زۆر توند بوو هەردووکیان هەنگاوی خێرایان دە هاوێشت و بەرەو ماڵ دەچوونەوە و گەیشتنەوە بەر دەرگای ماڵێ غەفور و لە دەرگایان دا بێری خانی خوشکی غەفور دەرگای لێ کردنەوەو غەفورو میرزا سڵاویان لێ کرد و ئەویش بەخێر هاتنەوەی کردن و هەردووکیان بەرەو دیوەخانەکە چوون، دایە حەلیم لای سەرەوە دانیشتبوو وتی وەرن بزانم چیتان دەست کەوتووە کوڕم، غەفور: دایە گیان ئێمە لای عەسر لە چایە خانەکە دانیشتبووین لەناکاو بوو بە ژاوە ژاو کاتێ سەرم هەڵ بڕی دیتم باپیر ئاغا و پیاوەکانی بوون، باپیر ئاغا لای ئێمە ڕەت بوو و چووە سەری ئەوسەری چایە خانەکە وەک هەموو جارێک هەمووان لە ترسان لەبەری هەڵسانەوە و دەست لەسەر سینگ لەبەری ڕاوەستا بوون و ئەویش بە سەری لموزی وەڵامی دەدانەوە ئێمەش پاش چا خواردنەوە کەمێک دانیشتین و دواتر لەوێ ڕۆشتین و بەناو شاردا پیاسەمان دەکرد لەم سەر بۆ ئەم سەری شەقامەکانمان بە پێ دەکوتاوە لەم بازاڕەدا بۆنی جۆرەها دەرمان لە دوکانی عتر

فرۆشـــەکانەوە دەهــات لەم لاوە لە دوکــانی ئاســنگەرکوتە کــوتی ئاســنەکەی بــوو لەم سەریشــەوە پیــاوە پیــرەکەی بەقــاڵەکە پــڕ بە گەروی هــاواری ســەوزە و میــوەی بــۆ مووشــتەریەکانی دەکــرد ئـێمەش لەگەڵ کــاک میــرزا ڕاو تەگبیرمان بۆ یەک دەکرد لە گفتووگۆ کردن بووین بە دەم پیاسەوە، گفتووگۆیەک بە ئەنجامی ئەوەی هەنگاوی زووتـر بە کاتێکی کەمتر بۆ کوشتنی ئەم پیرە پیاوە کە باپیر ئاغایە!

دایە حەلـیم گـوێی بـۆ قسـەکانی غەفـور شـل کردبـوو تـا غەفور لە قسەکانی بۆوە ئینجا دایە حەلیم وتی: باشە بەخێر بێنەوە ... ان شاءالله خودای گەورە تۆڵەی مەزڵوم لە ستەم کـاران دەکـاتەوە! بێـری خـان سـفرەی هێنـاو لە نـان دێنەکە دای ناو نانی ئێوارەی لەسەر ڕازاندەوە لەسەر سفرەکە نان سـێری لەگەڵ ماسـت و پەنیـر و شـیر لەگەڵ بەر چـایی لەم ئێوارە ساردەدا جوانی سفرەکە ئەوانـی دڵخـۆش کـرد، دایە حەلیم فەرمووی لە غەفور و میرزا کرد و چوونە پێش و دەسـتیان بە نـان خـواردن کـرد تـا تێـر و پڕیـان خـوارد و شوکرانە بژێری خودایان کردوو دەست خۆشیان لە بێری خـان کـردوو وتیـان: دەسـتت خۆشـبێ میـرزا بە شـەرمێکی کـوڕانەوە هەر لەبەر خـۆیەوە کەمێـک سـور هەڵـگەڕا وتـی: دەسـتەکانت خۆشـبێ بێـری خـان بەراسـتی نـاو سـێریەکی

بەتام بوو من زۆر چێژم لێ بینی بەڵێ دەتوانم بڵێم یەکەم جارە ناوسیێری ئاوا بەتامم خواردبێ! بیری خانیش بە شەرمێکی کچانەوە سور هەڵ گەڕابوو کە سەر ڕومەتی وەک پشکۆی ناو سۆپاکە سور ببوەوە وتی: کاک میرزا من ئەمەم بە ڕۆنی کوردی خۆمانە سور کردۆتەوە پاشان سەر و چایی بۆ تێکردن و چایان خواردەوە و بێدەنگی بەسەر نان دێنەکەدا بڵی کێشا و هەمووان بێ دەنگ بوون، بێ دەنگیەک وەک مەنگی دەریا، وەک وەستانی ئاو لە گۆمێک، وەک چۆلەکەیەک لە شەودا لەناو هێلانەکەی خۆی ... ئا ئاوابوو بێدەنگیەکە هیچیان ورتەیان لێوە نەدەهات هەموویان چاویان بڕیبووە پشکۆی ناو سۆپاکە و بیریان دەکردەوە میرزا گەنجێکی بەشان و شەوکەت و پیاوێکی بوێر و کەڵەگەت و ڕەنگی گەنمی بوو دەست و پەنجە گەورەکانی لەبەر خۆیەوە دە جولاند و یاری پێ دەکرد، بیری دەکردەوە و لە بێ ئاگایی خۆی دەستی بە سمێلە ڕەشەکەی دا دێنا و لەنێو بیرکردنەوەیەکی قوڵ دابوو، وای دەزانی کەس لەو ژوورەدا نییە، دایە حەلیم و غەفور بەردەوام سەیریان دەکرد و میرزاش هەر لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدا بوو، دایە حەلیم دەستێکی دایکانەی بەسەر سەر و سانی میرزادا هێناو وتی کوڕم

بیردەکەیتەوە؟میــرزا وەک ئەوەی ئاگــای لەخــۆی نەبــێ لەناکاوێک بە توندی سەری هەڵ بڕی و تەماشایەکی چاوە ڕەشــەکانی دایە حەلیمــی کــرد و بەســەر لەقانــدنێک وەک ئاماژەیەک بۆ بەڵێ، بەڵێ میرزا بیری دەکردەوە، بیری لەوە دەکردەوە کە بکوژی باوکی ئەمڕۆ بە چەند هەنگاوێک لێی دوور بەبەر دەمی دا دەڕۆیشت بیری لەوە دەکردەوە چەند کەســێکیان بەیــن بــووە لە دانیشــتنی چایخــانەکە بەردەوام ئەوەی بەنــاو مێشــکی دا دەهــات و دەچــوو، میــرزا وتــی غەفور، غەفور وتی: بەڵێ، میرز: دەمەوێ ئەسپەکەم ببینم، غەفور: خەمت نەبێت خزمەتێکی باشی کراوە خوشکەکەم بێری گیان ئەو پێی ڕادەگات خزمەتی کردووە، میرزا لە ژوورەکە هــاتە دەرەوەو چــووە لای تەوێــلەکە و غەفــور بەدوای دا هــات و میــرزا دەســتی بە ســەر مــل و پشــتی ئەسپەکە دا دەهێنا ئەسپەکەش بە دیتنی میرزا یەک دووجار حیلەیلێدا و پێی خۆشحاڵ بوو بە دیتنی خاوەنەکەی دەستی کرد بە کلک بادان وسەر لەقاندن ئەو گیاندارە بێ تاوانە حەزی دەکرد لەگەڵ میرزا گفتوگۆ بکات.....

غەفور وتی: میرزا برام ئەسپەکە خۆشحاڵە بە دیتنی تۆ ئاگات لێیە چۆن سەرو کلکی دەجولێنێ!!میرزا: بەڵێ ئەو خۆشــحاڵە، میــرزا هەنــدێکی تــر دەســتی بە مــل و پشــتی

ئەسپەکەی دا هێناو پاشان هەردووکیان لە تەوێڵەکە چوونە دەرەوەو لە حەوشەکە ڕاوەستان میرزا گوتی: غەفور من ئەوە چەند ڕۆژە لێرەم من نەهاتوم بۆ ئاو خواردن من هاتووم بۆ تۆڵەکردنەوەی باوکم، غەفور وتی: ئەزانم برام بەڵام نابێ پەلە بکەی خۆت دەزانی ئەم پیاوە کەم نییە لەم شارەدا هیچ کەسێک نییە نەی ناسێت، چاودێری کردنی ئەوەندە ئاسان نییە دەبێ زۆر بە وریای و هۆشیاریەوە ئەم کارە بکەین کە مەبەستمانە، بەڵام نابێ کارێکی وا بکەین خۆشت تیا بچیت!

غەفور دەستێکی لەسەر شانی میرزا داناو وتی: گوێت لێیە برام! میرزا وتی: بەڵێ گوێم لێیە برام، غەفور وتی: با بچینە ژوورەوە بۆ لای دایکم بەشکم تەگبیرێک بکەین، میرزا بەپێش کەوت و غەفور بە دوایەوە چوونە ژوورەوەدایە حەلیم وتی: میرزا کوڕم بیری ئەسپەکەت دەکرد! غەفور هاتە دەنگ و گوتی دایە ئەسپەکەش بیری میرزای دەکرد.....

دایە حەلیم وتی: گوێم لێ بوو ئەسپەکە دوو سێ حیلەی لێدا ئەمە حیلەی خۆشەویستی ئەسپە بۆ خاوەنەکەی.....

میرزاو غەفور لە تەنیشت دایە حەلیم دانیشتن و غەفور وتی: میرزا من برادەرێکم هەیە پاسەوانی تایبەتی باپیر

ئاغایە؟بە تایبەتی شەوان پاسەوانی لێ دەکات و باپیر ئاغا زۆر متمانەی پێ دەکات برادەرەکەم ناوی ڕۆستەمە درێژە بەڵام ڕۆستەم باپیر ئاغای خۆش ناوێت و بە ناچاری بۆ بژێوی ژیان لەلای ئەوە، دەچم قسەی لەگەڵ دەکەم وە متمانەی زۆرم پێیەتی حەتمەن زۆرم خۆشەوێ چونکە کۆنە دراوسێ بووین ئێستا ئەو بێ دایک و باوکە و هردووکیان مردوون و ڕۆستەم خێزانیشی نییە ماڵێکی هەیە هی باوکی ڕەحمەتی تی بۆی بەجێ ماوە ناوە ناوە دوو سێ شەو دەچێتەوە ماڵەوە بۆ پشودان ئەگەر نا بە مانگ و دوو مانگ هەر لای باپیر ئاغایە.

بەیانی تاقیبەکی دەکەم بزانم نای بینم و قسەی لەگەڵ بکەم ئەوە بۆ ئێمە زۆر گونجاوە وە باشتر دەبێت ئەگەر ئەو ڕازی بێت ئەوا کارەکەی ئێمە زۆر ئاسان دەبێت. میرزا گوتی: وەڵا زۆر باشە برام دەبێ ڕازی بێ؟ ئەگەر بێت و بەمە ڕازی بێت و هاوکاریمان بکات و ئاسانکاریم بۆ بکات وە ڕێ نیشاندەرم بێت ئەوا تا ماوم قەرزار باری ئەوم. غەفور وتی: خەمت نەبێت برام بە دڵی تۆ دەبێت.

دایە حەلیم وتی: کوڕم بڕۆن بە دزیەوە قسەی لەگەڵ بکەن بەڵام با کەس نەتان بینێت، غەفور وتی: دایە ئەمن بە تەنها قسەی لەگەڵ دەکەم با لێی دڵنیا بم ئەوجا میرزای پێ

دەناسیێنم، دایە حەلیم وتی: زۆر باشە یەکەم جار هەر خۆت قسەی لەگەڵ بکە. میرزا لە دیوەخانەکە دەهاتوو دەچوو دو دڵ و ڕاڕا دیار بوو هەزار خەیاڵی بە مێشکدا دەهات مستی لەنێو لەپی خۆی دەدا و ددانەکانی بە چیرەوە دەبرد لە دڵی خۆیدا دەی وت: وای ئەگەر ڕازی دبوو چۆن سێ و دووم لێ نەدەکرد. دایە حەلیم وتی: کوڕم میرزا سەبر و ئارامت هەبێت ان شاءاللە خودا بۆت ئاسان دەکات بۆ کوشتنی ئەو زاڵمە چونکە دڵنیابە کوڕم ڕۆژێک دا دێت هەرچی زاڵمە لەم جیهانە بە دەستی مەزڵومەکان دەکوژرێن و لەناو دەبرێن ئەوەش بکوژی باوکتە و بە نا هەق خوێنی باوکتی ڕشتوە ئەمە بکوژە بکوژیش دەبێت بکوژرێتەوە.

ئێستا شەو درەنگە بڕۆ سەرەوە ژورەکەی خۆت ئاسودە لێی بخەوە ئێمەش دەخەوین، میرزا لە هاتوو چۆکەی ناو ژوورەکە هەر بەردەوام بوو سەیرێکی دایە حەلیمی کرد و وتی: باشە دایە گیان شەوتان شاد من دەچمە سەرەوە دایە حەلیم و غەفوریش وتیان شەوت شاد.

میرزا بەسەر پلیکانەکاندا سەر کەوت و چووە ژورەکەی خۆی و زۆر بەبێ تاقەتی لێی ڕاکشا تا مایەک ئاوا مایەوە و لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدا بوو دواتر هەستا و هاتە بن هەیوانەکە لای کوپە ئاوەکە تۆزێ ئاوی خواردەوەو

سەیری ئاسمانی دەکرد و پڕ بە سیەکانی هەوای پاکی هەڵ دەمژی و ئاسمان ساماڵێکی جوان بوو و مانگ بەسەر سەریەوە ڕوناکی بە زەوی دەبەخشی و ئەستێرەکان دەبریسکانەوە، میرزا تەواو لەم سروشتە جوانە ڕامابوو لەناکاو گوێی لە دەنگی پێیەک بوو کە بەسەر پلیکانەکاندا سەر دەکەوت، ئاوڕێکی بۆ لای پلیکانەکان دایەوە و سەیری کرد غەفورە....غەفور وتی میرزا ئەوە نەنوستوی؟ میرزا وتی: نەنوستم خەوم نایەت هەردووکیان لە هەیوانەکە لەسەر کورسیە دارینەکە دانیشتن میرزا هەستا کەمێک ئاوی کوپەکە لە جامێکی فاڤۆن بۆ غەفور هێنا غەفور ئاوەکەی خواردەوەو وتی: دەستت خۆشبێ برام ئاوێکی سازگارە، میرزا: نۆشی گیانت بێت برام.

تا ماوەیەک هەردووکیان بەبێ دەنگی سەیری ئاسمانیان دەکرد کە ساماڵێکی زۆر جوان و دڵگیر بوو ئاسمانێکی شین کە وەک شینی دەریا وابوو هەزاران ئەستێرە دە درەوشانەوە ناوە ناوە ئەستێرەیەک دەڕژایە سەر زەوی هەردووکیان زۆر بە وردی سەرنجیان دەدایە ئەستێرە ڕژاوەکە غەفور وتی: ماشاءالله لەم دونیایە جوانە لەم هەوایە کە لەم با فێنکە شنەی با چەندە خۆشە.

میـــرزا هەروا بێـدەنگ چـاوی ئەبـلـەق ڕووی لە ئاسـمان ڕاگرتبـــوو هـــیچ قســـەیەکی نەدەکـــرد و تـــا مـــاوەیەک هەردووکیـان بەبێ دەنگی دانیشـتبوون غەفـور وتـی بـرام دەچـم دەنـوم شـەوت شـاد. غەفـور بە پلیکانەکـان هـاتە خوارەوە، میرزا لەسـەر کورسیە دارینەکە هەستا و چووە ژورەوە جلەکـانی گـۆڕی و چـووە سـەر تەخـتەکەی و یەکسـەر خەوی لێ کەوت، بەیـانی لەگەڵ دەنگی کەڵەشێر بەخەبەر هات و تیشکی خۆر لە پەنجەرەی ژورەکەی دەدا و ژورەکەی ڕونـاک کردەوە و وردە وردە میـرزا جوڵاو لە شوێنەکەی خۆی هەستا سەیرێکی ئەو تیشکی ڕۆژەی کرد کە لەکەلێنـــی پەنـــجەرەی ژورەکەی دەهـــاتە ژووروە بە هەزاران گەردیلەیورد ورد دەبینران هەستا جلی گۆڕی و چووە خوارەوە بە پلیکانەکاندا لە حەوزی حەوشکە دەموو چـاوی خـۆی شوشـت و دایە حەلـیم لەسـەر کورسـیەک دانیشـتبوو میـرزا بەیـانی باشـی لێ کـرد و وتـی دایە ئەدی غەفور؟دایە حەلیم وتی وەرە دانیشـە کوڕم غەفـور هێشـتا هەڵ نەسـتاوە میـرزا چـوو لەسەرکورسـیەک لە تەنیشـت دایەحەلیم دانیشت.

بێـری خـان لەنـان دێـنەکە هـاتە دەرەوە تلیـانەیەک ئەستوکی بە پەنیری دروسـتکراوی دروسـت کردبوو بۆنی

کولێره بە پەنیرەکە بەو ناوەیا بڵاو بوبۆوە، بێری خان بەیانی باشی لێ کردن و دایە حەلیم و میرزا بە سۆزەوە بەیانی باشیان لێ کرد و بێری خان وتی دایە گیان کاکم هەڵنەستاوە لەم قسانە دابووین کەوا غەفور لە ژوورەوە هاتە دەرەوە و بەیانی باشی لێ کردن و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە، غەفور لە حەوزی حەوشەکە دەموو چاوی شوشت و بێری خان سفرەکەی لە دیوەخان ڕازاندبۆوە وتی فەرموون نان بخۆن.

دایە حەلیم لە پێشەوە ئینجا میرزا و غەفور بە دوایدا ڕۆیشتن و چونە سەر سفرەکە لەسەر سفرەکە هەنگوین و پەنیر و هێلکەی کولاو و ژاژی هەبوون تەنیا شیری چۆلەکەی کەم بوو وە بۆنی چایەکی دێم کراو بە ژورەکەدا بڵاو بوبۆوە ناوی خوایان هێناو دەستیان کرد بە نان خواردن و کەسیان دەنگیان لێوە نەدەهات تا تێر و پڕیان خوارد و شوکرانە بژێریان کرد و کشانەوە، دواتر بێری خان سەر و چای تری بۆ تێکردن و سفرەکەی کۆ کردەوە لە ژورەکە چووە دەرەوە دوای کەمێک غەفور و میرزا خۆیان کۆ کردەوەو خوا حافیزیان لە دایە حەلیم کرد و لە ماڵ چوونە دەرەوە بە ئەسپای بەرەو شار و ناو بازاڕ چوون وەک هەمیشە چوونە ئەو سەری بازار و گەڕانەوە

دواتر له چاخانەکه لایان دا و غەفور بانگی دوو چای کرد وو شاگردەکەبۆی هێنان و بەخێر هاتنی کردن، غەفور بانگی شاگردەکەی کرد و شاگردەکه دوای کەمێک هاته پێش که منداڵێکی دوانز سێزده ساڵان دەبوو کوڕێکی زیرەک و وریا بوو زۆر به لێهاتویانه کارەکانی له چایخانەکه ئەنجام دەداو لەم سەر و لەم سەری چایخانەکه لەگەڵ موشتەریەکان بوو وە هەمیشه زەردە خەنەیەکی لەسەر لێو بوو منداڵێکی ڕۆح سووک بوو پیاڵەکانی کۆ دەکردەوە تا بڵێی چاو کراوه بوو هەمیشه دەیگۆته مووشتەریەکانی خۆی ئاغای خۆم بەخێر بێی یان کاکی خۆم بەخێر بێی ئەم وشانەی زۆر بەکار دەهێنا ئەگەر ڕۆژێک ئەم مێر منداڵە له چایەخانەکه نەبووایه ئەوا چایەخانەکه زۆری پێوه دیار دەبوو، غەفور به چرپه به گوێی چرپاند و گوتی: ئەمڕۆ باپیر ئاغا نەهاتۆته ئێره؟ شاگردەکه وتی: نەوەڵا نەهاتووه ماڵت خراپ نەبێ کاک غەفور خەڵکی خۆی لێ لا دەدەن تۆش له هەواڵی دەپرسی!غەفور لەسەر خۆ وتی هەروا پرسیارم کرد، منداڵەکه بزیەکی کرد و وتی: هەروا لێی دەپرسی کاک غەفور!؟

غەفور وتی: باشە ئەی پیاوەکان کەسیان نەهاتوونە ئێرە؟ شاگردەکە وتی: با کەمێک بەر لە ئێستا کاک ڕۆستەم لێرەبوو غەفور بە لەسەر خۆیی وتی کام ڕۆستەم؟

شاگردەکە وەک هەمیشە بزەیەکی کرد و وتی ڕۆستەمە درێژ ڕۆستەمی باپیر ئاغا ئینجا پیاڵەکانی دەستی لێۆ دەدا غەفور وتی: ئەها، ئێ، چی لێهات؟

شاگردەکە: هەر تاوێک پێش ئێستا لێرە بوو زۆر غەمبار دیار بوو دوو چای خواردەوەو بەردەوام جگەرەی دەکێشا پاشان ڕۆیشت، غەفور: نەتزانی بۆ کوێ چوو؟ شاگردەکە: پێم وابێ بۆ لای پردەکەی خواری شاری ڕێگای گرتبوو سەری بەبەر خۆیەوە نابوو هەر تەماشای پێشی خۆشی نەدەکرد و دەڕۆیشت من لە پشتەوە سەیرم ئەکرد دەم وت باشە دەبێ کاک ڕۆستەم بۆوا عادز و غەمبار بێت؟ غەفور باشە فەرموو ئەوە پارەی چایەکان و دەستت خۆشبێ و خوا حافیز، شاگردەکە: خواتان لەگەڵ بێت کاک غەفور.

میرزا و غەفور بە یەکەوە چوون بەرەو لای پردەکەو نزیک بوونەوە لە پردەکە کاتێک دیتیان وا لەسەر پردەکە ڕاوەستاوە و سەیری ئاوی ژێر پردەکە دەکات، غەفور وتی: کاک میرزا بۆ تۆ ناچی لە چایە خانەیەک چاوەڕێم بکەی من دەمەوێ بە تەنها قسەی لەگەڵ بکەم بزانم تامی

زاری چـۆنە!!میرزا: باشـــە غەفـور تـۆ چۆنـت پـێ باشـــە وادەکەیـن. میـرزا بەرەو چاخـانەکە ڕۆشـت و غەفـوریش بەرەو لای ڕۆسـتەمە درێـژ چـوو چەنـد هەنگاوێـک مـابوو بگـاتە کـاک ڕۆسـتەم غەفـور وتـی: کـاک ڕۆسـتەم ئەوە بـۆ بێتاقەتی؟ وا بە تەنیا لەسەر ئەم پردە ڕاوەستاوی؟ڕۆسـتەم سـەری هەڵ بـری و بەلای چەپدا ئـاوڕی دایەوە وتـی: ئەوە تۆیت کاک غەفور زەردە خەنەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوی و وتـی ئیتـر بڵێم چـی بێتـاقەتیە. غەفـورو ڕۆسـتەم تـۆقەیەکی گەرمیان کرد و دەستی یەکیان گوشی و غەفور وتـی: وەرە با پیاسەیەک بکەین بۆ لێرە راوەستاوی؟ ڕۆستەم: بڵێم چی هەر بەتەنها بووم وتم با بچم دەڵێن ئاو خەم ڕەوێنە.

غەفور بە گاڵتەکردنەوە وتی: بۆ تۆش خەم دەخۆی؟ تۆ لەگەڵ پیـاوێکی نـاودار و گەورەی کە هەمـوو خەڵـک لێـی دەترسن و خـاوەنی سـەروەت و سـامانێکی زۆرە هەق نییـە خەم بخۆیـت. ڕۆسـتەمە درێـژ وتـی: جـا بـرام سـەروەت و سامانی ئەو بەمن چی؟ من تەنیا پارەی پاسەوانی خۆم وەر دەگرم ئەویش دەوڵەت دەم داتێ کـاکە خۆ ئەوانە دەسـتیان ناچێتە عانەیەک، ئەوانە هەر بەناو مرۆڤن ئـا ئەوەتـا لە سـێ ژن خودا منداڵێکی نەداوەتێ! با هەموو سەروەتی دونیا هـی ئەو بێت کە میرات گرێکی نەبوو قورِوشێک ناهێنێت هەمـوو

ئەو ماڵەشی کە کۆی کردۆتەوە هەموو مافی ئەم فەقیر و هەژار و ڕەش و ڕوتانەیە سالآنە بەناوی زەویانەوە پارەیەکی زۆریان لێ دەستێنێ یاخود بەرو بومێکی زۆریان لێ هەڵدەکرێتەوە ناهەقیان لێ دەکات بێویژانی وا لەم دونیایە نەبووە. غەفور: ئەی ڕۆستەم چۆنە ئەم هەموو ساڵە بە دوایەوەیت؟ تۆ پیاوی ئەویت، ڕۆستەم ئاخێکی هەڵ کێشا و بە کەساسیەوە وتی: ڕووی زەمانە ڕەش بێت زۆر جار پیاو ناچار دەبێت بۆ بژێوی خۆی یان ماڵ و منداڵی ببێتە کۆیلەی زاڵمێک، چیبکەم برا من دایک و باوکم زوو مردن و کەس منی بەخۆوە نەدەگرت تازە مووم لێ دەهات ڕۆژێک باپیر ئاغا لە چیەخانەکەی ئێستا چاوی بەمن کەوت لە بنی پێم تا تەوقی سەرم سەیری بەژن و بالآی کردم، بە غروریەوە وتی: ماشاءالله لەم بالآیە پیاو لە هەیبەتت ئەترسێ؟

پێم بڵێ تۆ کوڕی کێیت؟ منیش ئەوکات نەم دەناسی بە توڕەییەوە وتم کوڕی کەس نیم! من کەسم نییە. باپیر ئاغا لێم نزیک بۆوە و دەستێکی بە سەرم داهێناو گوتی: چۆن کەست نییە؟ من کەسی تۆم! دواتر وتی ئەی دایک و باوکت؟ منیش وتم: هەردووکیان مردرون ئەویش کەمێک خۆی چەمبار نیشاندا و وتی: من لە جێگای هەموو کەستم

تۆش کوڕی منی یالاّ با بڕۆینە ماڵەوە، منیش زۆر بێ حاڵ و ژیان بووم بۆ فلسێک چی بوو شکم نەدەبرد هەر بە قەرز و قۆڵە دەژیام، منیش گوتم با بڕۆم گەنجم هیچم لە دونیا نەدەزانی وتم پاروم کەوتۆتە ڕونەوە من پێشتر ناو و ناوبانگی باپیر ئاغام بیستبوو، بەلاّم نەم بینی بوو نەم دەزانی هێندە بێ ویژدان و مرۆڤ کوژە کەوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستم دەکرد کەوا ئەو کارەی ئەو دەیکات کاری مرۆڤ نییە، خەڵکی لەسەر زەوی و ماڵ و حاڵی خۆی بە پیاوەکانی دارکاری دەکات یان دەکوژێت ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ ئەم پیاوەم کەسم نەکوشتوە بەلاّم لە خەڵکم داوە و سەر و گێلاکم شکاندوون هەر بۆ ئەوەی لێم ڕازی بێت بەلاّم دواتر پەشیمان بوتمەوەو زۆرم جنێو بەخۆم داوە و ڕقم لەخۆم بوویتەوە و من خەریکە دەچمە پێستی مرۆڤێکی دڕندەوە بەردەوام من لەگەڵ خۆم دەدوام و سەرکۆنەی خۆم دەکرد و دەم وت: چ کارێکت هەڵبژاردوە تۆ ڕۆستەم، هەرکارێکی تر بکەی زۆر لەوە شەرەف مەندانە و پیرۆز ترە بەراستی مرۆڤێکی دڵ ڕەق و دڕندەیە هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئاژەڵ زۆر جار ئەو کارانەی کە کردومە بە دزی باپیر ئاغا چومەتەوە لای ئەو کەسەی کە لێم داوە یان سەریم شکاندوە چووم و داوای لێبوردنم لێ کردوە

دەستم لە ملی کردوە و گریاوم و پێم وتوە: من ئەو کەسە نیم کە تۆ بینیوتە منیش دڵم هەیە دڵ! بەڵام چی بکەم ئەوە قەدەری خودایە کە منی توشی ئەو مرۆڤە دڕندەیە کردوە ان شاءالله ڕۆژێک دا دێت هەر بە قەدەری خوداش لای ئەو نەمێنم، بەڵێ زۆر جار چووم بۆ لای ئەوانەی لێم داون غەفور دڵم زۆر توندە خەریکە ئەگریم چونکە ئەم پیاوە ڕۆژ نییە سوکایەتیم پێ نەکات بۆ هەموو کارێک لێم بە هەنجەتە وا دەزانێ هەر خۆی ڕزق و ڕۆزی دەرە من لەمێژە لێی داخ دارم و داخی لە دڵی من دایە بەڵام چەندی سەر دێنم و دەبەم لە ئێستادا چارەیەکی ترم نییە ئەمڕۆ بەیانی هەر لە خۆڕای چی جنێوی سوک هەیە پێی داوم و دڵی شکاندوم من لە ناخدا برینذارم بەڵام برینی دڵ وا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ بەڵام با با ڕۆژێک دادێ من ئەم برینە چارەسەر دەکەم باوڕم پێ بکە غەفور من چەندین ساڵە لەم ماڵەم خیانەتم پێیان نەکردووە، شەو تا بەیانی ناخەوم هەر ئێشک گری بەردەرگای ماڵی ئەوم تا ڕۆژ دێتەوە لەبەر هەیوانی ئەو جگەرە دەکێشم و پیاسە دەکەم ئەوە ژیانی من.

غەفور گوێی بۆ قسەکانی ڕۆستەمە درێژ شل کردبوو و سەری خۆی شۆڕ کردبوو بەناو بازاڕەکەدا دەڕۆشتن

غەفور وتی: ڕۆستەم تۆ ئەم هەموو ساڵە کاری بۆ دەکەی و لای ئەوی پولیکی وات نییە بۆخۆت کارێکی تر بکەی و واز لەو بێنی؟

ڕۆستەمە دریژ: با هەمە غەفور زۆریشم هەیە بەڵام خۆ ناکریێ تازە واز بێنم ئەترسم شەوێک بە پیاوەکانی هەر دوای واز هێنانم بم کوژێتەوە چونکە بۆ هەر بیانوەک سەد بیانووی تر دەهێنێتەوە چونکە ئەمە کاری زاڵمانە ئەوەی لەگەڵیان بێت ئەبێ تا مردن لەگەڵی بێت ئەگینا واز هێنان لەوان ئەوا بە هەر بیانوەک بێت ژیانت ئەکەوێتە مەترسیەوە، تازە من توشی ئەو نامەردە بووم مەگەر هەر خودا بۆخۆی بە قەدەرێک لە ئەوم دور بخاتەوە.

غەفور وتی: یانی ئەتۆ بەڕاستی ئەوەندە لێی بێزاری؟

ڕۆستەم: بەڵێ ئەوەندەی لێ بێزارم تا خودا دەڵێ بەس بەڵام چارە چی یە! غەفور وتی چارە زۆرە ڕۆستەم: چۆن چارەیەک دە وەرە پێم بڵێ و لەم جەهەنەمە دەرم بهێنە دەمەوێ بڕۆم لە شار بڕۆم و ڕو لە دەشت و کێو بکەم و لە چیاکان لە ئەشکەوتەکان لەبن هەر تاشە بەردێک دەتوانم بژیم لەگەڵ کێوەکان لەگەڵ گورگ و ڕێوی و چەقەڵەکان تەنانەت لەگەڵ بەرازەکانیش بەڵێ دەتوانم بژیم بەڵام

توانای ژیانم لەگەڵ ئەم پیاوە نەماوە ڕۆژ بە ڕۆژ خۆم بە سوکتر دێتە بەر چاو....

غەفور دەستێکی لەسەر شانی ڕۆستەم دانا و وتی: چارەیەک هەیە شتێک لە گۆڕێیە بەڵام نازانم چۆن چۆنی پێت بڵێم هەر چەندە تۆ هاوڕێی منداڵیمی و وا هەست دەکەم متمانەم پێتە بەڵام ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ ئەم پیاوە خراپەی تۆش هەمان هەڵس و کەوتی ئەوت گرتوە بەڵام وەک خۆت دەڵێی پەشیمانی بۆیە خەریکە متمانەت پێ دەکەم دەمەوێ ئەوەی لە دڵمە پێتی بڵێم. ڕۆستەم: بڵێ کاکە هەرچی دەڵێی بڵێ لە هیچ مەترسە وەک ئەوەی قسەت بۆ خاک کردبێ دڵنیابە و متمانەت پێم هەبێت.

غەفور سەیرێکی چاوی ڕۆستەمی کرد و لە چاوانی ڕۆستەمدا بێ ئومێدیەکی زۆری پێوە دیار بوو غەفور چاوی هەر لەسەر عەرزی بوو دەی وت باشە دەبێ ئەم پیاوە بەڕاستی بێت ئەوەندە بێزار بێت وا دیارە وایە ئەگەر نا چۆن دەزانێ بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بۆ کوشتنی ئاغاکەی هاتومەتە لای هەرچی لە خەیاڵی نەبوو بێ ئەوەیە بۆیە گرێی دڵی خۆی بۆمن کردۆتەوە هەر لەبەر خۆیەوە غەفور دەی وت: ئێ خۆ ئێمەش کۆنە دراوسێ و کۆنە هاوڕێین، بەهەر حاڵ غەفور و ڕۆستەم بەرەو ناو شار چوونەوە و

غەفور وتی: کاک ڕۆستەم بۆ نایەی بۆ نانی نیوەڕۆ لای من بیت دوایە قسەیەک لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.

ڕۆستەم: زۆر مەمنون برا خودا بەزیادی بکات دەبێ من بچمەوە ماڵەوە ئەو کافرە بپرسێ هێشتا نەهاتومەتەوە نارەحەت دەبێ بۆخۆی لە بیانوە و جنێوان دەدات دەمی لەگەڵ جنێودان ڕاهاتوە وەک چۆن دەمی لە نان خواردن ڕاهاتوە، غەفور وتی کەوایە با دوای نانی نیوەڕۆ ئەگەر دەتوانی با یەکتر ببینین.

ڕۆستەم وتی: باشە هەوڵ دەدەم بەس لە کوێ؟ غەفور وتی با لەسەر پردەکە چاومان بەیەک بکەوێ، ڕۆستەم وتی زۆر باشە، خودا حافیزیان لە یەکتر کرد و لە یەکتر جیا بوونەوە، غەفور بەرەو چاخانەکە ڕۆشت و کە نزیک بۆوە بینی میرزا لەبەردەم چاخانکە وەستاوە و بێتاقەت دیارە، غەفور گەیتە لای میرزا و وتی: بەتەنها بێتاقەت بوویت، ها؟

میرزا وتی: زۆرت پێ چوو برام، غەفور: وایە سەری هەڵ بڕی و بزەیەکی کرد و وتی: زۆرم پێ چوو بەڵام خێری تێدایە برام غەفور دەستی لەسەر شانی میرزا داناو بەرەو ماڵەوە ڕۆشتنەوە کاتی نیوەڕۆیە ڕۆژ بە تاقی ئاسمانەوەیە ناو بازاڕ چۆڵە و هەموو دەرابەکان هاتبوونە خوارەوە بەقاڵ و گۆشت فرۆش و عەتارەکان چووبونە

ماڵەوە، تاک تاکە خەڵک لەناو شار دەبینرا هەردووکیان هەنگاوی خێرایان دەناو غەفور سەیری میرزای دەکرد و زەردەخەنە دەهاتە سەر لێوانی میرزاش سەیری غەفوری دەکرد و زەردەخەنەی تاڵی دەهاتە سەر لێوان، کاتێ گەیشتنەوە ماڵەوە لە دەرگایان داو بێری خان دەرگای لێ کردنەوەو بەخێر هاتنەوەی کردن و ئەوانیش هەردوکیان بەرەو حەوزەکە چوون و دەست و دەم و چاویان شوشت چوون بۆ دیوەخانەکە و دایە حەلیم لە سەری ئەوسەری دیوەخانەکە دانیشتبوو سفرەیەک ڕاخرابوو و ڕازاندرابۆوە دایەحەلیم بەخێر هاتنەوەی کردن و وتی: کوڕم غەفور خێر بۆ دوا کەوتن؟ غەفور: خێر دەبێت دایە گیان خێر. دایە حەلیم وتی: وەرنە پێش و نانەکەتان بخۆن من داوام لە بێری خان کردوە ئەم خواردنە دروست بکات، بێری شیوی قوڕاوی بە گۆشتی بەرخ دروست کردوە من خۆم بە تەقە تەقی قۆچان چووم گۆشتم کریوە لای ئەو قەسابەی سەری کۆڵان غەفور وتی: دەستان خۆشبێت دایە گیان بۆنی شیوی قوراوەکە بە ماستی مەڕ و نێرکە پیاز و شبیت و جاترە و بیبەری سوری کوتراو دروست کرابوو بۆنێکی ئەوەندە خۆشی لێ دەهات مرۆڤ بە بۆنەکەی مەست و حەیران دەبوو.

میرزا و غەفور هاتنە سەر سفرەکە و بێری خان کە لە خواری سفرەکە خەریکی تێکردنی خواردنەکە بوو، ئەوانەی لە ژورەکە بوون ناو دەمیان پڕ ببوو لە ئاو، چونکە دەیان ویست هەرچی زووە خواردنەکە بگاتە بەر دەستیان، هەموویان چاوەڕێ بوون بێری خانیش لەبەر خۆیەوە بە هێواشی دەی وت زۆر زۆر گەرمە ئاگاتان لێبێ دەمتان نەسوتێ با سارد بێتەوە ئینجا بیخۆن غەفور وتی: ئەوە چی دەڵێی خوشکی من وەختە دیق بکەم تا دەگاتە بەر دەمم، هەموویان دایانە قاقای پێکەنین.

میرزا گوتی: ناو دەمم هەموو بۆتە ئاو ئیشتهای خواردنم زۆر بووە، دایە حەلیم لەبەر خۆیەوە پێ دەکەنی، بێری خان شیوەکەی تێکرد و لەبەر دەمی دانان و فەرمووی لێ کردن دایە حەلیمیش: پەلە مەکەن دەست بکەن بە ساردکردنەوەی بە کەوچکەکە سەراو بنی بکەن با سارد بێتەوە غەفور خێرا خێرا کەوچکەکەی پڕ کردوو فووی لێ کردوو خواردی و وتی وییی زمانم سوتا هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد دایە حەلیم: کوڕم پەلە مەکە ئینجا هەموویان دەستیان کرد بە نان خواردن و بێ دەنگی باڵی کێشا بەسەر ژورەکەدا تەنها دەنگی کەوچک و فرکە فرکی غەفور دەبیسترا ئینجا تێریان خوارد و شوکرانە

بژێریان کرد و کشانەوە ئینجا میرزا وتی: یاخوا دەستت نەڕزێ خوشکە بێری بەراستی کابانێکی باشی، بێری خانیش سور هەڵگەڕاو بە شەرمێکی کچانەوە وتی: یاخوا نۆشی گیانت بێت کاکە میرزا غەفور: بەهـ بەهـ بەڕاستی خواردنێکی خۆش بوو یاخوا دەستت خۆشبێ خوشکێ.

بێری: نۆشی گیانت بێت

دایە حەلیمیش: ڕو سور بی کچەکەم خودا مرازت جێبەجێ بکات.

بێری: نۆشی گیانت بێ دایە گیان، ئینجا بێری خان سفرەکەی کۆ کردەوەو کەل و پەلەکانی بردە دەرەوە و چای بۆ هێنان و سەرو چای بۆ تێکردن و غەفور وتی: سەرو چای ترمان بۆ بێنە خوشکێ،

بێری: بە چاوان کاکە گیان هەر ئێستا، غەفور ڕوی لە دایکی و میرزا کرد و گوتی: نزیک ببنەوە و گوێ بگرن بزانن چ دەڵێم، ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ میرزا چووینە دەرەوە و چوینە چاخانەکە و پرسیاری باپیر ئاخام لە شاگردی چایخانەکە کرد وتم بزانم هاتوە، ئەویش وتی نەهاتوە و دواتر پرسیاری ڕۆستەمم لێ کرد وتم هاتوە وتی کەمێک پێش ئێستا لێرە بوو و ڕۆشتوە بۆ لای پردەکە منیش میرزام لە چایخانەکە بەجێ هێشت و چووم بەدوای

ڕۆستەمە درێژدا کە بینیم لەسەر پردەکە ڕاوەستابوو و سەیری ئاوی ژێر پردەکەی دەکرد جگەرەی دەکێشاو زۆر بێتاقەت دیار بوو غەفور دەستێکی لە شانی میرزا دا و گوتی: ئە لێرەوە تۆش گوێ بگرە میرزا کە چوومە پێشتر دوای سلاو کردن و تۆقە کردن وتم: بێتاقەت دیاری ڕۆستەم ئەوە چیتە؟ لە کەیەوە لێرەی؟ ئەویش وتی: وا ڕاوەستاوم ئیتر بێتاقەتیە دواتر وتی: واسەیری هاژەی ئەو ئاوە دەکەم تا کەمێک دڵم خۆش بێت، دواتر هەرچی لە ناخی دڵی دا هەبوو درکاندی زۆر لە باپیر ئاغا تورەیە.

دەیگوت ئەمرۆ لە هیچ و خۆڕای هەزار جنێوی سوکی پێ داوم و ڕەزیلی کردوم بێ ئەوەی یەک هەڵەم هەبێ، هەڵە بوونم کۆیلە بوونمە، ڕازیبونمە بە کارکردن لەگەڵ ئەو دیارە هۆکاری تورەبونەکەشەی لەسەر ئەوە بووە بەردەوام لەگەڵ ژنەکانی دەمە قاڵێ و پرتە و پۆڵەیانە و لەگەڵ یەک پێک نایەن لەسەر شتێکی بچکۆلانە و بێ بنەما دەست لە قژی یەک دە ئاڵێنن و جنێوی سوک پێک دەدەن خۆی ئەم پیاوە هەر دەرەقەتیان نایە بۆیە کۆڵی دڵی خۆی بە من یان ئەوی تر دا دەڕێژێ، ڕۆستەمە درێژ ئەوەندە بێزار بوو دەی وت: هەرچەندی دێنم و دەبەم نازانم چی لێ بکەم دەیتم نایچێتێ دەست لە قڕ قڕتۆکەی بنێم و هەناسەی

لـێ ببـڕم، مـن ئەوە چەنـدین سـاڵە لە مـاڵی ئەوم و نـان و نمەکی ئەوانم کردووە بەڵام هەر چەندە کە ڕەنج و خوێن و مانـدووبوونی خـۆمە کە دەیخـۆم، بەڵـێ ڕۆسـتەمە درێـژ بەردەوام بوو لە گلەیەکانی نیوەڕۆیە و نزیک بـووینەوە و هەردووکمـان بە پیاسـە بەرەو نـاو بـازار هـاتینەوە دوا جـار وتـی: چـارم نییـە دەنـا لەگەڵ ئەم نـا پیـاوەدا کـار نـاکەم و ناچمە پاسەوانی، بەڵێ منیش بە تەواوی باوڕم بە قسـەکانی ڕۆستەمە درێژ کرد و لە دڵی خۆمدا وتم: ئەو چـوزانێ بـۆ پرسیارکردن و هاوکاری کردنی هاوڕێکەم و کوشتنی بـاپیر ئاغا هـاتووم، بە دەرفەتێکی باشـم زانـی و وتـم: چـارە هەیە چـۆن چـارە نییـە! یەکسـەرهاتە بەر دەمـم و بە هەردوو دەسـتی یەخەی کراسـەکەمی گـرت وو سـەیری چاوەکـانی کـردم بینـی چاوەکـانم وەک بڵێـی پـاڕانەوەیەکی تێـدابێت بە دەم نـوزانەوەوە وتـی: دە پـێم بڵـێ غەفـور چـۆن چـارەیەک دەپێم بڵێ، تا گەیشتینەوە ناو بـازار ڕۆژ لە بەرزی ئاسـمان بوو کاتی نیوەڕۆ نزیک چایەخانەکان بوینەوە وتـم ڕۆسـتەم گەر دەتەوێ دوا نیوەڕۆ لەسـەر پردەکە دەت بینم، ئەویـش بەڵێنی دامێ ئەگەر بتوانێت بێت.

من وتم ئەوکات قسەیەکی لە بارەیەوە ئەکەین.

دواتـر لێـک دابـڕاین و خـوا حافیزیمـان لێککـرد، دواتـر غەفـور لە چایەخـانەکە میـرزای بینیـیەوە و میـرزا وتـی: درەنـگ هـاتیەوە هەر لەلای ئەو بوویـت؟ غەفـور بە زەردە خەنەوە تەماشـایەکی میرزای کرد و وتـی: بەڵـێ هەر لەلای ئەو بووم میرزا لە خۆشیان هەستایە سەر پێ و وتـی: دەی دەبـێ ڕازی بـووبێ هاوکاریمـان بکـات، بە شـەرەفم غەفـور بەس ئەم چـاکەیەم لەگەڵ بکـات، چـی بوێـت بـۆی دەکەم، ئەگەر داوای ڕوحـــم بکـــات دەیـــدەمێ، چـــونکە بە خـــوێن قەرزاری ئەو دەبم. غەفـور پیـاوێکی بە غیـرەت بـوو هەمـوو خەڵکـی شـار و نـاوچەکە دەیـان ناسـی، هـەموو دەیـانزانی پیـاوێکی بە دەسـت و بە غیـرەت بـووە، هەرگیـز غەدری لە هــیچ کەس نەداکــرد، ئەگەر بیزانیــوایە کەســێک غەدر لە کەسـێکی بـێ دەسـەڵات دەکـات، قبـوڵی نەدەکـرد و ئەوا کێشـەکەی دەکـردە کێشـەی خـۆی، بـۆیە هەمـوو خەڵکـی گەڕەک و دەور و بەری خۆشــیان دەویســت. غەفــور لەو بارەیەوە چەندین چیرۆکی دووروو درێژی هەبووە.

غەفـور وتـی دایە، مـن دوای نیـوەڕۆ لەسـەر پـردەکە چاوەڕێی ڕۆستەم دەکەم، میرزا وتی: زۆر باشە منیش دێم، زۆر باشـــە تـــۆش وەرە، میـــرزا دەڵـــێ بەس دەبـــێ دەمانچەیەکمان پێ بێت و لای من بێت من دوور بە دوور

چـــاوەدێری تـــۆ دەکەم ئەمە مـــرۆڤە لە گۆشـــت و خـــوێنە نەوەک بە هەڵەت بەرێ، دایە حەلـیم بە چـاوە ڕەشـەکانی تەماشایەکی میرزا دەکاو دەڵێ میرزا ڕاست دەکات غەفور دەمانچەکەی خۆت بێنە و بیدە میرزا، با لەبن پشتێنەکەی دانێ و کەس نەی بینێ، چونکە خۆت دەزانی کەسێ گەر پیاوی حوکمەت نەبێ ناتوانێ چەک هەڵ بگرێت، غەفور چوو دەمانچەکەی هێناو لەناو پەڕۆیەکی سور و شین ئالاند و دایە میرزا و گوتی: لەبن پشتێنەکەتی دابنێ.

غەفور و میرزا دوای ڕاوێژکردنیان لەگەڵ دایە حەلیم لە دەرگای حەوشە چوونە دەرەوە و بە پەیان بەرەو ناو بازاڕ وەک چەند ڕۆژە بەڕێ کەوتن لە ڕێگادا توشی هەر کەسێ بونایە سڵاویان لێ دەکردن نزیک چاخانەکە بوونەوە و لە چاخانەکە دانیشتن و شاگردەکە سەر و چای بۆ بردن لەگەڵ سەر و پەرداخێک ئاو وتی: کاک غەفور تازە پێش تۆ کاک ڕۆستەمە درێژ لێرەبوو، تۆ پێش نیوەڕۆ پرسیاری ئەوت کرد، غەفور دەستێکی بەسەری شاگردەکە دا هێنا و وتی: سوپاس سەر خڕ ئەی نەتزانی بۆ کوێ چوو؟ شاگردەکە وتی: با پێم وابێ بۆ لای پردەکە چوو غەفور بۆ ئەوەی شاگردەکە هەست بە هیچ نەکات لچێکی لێ بادا و گوتی خۆ هیچ ئیشێکم پێی نییە بەس هاوڕێی کۆنمە ویستم

هەواڵی بپرسم، شاگردەکە پێکەنی و ڕۆشت غەفور وتی: میرزا چایەکەت بخۆ با بڕۆین،

میرزا وتی: غەفور ئەگەر وەک دێوێنێ بەس تۆ بچیت ئەوا ئەو منداڵە لێمان دەکەوێتە گومان منداڵێکی زیرەکە عەقلی کەسێکی ٦٠ ساڵانی هەیە غەڤور گوتی: میرزا ڕاست دەکەی وایە، پاش چاخواردن کەمێک دانیشتن و پارەی چایەکانیان داو چوونە دەرەوە، غەفور گوتی: میرزا تۆ لەناو ئەو بازارە بۆخۆت پیاسە بکە لای ئێوارە لە پردەکە نزیک ببەوە ئەگەر ئیشارەتێکم دایەی وەرە لامان ئەگەر نا لە شوێنێک خۆت مات بکە، میرزا وتی: باشەغەفور وادەکەم، غەفور ڕۆیشت بۆ لای پردەکە و دیتی ئەوا ڕۆستەمە درێژ لەوێ ڕاوەستاوە غەفور هەنگاوەکانیتوندتر کرد و گەیشتە لای و چاک و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ کرد و لا ڕوومەتی ڕاستی ڕۆستەمە درێژی ماچ کردوو و ئەمە شتێکی ئاسای بوو چونکە وتمان غەفور و ڕۆستەم هاوڕێی کۆن بوون و لە گەڕەک پێکەوە دەژیان، ڕۆستەمیش غەفوری ماچ کرد و هەردووکیان زەردەخەنەیان دەکرد پاش کەمێک بێدەنگی هەردووکیان سەیری ئاوی ژێر پردەکەیان دەکرد و گوێیان لە خوڕە خوڕی ئاوەکە گرتبوو ئاوێکی سازگار و پاک بەژێر پردەکەیان تێ دەپەڕی کەمێک

له خوارو‌ی پرده‌که به چه‌ند هه‌نگاوێک که‌نده‌ڵانێک هه‌بوو ئـاوی ڕوبـاره‌که ده‌چـووه که‌نـده‌ڵانه‌که‌و که‌فێکـی سـپی و جوانی ده‌کرد هاژه‌ی ئاوه‌که له مۆسیقایه‌کی خۆش ده‌چوو له گوێی غه‌فور و ڕۆسته‌م ماسیه‌کان زۆر به ڕونـی دیـار بـوون ماسـی گه‌وره و بچـووک له‌نێـو ئـاوه‌که ده‌بینـران له‌ناویدا قرژاڵی زیندوو و ده‌یان زینده‌وه‌ری تر هـه‌بوون له هه‌ردوو لنــی ڕوباره‌که‌ئه‌ســپینداره‌کان چووبــوونه‌به‌رزای ئاسمان له هه‌ردوو لاوه سـه‌ریان ده‌گه‌یشـته‌وه یه‌ک له زۆر جێگادا ده‌بوونه سێبه‌رێکی خۆش له‌سه‌ر ڕوباره‌که دووسـێ به‌له‌می بچووک له‌م ناوه‌داسه‌وڵیان لێ ده‌دا و ڕاوه ماسـیان ده‌کـرد دونیـایه‌کی کـش و مـات باڵنـده ماسـی گره‌کـان له به‌رزای ڕوبـاره‌که ده‌سورانه‌وه جار جار به تیـژی ده‌هـاتنه ڕوباره‌که بۆ گرتنی ماسیه‌ک له‌سـه‌ر پرده‌که ته‌نهـا ده‌نگـی جریـوه‌ی باڵنـده و ده‌نگـی که‌ناریه‌کـانی نـاو ئه‌سـپینداره‌کان ده‌بیسـتران ئـای چ ئـاوازێکی خۆشـیان دروسـت کردبـوو هه‌رحه‌زت ده‌کـرد گـوێ بـۆ هــاژه‌ی ڕوبــاره‌که‌و جریــوه جریوی بول بوله‌کان بگریت ڕۆسته‌مه درێژ سه‌رێکی بۆلای غه‌فـور جوڵانـد و ڕوی تێکـرد و وتـی: بـا بێیـنه‌وه ســه‌ر باســه‌که‌ی پــێش نیوه‌ڕۆمــان ئه‌وه یه ئه‌و کــاره‌ی تــۆ وا

ئاسانە، غەفوریش کەمێک لێی ڕاما و بە چاوە زەردەکانی سەیری چاوی ڕۆستەمی کرد کە دەبێ متمانەی پێ بکات!

ئەوجا غەفور زەردە خەنەیەکی کرد و زۆر بە متمانە بە خۆبوونەوە گوتی: ئەگەر تۆ لەگەڵ من بیت و متمانە بەمن بکەی ئەوا کوشتنی باپیر ئاغا کارێکی ئاسانە ئەوکاتە تۆ ئازد دەبی و بە دڵی خۆت کارێک دەکەی کە هەر کارێک خۆت پێت خۆش بێت بڕۆ دەرەوە یان شارێکی تر دەتوانی سەرلە نوێ ژیانێکی تر دەست پێ بکەیت خۆ تۆ بەتەنهای دەتوانی لە هەر شوێنێک خۆت پێت خۆش بێت بژییی ئەوکاتە دڵە ڕاوکێ و سوکایەتی پێکردنت کۆتایی دێت ئەو بە بیستنی ئەم وشەیە کە دەڵێ بە کوشتنی باپیر ئاغا ڕزگارت دەبێ ڕۆستەم سور هەڵگەڕا و ڕەنگی تەواو تێک چوو عارەقە بە ناوچەوانی دەهاتە خوارێ و دەستی بە لێوە لەرز کرد ترسێکی ئەبەد دەستی پێکرد و ئەوجا ئەو بەڕاستی لێی دەترسا ئەم ترسە بۆ هەمووکات میرات بوو بە لێوی لەرزۆکەوە وتی: ئەوە بەڕاستە غەفور کوشتنی باپیر ئاغا؟

غەفور: بەڵێ بەراستمە بۆ باپیر ئاغا کێیە بۆ ئەو لە گۆشت و خوێن دروست نەبووە خۆ لەئاسن دروست نەبووە بە چەند فیشەکێک کۆتای پێ دێنم یان ئاسانتر بڵێم

چەند خەنجەرێک لەسەر دڵی دەچەقێنم و کۆتای بەم ڕوحە پیسـەی دەهێـنم و دەینێـرم بـۆ دۆزەخەکەی ئەو دیـوو، ڕۆستمە درێـژ ئەمجـارە جـگە لە دەسـت و جـگە لە لێـوی چۆکەکانیشی کەوتە لەرزین وتی تۆ ــ تۆ ــ تۆ ــ تۆ، ئەوە بەڕاستیتە بۆ ئەوەندە داخ لە دڵی چی بەرامبەر تۆ کردوە؟

غەفور: هەموو شت هۆکاری خۆی هەیە خۆ ناکریێ لە خۆڕا بۆ خوێنی ئەو تێنوو بم، ڕۆستەم ئێ باشە کوا ئەم مەسەلەیە چیە؟

غەفور: هەموو شت هۆکاری خۆی هەیە خۆ ناکریێ من لە خـۆڕای بەخـوێنی ئەو تێنـوو بـم، ڕۆسـتەم: ئـێ باشـە مەسەلەکە چیە؟

غەفـور وتـی: باشـە مـاوەیەک لەمەو بەر بـاپیر ئاغـا و پیاوەکـانی لە شـار دەر دەچـن بـۆ گونـدەکەی مـام ڕەشید، مام ڕەشید ناوێک هەبوو خەریکی جووت کردنی زەویەکانی بوو بە گا جووتەکانی لە زەویەکەی خۆی باپیر ئاغا و پیاوەکانی بۆسەی بۆ دا دەنێنەوە تا بیکوژن!

بـاپیر ئاغـا خـۆی سـێرەی تفەنـگەکەی لـێ ئەگرێـت و فیشەکێک ئەنێت بە سەر دڵیەوەو دەیکوژێت پاشان پیاوێکی دەنێرەتە سەر لاشەکەی تا بزانێ مردوە و پاشان پیاوەکە دەگەڕێتەوەبـۆ لای بـاپیر ئاغـا و پیاوەکـانی دەڵـێ: بەڵـێ

گەورەم مـردوە ئەتـوو خـۆش، بـاپیر ئاغـا و پیاوەکـانی بە ڕاکە ڕاک ئەو نــاوە جــێ دێڵــن لە کــاتی ســێرە گــرتن لە کوشـتنی مـام ڕەشـید بـاپیر ئاغـا کە گـولەکەی لـێ دەدات و دەی کوژێت دەڵێ: دە ئەوجا بۆخۆت هەر جووت بە گاکانت بکە لەسەر زەوی خەڵکی منیش ئاوا دەت کوژم.

ئەوەیە داخ لە دڵی من بەرامبەر باپیر ئاغا و پیاوەکانی...!

بە بیســتنی ئەم هەواڵە ڕۆســتەمە درێــژ هەمــوو گیــانی کەوتە لەرزین، لەرزینێک بە ئاشکرا پێوەی دیار بـوو سـور هەڵگەڕا و ئارەقە بە هەموو گیانی دێتە خوارێ تـا مـاوەیەک دەلەرزێ و هـیچ قسـەیەکی پـێ نـاکرێ وەک ئەوەی گیانـت کێشابێ تەزویەک لە بنی پێی دەداو لە تەوقـی سـەری دێتە دەرێ و چاوەکانی زەرد هەڵ دەگەڕێ و ڕەنگی مردوی لێ دەنیشێ غەفور بە بینینی ئەم ڕوخسـارە سـەری دەسـورمێ و تێدەگاو دەڵێ: ڕۆستەم تۆش لەگەڵیان بووی!

ڕۆسـتەم بە سـەر لە قاندن بە ئامـاژەی بەڵـێ وتـی بەڵـێ لەگەڵ بووم ئینجـا فرمێسـک بە چاوەکـانی ڕۆسـتەمدا هـاتنە خوارێ و ڕومەتەکانی بەتەواوەتـی تەڕ بـوون هەر خەریـک بـوو بە هەردوو دەسـت دەیسـڕیەوە، بەڵام بـێ هـودە بـوو گریانێکی وا دەگریا دەت گوت باوکیان کوشتوە.

غەفـــوریش بە قـــورگی گریـــان و بە دەنگێکـــی لەرزۆک ڕۆستەمی لەباوش کرد و گوتی: بگریێ برام بەدڵی خۆت بگریێ. ماوەیەکی پێ چوو تا ڕۆستەم هاتەوە سەرە خۆی و لەگەڵ غەفور لە پردەکە چوونە خوارێ بۆلای ڕوبارەکە و بەسـەر شـاخەکەدا شۆڕبوونەوە بۆ ڕۆخـی ڕوبارەکە لە بن ئەسپیندارەکان کە سێبەرێکی فێنک و خۆشـی دروست کردبوو دانیشتن هەردووکیان پێڵاوەکانیان داکەند و لاقیان خسـته نـاو ئـاوی ڕوبـارەکە دەمـوو چاویـان شوشـت و هەردووکیان بە تواوی هاتنەوە سەرە خۆ...

کاتێک گەیشـتە لای عەسـر تیشـکی ڕۆژ لە ڕوبـارەکەی ئەدا و دەبریسـکایەوە چـاوی مـرۆڤ لەبەری هەڵ نەدەهـات دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی هەبوو ئینجا ڕۆستەم بە تەواوی هـاتەوە سـەرخۆی و بە قسـە هـاتەوەو وتـی: باشـە مـام ڕەشـید چـی تـۆ بـوو؟ غەفـور: مـام ڕەشـید وەک مـامم وابوو لە مامیش زیاتر، ڕۆستەم چۆن وەک مامت وابوو؟ غەفور: ئەمە چیرۆکێکی دورو درێژە. ڕۆستەم وتـی: غەفـور دەڵێی لەگەڵمـان بووی چـۆن ئەم هەمـوو شـتە دەزانـی خـۆ تەیرێکیشـمان لەگەڵ نەبـوو کە بـاپیر ئاغـا مـام ڕەشـیدی کوشـت؟! غەفـور بـا هەبـوو، ڕۆسـتەم کـێ؟! غەفـور: خـودا هەبـوو! ڕۆســتەم: خــودا هەبــوو بەڵام خــودا شــتت بــۆ

نـاگێڕێتەوە ئینجـا غەفـور چیـرۆکەکەی بـۆ دەگێـڕێتەوە کە ئەوان چۆن بە ڕاکە ڕاک بەوێدا ڕۆشتون و مـام ڕەشـیدیان کوشـتوە پیاوێـک لە جـوتکردن بـووە؟ لە زەویەکەی خـۆی بەچاوی خۆی باپیر ئاغای دیتیە کە سێرەی تفەنگەکەی لە مـام ڕەشـید کـردوە، هەتـا گـوێی لە قسـەی هەمـووان بـووە ئەوەنـدە لێیـان نزیـک بـووە کە یەک دوو هەنگاوێـک لەوان دوور بـوو لە پشـت شـاخەکان خـۆی حشـاردابوو سـەری بەرز کردبـایەتەوە دەیـان بینی، لەترسـی گیـانی خـۆی لەبن ئەم شاخە ورتەی لە دەمی نەهـاتوە و تەنـانەت هەناسەشـی وەک پێویســت نەداوە، بــۆ ئەوەی نە بــادا بــاپیر ئاغــا و پیاوەکانی بیان دیتبا و بیان کوشتبا!

ڕۆســتەم: بــێ گومــان ئەگەر بــاپیر ئاغــا دیتبــای ئەوا ئەویشی دەکوشت بۆ شاردنەوەی تاوانەکەی خۆی. غەفور: بۆ دەی کوشـت؟! بۆ ئەوەی شـایەتی لەسـەر کوشـتنی مـام ڕەشید نەدا! ئەی بۆ ئێوە ناکوژێ!

ڕۆسـتەم: ئـێمە نـاکوژێ هەتـا کـاری پێمـان تەواو دەبـێ دواتـر متمـانەی پێمـانە، بەڵام هەموویـان بـۆ بژێـوی مـاڵ و منداڵیان بەدوای کەوتوون،

غەفور: کەواتە گـوێ بگـرە قسـەت بـۆ بـکەم.... ڕۆسـتەم فەرموو گوێم لێتە.... غەفور گوتی: کوڕی مام ڕەشید هاتۆتە

شـاری بـۆ کوشـتنی بـاپیر ئاغـا بـۆ ئەوەی تـۆڵەی بـاوکی بکـاتەوە ئەوە دووسـێ ڕۆژە چـاودێری دەکـات بـۆ ئەوەی هەلێکـی بـۆ ڕێـک بکەوێـت بەڵام تـا ئێسـتا لەبەر پیاوەکـانی نەیتوانیـوە ئەم کـارە بکـات چـونکە ئەو نـایەوێ زیـان بە کەسی تر بگەیەنێ و کەس بکوژێ جگە لە باپیر ئاغا، بۆیە ئـێمە پێویسـتمان بە هاوکـاری تـۆ هەیە، دەبـێ ڕێـگە چارەیەکمان بۆ بدۆزیتەوە. ڕۆستەم گوتی: ئەم کارە زۆر قورسـە بە هەوەنتە نـاکرێ! غەفور: ئەگەر تۆ هاوکار بیت زۆر بە ئاسـانی دەکرێ میـرزای کوڕی مـام ڕەشـید خـۆی دەیکوژێـت، ئـەگەر تـۆ ئاسـانکاری بکـەی، میـرزا نەکەوێـتە دەستی پاسەوانەکان یان حوکمەت تا لە شار دەر دەچێت.

ڕۆستەم: باشە کوڕەکەی مام ڕەشید ئێستا لە کوێیە؟

غەفـور: لەنێـو بـازاڕ بەجـێم هێشـت ڕۆسـتەم: بـا بچـین ئەویش ببینم...

هەردووکیـان بەسـەر شـاخەکە هەڵـگەڕانەوە و بـۆلای پـردەکە دەهـاتن، لەو کـاتەدا خـۆر بەرەو ئـاوابوون دەچـوو، ڕەنگی خۆر ئاوابوونەکە یەکجار جوان بوو، بەتەواوی سور هەڵگەڕابوو، لەگەڵ ڕەنگی ئاسمانی ساماڵ و شـین ئاوێتـەی یەکـدی ببـوون، دیمەنێکـی زۆر سـەرنج ڕاکێشـیان هەبـوو، چەنـد کەسـێک لەسـەر پـردەکە سـەیری دیمەنـی خـۆر ئـاوا

بوونەکەیان دەکرد، لەولا میرزا هەردوو ئانیشکی لەسەر پردەکە دانابوو سەیری دیمەنی خۆر ئاوابوونەکەی دەکرد جار بە جاریش بە تیلی چاو سەیری غەفور و ڕۆستەمی دەکرد کە بەسەر شاخەکەدا هەڵ دەگەڕان.

کاتێک لە دوور غەفور بە پەنجە هێمای بۆ ڕۆستەم کرد، کە ئەوە میرزایە کوڕی مام ڕەشیدە، نزیکتر بوونەوە و میرزا تێگەیشت کە باسی ئەو دەکەن بۆیە ئەویش بە پیلیانەوە چوو، ڕۆستەم زۆر بە گەرمی و تامەزرۆیەوە تەوقەی لەگەڵ میرزا کردو چاک و چۆنی لەگەڵ کرد، ڕۆستەم میرزای لە باوەش گرت و میرزاش بە هەمان شێوە ڕێز و حورمەتی ڕۆستەمی گرت و بە گەرمی وەڵامی دایەوە. میرزا و غەفور تەوقەیەکیان لەگەڵ یەک کردوو خۆر ئاوابوو تاک تاک ئەستێرەکان بەدیار کەوتن، بەڵام هێشتا ڕوناکی مابوو ئاوی ڕوبارەکە زیادیکرد و هاژە هاژای ئاوەکە و قیرە قیڕی بۆق و جریوە جریوی باڵندەکان ئاوازێکی خۆشی دروست کردبوو، هەرسێکیان بەرەو شار چوونەوە و نزیک بازار کەوتنەوەو دوکانەکان هەموویان بە تەواوی داخرابوون چایخانەکانیش خۆیان کۆ دەکردەوەو بەرەو ماڵەوە دەچوونەوە گڵۆپی سەر دەرگاکان هەڵکرابوو ڕوناکی سەرتاسەری شاری گرتبۆوە لەنێو بازار تەنها

پاسەوانی شار دەبینرا تاک و تەرا خەڵک دەبینرا، غەفور ڕوی لە ڕۆستەم کرد و گوتی: دەبێ بۆ نانی ئێوارە میوانی من بیت. ڕۆستەم: زۆر باشە هەر خۆم دامنا بوو گەر تۆش وا نەڵێی بێم لەگەڵت چونکە ئەمشەو ئێشکگر نیم کەسێکی ترم لەجێی خۆم داناوە و پرسم بە باپیر ئاغا کردووە.

غەفور: زۆر باشە هەرسێکیان لەناو کۆڵانەکانی بازاڕ بەرەو ماڵی غەفور ڕۆیشتن، کۆڵانەکانی شار پێچ و پەنای زۆری تێدابوو زۆر لە کۆڵانەکان ئەوەندە باریکبوون دوو پیاو بە تەنیشت یەکەوە دەر نەدەچوون لەبەر باریکی کۆڵانەکە، غەفور لە پێشەوە و میرزا و ڕۆستەمیش بە دوایەوە دەڕۆشتن تا گەیشتنە ماڵەوە، غەفور لە دەرگای داو وەک هەمیشە بێری خان دەنگی دان ئەوانیش وتیان: خۆمانین بێری خان.

بێری خان دەرگای کردەوەو بەخێرهاتنەوەی کردن و ئەوانیش وەڵامیان دایەوەو یەکسەر چون بۆ لای حەوزە ئاوەکەی ناوەڕاستی حەوشەکە و دەست و چاویان شوشت و چوون بۆ لای دایە حەلیم و سڵاویان لێ کرد کە لە بەر هەیوانەکە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو چەناگەی بەسەر گۆچانەکەی شۆڕ کردبۆوە ڕۆستەم چوو دەستی دایە حەلیمی ماچ کرد و ئەویش سەری ماچ کرد.

ڕۆستەم گوتی: دایە حەلیم دەڵێی من ناناسی!!؟

دایە حەلیم: ئۆهـ دەنا بەقوربانت بم وەڵا نەمناسیتەوە ماشاءالله بوویت بە چ پیاوێک، تەمەن درێژ بیت ئەوە چەند ساڵە دیار نیت سەرێک نادەیت، غەفور بە گاڵتە کردنەوە گوتی: دایە ڕۆستەم بووە بە پیاوی باپیر ئاغا!! دایە حەلیم لە سینگی خۆیدا و گوتی: ئۆهـ دەنا کوێربم ئەوە بەڕاستە! کوڕم غەفور گاڵتە دەکەی وانییە؟! ڕۆستەم نابێتە پیاوی ئەو سەگە، هەموو خەڵک نەفرەتیان لێ کردووە و ڕقیان لێیەتی. ڕۆستەم گوتی: دایە حەلیم منیش بەقەد ئەو خەڵکە نەفرەتی لێ دەکەم و ڕقم لێیەتی، بەڵام ئەوە چارەنوسە و نوسراوە هەر لەوکاتەی دایک و باوکم مردن کەس بە خۆی نەگرتم، من مێر منداڵێکبووم و ئەو داوای منی کرد و لە ماڵەوەیان بووم منیش ڕازی بووم چونکە بێکەسبووم ئێستاش توشی ئەم داوە جاڵ جاڵۆکەیە بووم، غەفور: خەمت نەبێ برام لەم داوە جاڵ جاڵۆکەیە ڕزگارت دەکەین. بێری خان لە دیوەخانەکە سفرەی ئامادە کردبوو خواردنی نیوەڕۆ کە مابۆوە لە گۆشتی بەرخ و شیوی قوڕاو گەرمکرابۆوە و بۆنێکی خۆشی لێ دەهات، بێریش خواردنی بۆ هەمووان تێکرد و بۆنی جاترەیناو شیوەکە ئەو ناوەی پڕ کردبوو، هەمووان لە دەوری سفرەکە کۆبوونەوە و

دەستیان بە خواردن کرد و بەبێ دەنگیخەریکی نان خواردن بوون، تێر و پڕیان خوارد و لە سفرەکە کشانەوە و شوکرانە بژێریان کرد و دەستخۆشیان لەبێری خان کرد، هەندی بلێی یەک و دوو بێری سفرەکەی کۆ کردەوە و شتەکانی کۆ کردەوە و سینییەکی پڕ لە چای هێنا، بۆنی چای پڕ لە هێل و دار چین و گوڵەباخ مێشکی مرۆڤیان پڕ دەکرد و سەر و چایان خواردەوە.

دوای نان و چا خواردنەوە، هەرسێکیان بە وردی قسەیان لەسەر چۆنیەتی کوشتنی ئاغا کرد، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بۆ شەو پلانیان دانا، ڕەزا بە رۆستەمی گوت: کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆماڵی ئاغا، لەگەڵ پاسەوانەکانی دیکە گفتوگۆ بکە لەسەر پاسەوانی ئەم شەو، کارێک بکە دوای نیوەی شەو خۆت پاسەوان بیت، من و غەفوریش لە نزیک ماڵی ئاغا خۆمان دەشارینەوە، کاتێک تۆ دەبی بە پاسەوان چەند جارێک وەرە نزیک دەرگای حەسارەکە و بگەڕێوە، ئەو کاتە تێدەگەین تۆ پاسەوانی، هاوکات تێدەگەین پاسەوانەکانی دیکە خەوتوون.

بەوشێوەیە من دێمە ناو حەسارەکە و تۆش ڕێنماییم بکە بۆ بەر پەنجەرەی ئەو ژوورەی ئاغا تیایدا خەوتووە،

غەفوریش لـە دەروەی حەسـار چاوەڕوان بێت، ڕۆسـتەم و غەفور پلانەکەیان پەسندکرد.

ڕۆسـتەم گەڕایـەوە بـۆ مـاڵی ئاغـا، ڕەزاو و غـەفوریش کەوتنـە خـۆ ئامـادەکردن، بـە گفتوگۆکردن لەسـەر چۆنیـەتی جێبـەجێکردنی پلانەکـەیان، دەمـە و ئێـوارە جـارێکی دیکـە چوونەوە نزیک ماڵی ئاغا، بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان دیاری بکەن و شارەزایی تەواویان لەسەر ماڵی ئاغا هەبێت.

غــەفور و ڕەزا وەکــو دوو بــرای جــەرگ ســوتا بــە پەرۆشــەوە چـاوەڕوانی هـاتنی شــەویان دەکـرد، ئەوەنـدە پەرۆشـی تۆڵەکردنـەوەبوون نـەیاتوانی وەکو پێویسـت نـان بخـۆن، کاتێـک شــەو بـاڵی ســەر شــاردا کێشــا، خۆیــان کۆکردەوە و بەرەو لای ماڵی ئاغا کەوتنەڕێ، کاتێک لە ماڵی ئاغـا نزیکبوونــەوە، هێشــتا شــەو بــە نیـوە نــەببوو، بۆیــە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیان کرد، لەو ماوەیە چەند جارێک دوور و نزیک خۆیان لە حەساری ماڵی ئاغا نزیک کردەوە، بـە گومانـەوە چـاوەڕوانی ئامـاژەی ڕۆسـتەم بـوون، زۆری نەخایاند چاوەڕوانی کۆتایی هات، ڕۆستەم چەند جارێک لـە دەرگـای حەسـار نزیـک بـووەوە، میـراز و غـەور تێگەیشـتن کاتی خۆیەتی، بۆیە ڕەزا لە دەرگای حەسـار نزیک بـووەوە، ڕۆستەم دەرگاکەی بە تـەواوی دانەخسـبوو، بۆیـە میرزا بە

ئاسانی لە دەرگای حەسارەکە چووە ناوەوە، غەفوریش لە دەروە بە دووری چەند هەنگاوێک لە دەرگای حەسارەکە خۆی شاردبووەوە.

ڕۆستەم بە ئارامی و بەبێ دەنگی ڕێنمایی ڕەزای بۆ بەر پەنجەرەی ئەو ژوورەکرد، کە ئاغای تیادا خەوتبوو، کاتێک ڕەزا بە تەواوی لە پەنجەری ژوورەکە نزیکبووەوە، دەمانچەکەی دەرهێنا و بە ئەسپای سێرەی لە سەری ئاغا گرتەوە. دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ، حەوت فیشەکی بە سەری ئاغاوە نا، لە کاتی تەقەکردن ئاغا تەنها چەند جارێک جولایەوە، ڕەزا تێگەیشت ئاغا کۆتایی هاتووە، لەو کاتەدا ڕۆستەم چاودێری ئەولا و ئەولای دەکرد، پێش ئەوەی پاسەوانەکان بە ئاگابێن و بێنە دەرەوە، دەنگ کچ و ژنەکانی ئاغا لە ژوورەکانەوە دەبیسترا.

دوای دڵنیابوونەوە لە مردنی ئاغا ڕەزا و ڕۆستەم بە پەلە چوونە دەرەوەی حەسارەکە، غەفور لەبەر دەرگا چاوەڕوان بوو، هەرسێکیان یەکیان گرتەوە و لە ماڵی ئاغا دوورکەوتنەوە، غەفور و ڕۆستەم باوەشیان بە میرزا داکرد و پیرۆزبایی تۆڵەکردنەوەی باوکیان لێ کرد، بە یەکەوە گەڕانەوە بۆ ماڵی غەفور، دایکی غەفور بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکردن، لەگەڵ یەکەم تەقەی دەرگا، دەرگای لێ

کردنەوە، کاتێک بینی سەلامەتن و بە دڵخۆشی گەڕاونەتەوە، سوپاسی خودای کرد، رووی کردە ڕەزا و گوتی: بە ڕوخسارتەوە دیارە پلانەکەتان سەرکەوتوو بووە، ڕەزا وەڵامی دایەوە، سوپاس بۆ خودا و غەفور و رۆستەم، توانیم دوای چەند ساڵێک تۆڵەی باوکم بکەمەوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی: خودا ناهەقی لە کەس قبوڵ ناکات، ئەوەی خەڵک بەبێ هۆکار بکوژێت رۆژێک هەر دەکوژرێتەوە.

## کۆتایی

کەس نازانێت خێر لە چی دایە، دوای ئەوەی ڕەزا و جاسم بەڕێکەوتن، مام کوێخوا و حەسن بە ئازارەوە چاوەڕوانی گەیشتنی بەیتاریان دەکرد، ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە بە بەردەوامی لە چاوەڕوانیدا مانەوە، تاریکی شەو بە تەواوی باڵی بەسەر ئاواییەکەدا کێشابوو، پێش ئەوەی دەنگی کەڵەشێری نیوەی شەوە بگات بە گوێ دانیشتوانی گوند، دەنگی سەگ لە چەند لایەکەوە بە روونی دەبیسترا.

وەکو ئەوەی لە چەند لایەکەوە پەلاماری گوندەکە درابێت و سەگەکانی گوند ڕووبەڕوویان ببنەوە، تا دەهات دەنگی سەگەکان لە ماڵی میرزا نزیک دەبوونەوە، زۆری نەخایاند تەقەی دەرگای ماڵی میرزا هات، بە پەلە دەرگاکەیان کردەوە، ڕەزا و جاسم بە هاوەڵی بەیتار سلاویان کرد، بە پەرۆشەوە لە هەواڵی مام کوێخوا و

حەسەنیان پرسی، فەرموویان لە بەیتارکرد و چوونە ژوورەوە، بەیتار بێ پشودان سەیری شکاوی مام کوێخوا و جەسنی کرد، مام کوێخوا دوای لە بەتیارکرد، سەرەتا چارەسەری حەسەنی بۆ بکات.

بەیتارەکە بە ئەسپایی قاچی حەسەنی بە ئاوی گەرم نەرم کردەوە، دواتر بۆی هێنایەوە جێی خۆی و بۆی هەڵبەستا، دواتر بە هەمان دەستور قاچی مام کوێخوای هەڵبەستا، ئەو شەوە بەیتار لەلای مام کوێخوا و حەسن لە دیوەخانەکە مایەوە، بەیانیەکەی مام کوێخوا و حەسەن کە خەبەریان بووەوە، زۆر دڵخۆشبوون لەبەرئەوەی ئازاریان زۆر کەم ببوەوە، بەیتارەکە بە هاوەڵی ڕەزا و جاسم گەڕایەوە، مام کوێخوا و حەسەن پەرۆشی بێ هەواڵیماڵەوە بوون، بۆیە داوایانکرد دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، میراز زۆر هەوڵیدا چەند ڕۆژێکی دیکە بمێننەوە، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتیان بکەن، تاکو بە تەواوی چاک دەبنەوە، بەڵام مام کوێخوا و حەسەن زۆر پێداگریان لەسەر گەڕانەوە بۆ ماڵەوە کرد.

بە ناچاری هەموو پێویستییەکانی گەڕانەوەیان بۆ ئامادەکردن و ڕەزا و جاسم یاوەری گەڕانەوەیان کردن، بەڵام پێش ئەوەی بەڕێ بکەون مام کوێخوا داوای لە

میـرزای براگـەوەرەی ماڵەکـە کـرد، دەبێـت شـتێک بکـەن خزمایـەتی نێوانیـان بـەهێز بکـەن، مـام کوێخـوا مەبەسـتی هێنانی خوشکی میرزا بۆ حەسەنی کوڕی بوو.

بێگومان میرزا پیاوێکی بە ئەزموون بوو، بۆیە زۆر بە خێرایی لە مەبەستی مام کوێخوا تێگەیشت، میرزا سەیریکی خوشەکە شۆخەکەی خۆیکرد و گوتی: کچ بۆ شوکردنەوە و کوڕ بۆ ژن هێنانە، ئەگەر خودا حەز بکات لەوە باشتر نابێت، بۆیە خۆت برا گەورەبە، دوای ئەوەی بەخێر چاک بوویەوە، حەسەنیش چاکبووەوە ئەو کاتە کوڕ کوڕی خۆتە و کچ کچی خۆتە.

دوای ئـەو قسـانەی میـرزا مـام کوێخـوا و حەسـەن بـە دڵێکی خۆشەوە بە یاوەری ڕەزا و جاسم کەوتنەڕێ....



## ڕێبوار فاروق إبراهیم ناسراو بە(ڕێبوار شێخانی)

- لە ١- ٧ - ١٩٧٩ لە گەڕەکی باداوە لە هەولێر لەدایکبووە.
- قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بووە.
- لە سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال بوو بە پێشمەرگە.
- لە ١٩٩٩ هاوسەرگیری کردووە و پێنج منداڵی هەیە، بە ناوەکانی (ئادەم، سۆزیار، دادوەر، ساوێن، لیا).
- ٢٠٠٤ لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر دەبێت بە کارمەندی ئاسایش.
- ٢٠١٥ لە خوێندنگەی ئامادەیی ماکۆکی ئێواران، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە.
- ٢٠١٧ بەشی کارگێری یاسای لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە تەواوکردووە.
- کادیرێکی دڵسۆزی (ی. ن. ک) بووە، لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە ئەندامی ناوەندی کۆیەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بووە.
- لەپاڵ خوێندنەوەی بەردەوام، سەرقاڵی نووسین بووە، پێش کۆچی ناوادەی ئەم ڕۆمانەی بەردەستی ئێوەی نووسیوە.
- دوا ویستگەی ژیانی، لە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ ی ٢٠٢٠ لە کاتی ئەرکی ئاسایی لە بنکەی ئاسایشی گۆپتەپە بە نەخۆشی دڵ، دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت، لە کۆیە لە گۆڕستانی کەکۆن بەخاک سپێردراوە.